# هزر و شێواز

## لە چیرۆکی کوردیدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# هزر و شێواز

# لە چیرۆکی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

**حەمەسەعید حەسەن**

وەرگری خەڵاتی ئاراس



ناوی کتێب: هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا – لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٧٨
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەری: نووسەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٦٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## قارەمان و ڕووداو
## لە
## چیرۆکی کوردیدا

ئیتماتۆف لە (سەگی بەڵەک)دا هێندە شارەزایانە باسی زەریا و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە زەریاوە هەیە دەکات، خوێنەر لە ڕێی ئەو چیرۆکەوە کۆمەڵێک زانیاریی پوخت، دەربارەی نهێنییەکانی زەریا فێر دەبێت. کە گۆرکی (دوژمنەکان)ی نووسی، بلیخانۆف ناچار بوو، بڵێت: (کۆمەڵناسە هەرە مەزنەکان، ئەوانەی لە زەریای زانستدا مەلە دەکەن، زۆر شت لە گۆرگییەوە فێر دەبن.)(١) ڕۆمانی (بیرەوەرییەکانی هەواری مردووان)ی دۆستۆیڤسکی، بوو بە هۆی قەدەغەکردنی ئەو ئەشکەنجەدانە سەختەی لە زیندانەکانی ئەو سەردەمەی ڕووسیادا باو بوو. ڕۆمانی (هێشووەکانی تووڕەیی)ی جۆن شتاینباک هەوێنی گۆڕینی چەند بڕگەیەک بوو لە یاسای ئەمریکایی. جاک لەندەن لە (پاژنە ئاسنینەکان)دا، لە ڕێی قارەمانی ڕۆمانەکەیەوە، ئایدۆلۆژیای کرێکاران دەخاتە ڕوو. محەمەد زەفزاف لە (هەوڵی ژیان)دا، ڕووناکی دەخاتە سەر ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی مەغریب لە سایەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا.



هێنانەوەی ئەو نموونانە، لەبەر ئەوەبوو، تەمی گومان لە دەوری مانگی ئەو ڕاستییە دوور بخەمەوە کە هونەر بە گشتی، دیارە ئەدەب بەشێکی هەرە گرنگی پێک دەهێنێت، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بۆیە پەیامی تایبەتی خۆی هەیە و کۆمەڵێک ئەرکی مەعریفی، ئایدۆلۆژیایی و پەروەردەیی ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە کە ناچارە جێبەجێیان بکات.

وەنەبێت ئەم بۆچوونە تازەکی سەری هەڵدابێت، بەڵکوو بناغەکەی بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کە پێی وابوو، ئەوی تراژیدیا دەنووسێت، دەیەوێت لە ڕێی ورووژاندنی بەزەیی و ترسەوە، هەوڵی پاکژکردنەوەی مرۆڤ بدات.

کەواتە لەسەر هەموو نووسەرێک پێویستە، لە هەموو بەرهەمێکیدا ئەرکی ئەدەب ڕەچاو بکات و ئەوەی لە یاد بێت کە بەرپرسە بەرانبەر ئەو قۆناغە دیرۆکییەی کۆمەڵگەی پێدا تێپەڕ دەبێت و لە هەموو کارێکیدا شتێکی وەها بڵێت، گوڕێک بە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بدات.

جۆرج ئەمادۆ لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی برسیەتی)دا دەڵێت: ئەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، ژن ناچار دەکەن، سێکس بفرۆشێت، ئاخر دیاردەی لەشفرۆشتن، زادەی چەوساندنەوەی چینایەتییە و ژن خاوێنە، ئەگەر پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی مرۆڤ دانەمەزرێن. شتاینباک لە (هێشووەکانی تووڕەیی)دا دەڵێت:

* کاتێک سەرمایە لە چەند دەستێکی کەمدا کۆ دەبێتەوە، لەناوچوونی شتێکی حەتمییە.
* کاتێک برسیەتی، زۆر بۆ زۆربەی خەڵک بهێنێت، ئەوی پێویستیانە بە هێز دابینی دەکەن.
* چەوساندنەوە، هەوێنی یەکگرتن و بەهێزبوونی چەوساوەکانە.

مارکیز لە چیرۆکی (بەسەرهاتی زەریاوانە نوقمبووەکە)دا دەڵێت: (مرۆڤ کە هەستی کرد لە مردن نزیک دەبێتەوە، پشکۆی ئارەزووی ژیان زێتر لە

دڵیدا دەگەشێتەوە.) حەننا مینە لە ڕۆمانی (پاشماوەکانی وێنەکان)دا دەڵێت: (ئەوانەی لە برسدا دەمرن، لەوە ناترسن، گوللە سنگیان بکاتە بێژنگ.)

*

با بزانین، چیرۆکنووسانی کورد چی دەبێژن؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، ئەم سێ سەرنجە دەخەمە ڕوو:

(١) بۆ زانینی ئەو بیرەی هەر چیرۆکێک دەخوازێت بە دەستەوەی بدات، دەبێت نە بەو سەرنج و بیروڕا ڕاستەوخۆیانە قایل بین کە نووسەر بە ئاشکرا دەستی خستووەتە نێو دەقەکەوە، نە بە قسە و بۆچوونی کەسانی ناو چیرۆکەکە، بەڵکوو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و چۆنیەتیی گەشەسەندن و کۆتایی پێ هاتنیان، ڕەوتار و ڕەوشتی قارەمانەکان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ واقیعدا، ناسنامەی فیکریی کارە ئەدەبییەکە ئاشکرا دەکەن،(٢) ئەمەش بەو مەبەستە نییە کە نووسەر مافی ئەوەی نەبێت، بیروڕای خۆی لەسەر ڕەوتی چیرۆکەکە دەرببڕێت، یان نەتوانێت تێڕوانینی خۆی لە ڕێی یەکێک لە قارەمانەکانییەوە، جا سەرەکی بێت یان نا، بخاتە ڕوو، بە مەرجێک ئەو کەسایەتییە بۆ گەیاندنی بیروڕای نووسەر لەباربێت.

(٢) پێوەندیی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، چێپێی چینایەتی و ئایدۆلۆژیای هەر تاکێک دیاری دەکات و لە کۆمەڵگەی فرەچیندا بە پێی دابەشبوونی کار، هەر کەسێک کارێکی بۆ دەستنیشان دەکرێت، بۆیە هەموو تاکێک سەر بە چینێکە و پێوەندیی وی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، ئەو چینەی بۆ دیاری کردووە. کەواتە چیرۆکنووس کاتێک قارەمانەکانی هەڵدەبژێرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو بێت، کە هەر یەکێک لەو قارەمانانە، وەک بیر و بۆچوون، ڕەوشت و خوو، هەڵسوکەوت و باری دەروونی، نوێنەری چینێکە.

(٣) هونەر بە گشتی تیغێکی دوودەمە و بە هەردوو لادا دەبڕێت، یان



بەشداری لە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵدا دەکات، یان دەبێتە کۆسپ لە بەردەم ئەو ڕەوتەدا. یان تۆوی بڕوا لە دڵدا دەچێنێت، یان ورە بە ئینسان بەر دەدات. گوللەتۆپێکە لە قەڵای چەوسێنەراندا یان لە سەنگەری چەوساوەکاندا دەتەقێتەوە، شۆلۆخۆف و هەمەنگوای چەند ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی دیواری ورەی مرۆڤدا هەبووە، جۆیس و (پرووست)یش هێندە ڕۆڵیان لە ڕووخاندنی ئەو دیوارەدا هەبووە.

*

چیرۆکنووسانی کورد چی دەڵێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ڕوو بە ڕووی قارەمانانی ئەو کورتەچیرۆکانە دەبمەوە کە بە نموونە دەیانهێنمەوە و ڕووناکیش دەخەمە سەر پێوەندیی ئەو قارەمانانە بە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانەوە.

قارەمانی چیرۆکی (توانەوە)ی ڕەئووف بێگەرد،(٣) ئافرەتێکی مامۆستایە، هەمیشە بیر و خەیاڵی لای شووکردنە، چونکە کورتەبنەیەکی ڕووخسار چرچ و لۆچاوییە، وا هەست دەکات شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە و گرێی هەست بە کەموکووڕی کردنی هەیە. ئەم ئافرەتە کە شەیدای کوڕێکی قۆز بووە، پێی خۆشە ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە بگەڕێتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی شوو بکات. (زۆر جار دایکم بۆی گێڕاومەتەوە، نە باوکم ئەمی دیبوو، نە ئەمیش ئەو، ئەوسا چ دنیایەکی خۆش بوو، بۆ لە باتی دایکم من نەبووم؟) ئەمە بیرکردنەوەی قارەمانەکەیە، ڕووداوەکەش ئەوەیە، کە ئەم کچە بەرەو قوتابخانە دەچێت، لە ڕێگە، کوڕە قۆزەکە دەبینێت و چەندان جار بەملا و بەولایدا ڕەت دەبێت، دوا جار کوڕە دەبینێت شان بە شانی کچێکی شۆخ ڕێ دەکات و خەریکی ڕاز و نیاز دەربڕینە لەگەڵیدا، ئیدی ئەمیش دڵگران دەبێت، قوتابخانە پشتگوێ دەخات و ڕێگەی ماڵەوە دەگرێتە بەر.

چیرۆکنووس دەیەوێت چی بڵێت؟ ئاخۆ گەرەکییە بڵێت: کچینە ئەگەر

کورێکی قۆزتان بە نسیب نەبوو، لە ماڵەوە دابنیشن و کارکردن فەرامۆش بکەن! یان دەخوازێت بڵێت: ژیان تەنیا گەڕانە بە دوای شووکردندا و هیچی تر. چیرۆکنووسی وریا دەزانێت، حاڵەتێکی وەها ناکرێت بە دیاردەیەکی گشتی، چونکە ئەم ئافرەتە مامۆستایە، نوێنەری ڕاستەقینەی مامۆستایانی ئافرەت نییە.

دەپرسم بۆچی نموونەی مامۆستای ئافرەت، وەک قارەمانی چیرۆکی (قوتابخانەی لادێ)ی چیرووکنووسی ڤێتنامی (کزوان ساش)(٤) نەبێت؟ کە ئەمیش هەر کچێکی مامۆستایە لە گوندێکدا و لەسەر دوو دارشەق خۆی بە پۆلدا دەکات. ئەم ئەگەر چی لاقێکی تا سەرووی ئەژنۆی نەماوە، لاقەکەشی لە کاتی بۆمببارانی فڕۆکەکانی دوژمندا، لە پێناوی ڕزگار کردنی قوتابییەکی خۆیدا بەخت کردووە، وەلێ دوای ئەو کارەساتەش، دوا توانای خۆی، بۆ فێرکردنی منداڵانی دێیەکە بەگەڕ خستووە.

چیرۆکنوسە ڤێتنامییەکە پێمان دەڵێت: مامۆستا تێکۆشەرێکە، خەمی میللەتێکی بە کۆڵەوەیە و یەکەمین سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی ئاوەدان کردووەتەوە، وەلێ ڕەئووف بێگەرد دەبێژێت: مامۆستای ئافرەت، بێجگە لە خەمی شووکردن، هیچ خەمێکی دیکەی نییە. جێی سەرنجە هەر لە هەمان ژمارەی گۆڤاری (بەیان)دا کە چیرۆکی (توانەوە)ی تێدا بلاو کراوەتەوە، لە یازدەمین ساڵیادی گۆڤارەکەدا، ڕەئووف بێگەرد دەڵێت: (لای من تاقە پێوانەیەک بۆ هەر چاپەمەنییەک، ئەندازەی جێگیربوونێتی لە ناخی جەماوەردا، ئەمەش بەوە دەکرێت کە تا چەند ئەو چاپەمەنییە، پێوەندیی بەو ئەدەبە ڕەسەنەوەیە هەیە کە تەواو تەعبیر لە خولیا و ئاواتی جەماوەر دەکات.)(٥) دەربارەی ئەم سەرنجەی نووسەر تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە چیرۆکی توانەوە، نەک تەواو، بەڵکوو بە هیچ جۆرێک دەربڕی خولیا و ئاواتی جەماوەر نییە.

قارەمانی چیرۆکی (پەتا)شی(٦) لە ترسدا گاڵی هێناوە، وا هەست دەکات



هەوێنی پێکەنینی خەڵکی شارە و خۆی بە نامۆ دەزانێت. جێی سەرنجە ئەوانەی پێی پێدەکەنن، لە هەموو ڕوویەکەوە، زێتر لەبارن بۆ ئەوەی بەر لەو گاڵیان هێنابێت. خاوەنی کۆگایەک، دۆکتۆرێک و خاوەنی ئۆتۆمۆبیلێک، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، ڕێی تێ دەچێت، زووتر تووشی پەتاکە ببن، وەک لە قارەمانی (پەتا) کە هیچی نییە تا لە کیسی بچێت. لەمەش نەگونجاوتر ئەوەیە، (بەردەست)ی دۆکتۆرەکەش تووشی هەمان پەتا بووە، ئەمەش ئەگەر غەفڵەت نەبێت، ئەوا چیرۆکنووس بە هۆشیارییەوە، جامی قینی خۆی بەسەر هەژاراندا قلپ کردووەتەوە و دەخوازێت پێمان بڵێت: ئەوانەی گاڵ دەهێنن و بە خاکی نیشتمان و میللەت نامۆ دەبن، تەنیا هەژاران و زەحمەتکێشانن، ئەگەر نا پیاوانی خانەدان و خاوەن پلە و پایەی بڵند، هەمیشە پێوەندییەکی پتەویان بە خاک و خەڵکەوە هەیە و هەر پەمو دەهێنن! ئەمەش پێچەوانەی ڕەوتی مێژووی هەموو میللەتێکە، ئاخر لە هەموو جێیەکی ئەم زەمینەدا، فیودال و بۆرژوا، لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیاندا، هەموو دەمێک ئامادەن، شەقێک لە شکۆی خاک و نەتەوە هەڵبدەن. بە پێچەوانەی ڕەئووف بێگەردەوە، چیرۆکنووسی ئەڵمانیایی، ڕیمارک دەبێژێت: (ئەگەر خاوەنی هیچ نەبیت، دەتوانیت هەڵوێستی ئازایانە بنوێنیت، وەلێ کە بوویتە خاوەنی موڵک، نواندنی هەڵوێستی ئازایانە، کارێکی گەلێک گرانە.)(٧)

*

قارەمانی چیرۆکی (بەرد و خوێن)ی ئەمین میرزا کەریم،(٨) ئافرەتێکە تینوو، هاوار دەکات: (فەرموو ، ئەوەتا حەزی لێ ئەکەم، ڕێبوارێکیش بە ڕووتی ببینێت، هەر خۆشە، خۆزگەم بەو سەگانە، لە هەر کوێ ویستیان، بە یەکەوە دەلکێن.) ئەم ژنە تەنیا لەبەر ئەوەی مێردەکەی لە ماڵ نییە، ئامادەیە لەسەر گازەرای پشت بۆ دراوسێکەیان پاڵ بکەوێت و دوا جار بە

مۆمێک ئاڵۆشەکەی دابمرکێنێتەوە. ئەمە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی قارەمانی چیرۆکەکەیە، لەولاشەوە دراوسێکەیان، لەبەر ئەوەی ژنەکەی لە سەروەختی خوێن لەبەر ڕۆیشتنی مانگانەدایە، هانا بۆ دەستپەڕ دەبات. کەواتە لای چیرۆکنووس، ژیان بریتییە لە دامرکاندنەوەی ئاڵۆش، بۆیە لە ڕێی چیرۆکەکەیەوە، دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت، بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆش، ئەگەر مێیت هانا بۆ مۆم ببە و ئەگەر نێریشیت دەستت بخە گەڕ!

چیرۆکنووس نەک هەر هیچ سنوورێکی لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا نەهێشتووەتەوە، بەڵکوو ئینسانی هێندە سووک کردووە کە ئاوات بە ژیانی سەگ بخوازێت. هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، ڕەنگدانەوەی بیر و تێڕوانینی نووسەرەکەیەتی، ئەگەر ئەمین میرزا کەریم لە چیرۆکدا ناڕاستەوخۆ بیری خۆی دەربڕیبێت، ئەوا لە نووسینێکیدا هەمان فیکری بەرجەستە کردووە کە ئەمە پوختەکەیەتی: (سەماکردن، دەستگوشین و ماچوموچ بۆ خزمەتی کێشەی نەتەوەکەم بەکار دەهێنم.)(٩) بە گەلێک شێوە خزمەت بە نەتەوە دەکرێت، بەڵام پێم وا نییە هیچ کام لەو شێوانەی چیرۆکنووس دەستنیشانی کردوون، فرمێسکەئاوێک بە ئاشی کێشەی نەتەوەییدا بکەن، ئەوی لە خزمەتکردنی نەتەوە بێت، شوێنپێی میکاڤیللی هەڵناگرێت، کرۆکی کێشەکان کە بە گۆڕکردنی جیاوازیی چینایەتییەوە بەندە، دیاری دەکات، ئاخر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا یەکسانی سەروەر بێت، ژن لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، ئازاد دەبێت و تەلاری هاوسەری لەسەر بناغەی ئەوین بڵند دەبێتەوە، ئەوسا نە کەس لە ڕوانگەی ئاژەڵەوە سەرنجی سێکس دەدات و نە هیچ ژنێکیش ناچار دەبێت، سێکس بفرۆشێت، وەلێ ئەگەر پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی چەوساندنەوە دامەزرابوون، ژن نەک هەر سەربەست نابێت، بەڵکوو وەک هەر کەرەسەیەکی دیکەی ناو ماڵ، سەیری دەکرێت. جەلیل ئەلقەیسی لە چیرۆکی (بەیانییەکی پرشنگدار)دا دەرکی بە پێوەندیی



نێوان بازرگانی سێکس و باری کۆمەڵایەتیی کردووە و لێزانانە ئاوڕی لێ داوەتەوە، وەلێ ئەو ژنەی ئەمین میرزا کەریم وێنەی کێشاوە و ئەو بارودۆخەی ئەو نیشانی داوە، نەک هەر لە ژن و واقیعی کوردەوارییەوە دوورن، بەڵکوو واقیعی وەها و ئافرەتی لەو جۆرە، مەگەر هەر لە خەیاڵی ویدا هەبن!

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی لە کۆمەڵەچیرۆکی (دەستەویەخە)دا چی دەڵێت؟ بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە کەسان و ڕووداوەکانی کۆمەڵەچیرۆکەکەی، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەستگیر دەبێت. لە چیرۆکی (گەوجێ لە شارەوە)دا، ژنی کوێخا بە شوێن شارییەکەدا دەنێرێت و داوای لێ دەکات شەو سەری لێ بداتەوە. لە چیرۆکی (کە ناپلیۆن ئەبێ بە پەند)دا، مامۆستایەک هەرچەندە لە سەر بناغەی خۆشەویستی خێزانی پێکەوە ناوە، کەچی لەگەڵ کچی دراوسێکەیاندا دەستی تێکەڵ کردووە و نیازی هەیە ژنەکەی کە کۆشێک منداڵی لێی هەیە، تەڵاق بدات. لە چیرۆکی (تەڵاقی سێ بە سێ)دا، ژنێکی خاوەن مێرد و منداڵ، لەناکاو ڕەدووی (هەتیو)ێک دەکەوێت. لە چیرۆکی (دووان، ئەم و ئەو)دا، ژنێک دۆستی هەیە و ناپاکی لە مێردەکەی دەکات. لە چیرۆکی (قۆرت)دا، ژنێک بە تەلەفۆن بە مێردەکەی دەڵێت: (ئەگەر تا نیو سەعاتی تر نەیەیتەوە، دەچمە دەرێ و هەر کەسێکم دی، ئەیهێنمە ژوورێ.) ژنە هەڕەشەکەی جێبەجێ دەکات و کچەکەشی لەولاترەوە دوگمەی سوخمەی بۆ کوڕێک ترازاندووە. لە چیرۆکی (نەریتێکی کۆن)دا، تازەبووکێک و ئافرەتێکی دیکە، بە دووقۆڵی خۆیان بە ماڵێکدا دەکەن و هەر یەکەیان دەخزێتە باخەڵی دۆستەکەیەوە. لە چیرۆکی (سێ شووڵکی تەڕ)دا، خێزانێک بە دایک، باوک و کوڕەوە، لە ڕێی قەدەغە و قاچاغەوە، سەرقاڵی دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیانن. لە چیرۆکی (دەستەویەخە)دا، مامۆستایەک هەرچەندە ژنی هەیە، کەچی لەگەڵ ژنی یەکەمی کوێخادا،

دەستی تێکەڵ کردووە، ژنی دووەمی کوێخاش لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ڕادەبوێرێت. لە چیرۆکی (ژنێکی نەناسیاو)دا، ئافرەتێکی شۆخ (ئابڕووی دەتکێت) و تەپلێ بۆ لێ دەدرێت! لەبەر ڕۆشنایی ڕەوتاری قارەمانەکانی چیرۆکنووسدا، ئەم ڕاستییانە دەدرەوشێنەوە:

(١) ژیان بریتییە لە تێربوونی جنسی.

(٢) ئافرەت بە گشتی کەمفام، لاواز و بەدڕەوشتن.

(٣) کپکردنی ئارەزووی سێکس، هەوێنی هەموو کردەوەیەکی چاک و داهێنانێکی نوێیە. چیرۆکی (لە ڕێگای ئاواتدا) بۆ سەلماندنی ئەم تێزە تەرخانە.

بە وردبوونەوە لەو سێ خاڵە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی، ئەگەر دەرکیشی پێ نەکردبێت، یان مەبەستیشی نەبووبێت، هەر شوێنپێی (فرۆید)ی هەڵگرتووە و بە شێوەیەکی کەمتر و نزمتر وەک لەوەی لە واقیعدا هەن، وێنەی قارەمانەکانی کێشاوە.

جێی دەمەتەقێ نییە، دەبێت نووسەر زانیاریی قووڵی لە زۆر بواردا هەبێت، ئەوی (زەویی بەپیت)ی (پێرڵ پاک)ی خوێندبێتەوە، هەستی کردووە، ئەو نووسەرە هێندەی زانایەکی لێهاتووی کۆمەڵناس، شارەزای باری کۆمەڵایەتیی وڵاتی چین بووە. مەگەر بە دەگمەن کەسێک هێندەی وی، لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی چین تێگەییشتبێت. پێرڵ پاک هێندە شارەزایانە باسی ئەو قۆناغەی ئەو کۆمەڵگەیەی کردووە، ئێستاش ئەگەر دیرۆکنووسێک مێژووی ئەو سەردەمەی چین بنووسێتەوە، سوود لە ڕۆمانی زەویی بەپیت وەردەگرێت. کەواتە چیرۆکنووس بێجگە لەوەی پێویستە لە بواری ئەدەبدا، ڕۆشنبیرییەکی ڕەخنەیی تەواوی هەبێت، دەبێت شارەزای فەلسەفە، ئابووری و مێژووش بێت. پێم وایە بە دەگمەن چیرۆکنووسی هێندە هۆشیارمان هەیە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمیی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا.



ئەحمەد سەیید عەلی لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا کە دەربارەی چیرۆکی (وردوخاشبوون)ی وی نووسراوە، دەبێژێت: (پەردەهەڵماڵین لەسەر عەیبە گەورەکانی خۆمان، ئازایەتییە.)(١٠) لە ڕوانگەی منەوە، باسکردن لە چۆنییەتی دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی ئینسان، هیچ لەگەڵ ئازایەتیدا کۆی ناکاتەوە. (کرمانی) ئازا بوو، کە بێباک لە مەرگ، ڕوو بە ڕوو بە تەیمووری لەنگی گوت: تۆ فلسێکی قەڵب ناهێنیت. نازم حیکمەت بوێر بوو کە ژیانی لاویەتیی خۆی کردە خۆراکی زیندان و سەری نەوی نەکرد. کاتێک ڕووهەڵماڵراوانە باسکردن لە پێوەندییە سێکسییەکان ئازایەتییە کە وەک کەرەسەیەک لە ڕاژەی بەرەوە پێشبردنی کۆمەڵگەدا وەگەڕ بخرێت و کاتێک کارێکی هونەرییە، ڕەوت و پەرەسەندنی کارە ئەدەبییەکە، باسکردن لە سێکس بخوازێت، نەک لەودیو ئەو باسکرنە بێ پەردەیەوە، هیچ مەبەستێکی باڵا خۆی حەشار نەدابێت. باسکردنی سێکس، نابێت هەرگیز بۆ ئەو مەبەستە بێت کە ژیان لە سێکسدا بچووک بکەینەوە، ئەگەر نا ئەوی دەینووسین لە باشترین حاڵەتیدا، سیناریۆیەکی لاوازی فیلمێکی پۆرنۆگرافیکی لێ بەرهەم دێت.

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی لە هەمان نووسیندا دەڵێت: (من کە ئەو کچەم کردووەتە پاڵەوانی چیرۆکەکەم، مانای ئەوە نییە کە لە هەمان کاتدا وەک سیفەتێکی گشتی بیدەمە پاڵ هەموو ئافرەتێک.)

چیرۆکنووس بە هۆی نیشاندانی هەر تاکەکەسێکەوە، ڕووناکی دەخاتە سەر ڕەوتار، بیرکردنەوە و باری دەروونی توێژێک یان چینێکی کۆمەڵایەتی و لە ڕێی بەسەرکردنەوەی چەند کەسێکیشەوە، وێنەی کۆمەڵگەیەک دەکێشێت. قارەمانەکانی بەرزنجی سەر بە هەر توێژ و چینێکی کۆمەڵ بن، هەر کەسانی نائاسایی و نەفسنزمن، لای وی قارەمانێکی نەک ئیجابی، تەنانەت کەسێکی ئاساییش، شتێکی دەگمەنە. من چاوەڕێی خوڵقاندنی قارەمانی لە چەشنی (دایک)ی ماکسیم گۆرکی، یان وەک کارەکتەرە

سەرەکییەکەی (ماڵی بووکەشووشە)ی ئیبسن لە بەرزنجی ناکەم، چونکە
ئەوە لە توانای وی بەدەرە، بەڵام داوای لێ دەکەم، با خۆی لەوە نەبان
نەکات کە نە کۆمەڵگەی کورەدواری لە کەسانی هەوەسباز پێک هاتووە و
نە ژیان بریتییە لە دامرکاندنەوەی ئالۆش. جێی سەرنجە کە بەرزنجی،
بخوازێت یان نا، لە هەمان ڕوانگەی نووسەری شۆڤێنیست (ئەمجەد
تۆفیق)ەوە، سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی داوە.

ئێستا ئەو هونەرەی لە وڵاتانی سەرمایەداریدا، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات
و دراوداراندایە، دوو ڕێبازی وەبەر گرتووە.

(١) هونەری ڕابواردن، کە سەرەکیترین جۆری، ئەو ڕۆمانە نوێیانەیە کە بۆ
باسکردنی سێکس بە شێوەیەکی بازاڕی، تەرخانن و دەتوانین ناوی
(گانەڕۆمان،) یان (چیرۆکەگان)یان لێ بنێین.

(٢) هونەری پوخت، ئەو جۆرە هونەرەیە کە ڕووی دەمی لە هەڵبژاردەی
کۆمەڵە و تەنیا بایەخ بە لایەنی هونەری دەدات.(١١) چیرۆکەکانی بەرزنجی
ئاو بە ئاشی ڕێبازی یەکەمدا دەکەن.

*

کارەکتەری وجوودی، وەک تاکەکەس شەیدای سەربەستییە لە هەڵبژاردنی
هەڵوێستدا، ئەمەش وای لێ دەکات تووشی دڵەڕاوکێ ببێت، خۆی بە نامۆ
بزانێت و دووچاری بێئومێدی و ڕەشبینی ببێت، تەنانەت وای لێ بێت،
ژیان بە شتێکی بێمانا بزانێت و خۆی دوورەپەرێز بگرێت. فەلسەفەی
وجوودی چونکە نوقمی ڕێبازی تاکڕەوییە، بڕوای بە پێوەندیی نێوان
ئینسان و کۆمەڵ نییە و هیچ بایەخێک بۆ لێپرسینەوەی کۆمەلایەتی
دانانێت، بۆیە یەکێکە لە ترسناکترین ڕێبازە فەلسەفییەکان.(١٢)

قارەمانی چیرۆکی (مردوو خەون نابینێ)ی عەبدوڵڵا سەڕاج(١٣) هەموو
خەسڵەتەکانی کەسێکی وجوودیی تێدایە، چونکە سەربەست نییە لە
دەربڕینی هەستی خۆشەویستیدا، بۆیە دووچاری دڵەڕاوکێیەکی وەها بووە،



هەر دەڵێیت هۆشی لە دەست داوە، ئاخر نە دەزانێت چی دەکات و نە
ئاگای لە قسەکانی خۆیەتی! هەست بە نامۆیی، تەنیایی و نائومێدی
دەکات و دەبێژێت: (خۆزگە کوێر دەبووم و ئەم ڕۆژەم نەدەدی. ئێستا هەموو
مێژوو بۆتە باخچەی قەدقەلا، منیش لەم باخچە فراوانەدا مایەپووچ بووم.)
ئەم کارەکتەرە بێورە و بێئومێدە کە دوا پەناگەی کوهوولە و لە خودی خۆی
بترازێت، هیچی دیکە نابینێت، لەناکاو گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو بەسەر
بیرکردنەوەیدا دێت، کە لە چیرۆکەکەدا بە هێمایەکیش ڕێگەی بۆ خۆش
نەکراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بێدەسەلاتییەکە لە چنینی ڕووداودا کە لە
سەڕاج چاوەڕێ نەدەکرا. (مرۆڤ دەشکێت بەڵام نابەزێت.) خوێنەر هەست
دەکات، ئەم گەشبینییە، ڕەنگدانەوەی بیر و ڕەوتاری ئەو قارەمانە ڕەشبینە
نییە و بەسەریدا سەپێندراوە.

لە چیرۆکی (ئۆقرە)شدا(١٤) قارەمانەکە بە پاساوی پاراستنی ئازادیی
خودی خۆی، وەک کەسێکی تاک و تەنیا ڕەوتار دەکات و تەنانەت دۆست
و ناسیاوەکانیشی ناناسێتەوە! وەک چۆن سارتەر لە (مێش)دا خێزانێک
پشتاوپشت تاوانبار دەکات، سەڕاجیش لە (ئۆقرە)دا دەڵێت: (جیهان
جەنگەڵێکە و خەڵکەکەشی یەکی جۆرە ئاژەڵێکن،) قارەمانەکەشی بێجگە
لە گوێدرێژ، قایلە بە هەر گیانلەبەرێکی دیکە ناو ببرێت!

قارەمانی چیرۆکی (مێژووی ژمارە سفر)یش،(١٥) بێ پێچوپەنا خۆیمان
وەک وجوودییەک پێ دەناسێنێت و دەقاودەق قسەکانی سارتەر دەڵێتەوە:
(ئایا مرۆڤ سەربەست نییە، لە دەربڕینی هەست و بیر و بۆچوونی خۆی؟
سەری گرفتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.) یان دەڵێت. (خۆم بەرپرسیارم،
مرۆڤیش سەربەستە لە هەڵبژاردن.) یان: (گرنگ ئەوەیە فرمان بەسەر
خۆماندا دابڕین.)

بەم سێ چیرۆکەدا، ئەوە ئاشکرا دەبێت، سەڕاج وەک وجوودییەک بیر

دەکاتەوە و دەخوازێت لە ڕێی چیرۆکەکانییەوە، بیروڕای وجوودییانەی خۆیمان پێ بگەیەنێت. ئەگەر هەندێک چیرۆکنووسی دیکە لە نائاگاییەوە، ناوبەناو فەلسەفەی وجوودی لە لە بەرهەمیان ڕەنگ بداتەوە، ئەوا سەڕاج لەو نووسەرانە نییە، بەڵکوو ئەو بە تەواوی هۆشیارییەوە، کەسێکە وجوودی و داکۆکی لەو ڕێبازە دەکات، ئەو ڕێبازەی لە ئەدەبی سەردەمی بۆگەنبوونی سەرمایەداریدا ڕەنگی داوەتەوە و دوور و نزیک نابێتە دەربڕی واقیعی ئێمە.

*

قارەمانی چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران)ی شێرزاد حەسەن،(١٦) تەمەنی چەندە؟ تەمەن گرنگ نییە! لە کوێ فەرمانبەرە؟ ئەوەش هەر بایەخی نییە! ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی چەندە؟ دەبێت بیر بکاتەوە و بیانژمێرێت! ئەم کارەکتەرە پەست، وەڕس و لەشداهێزراوە، دەترسێت وەک (حسێن مەردان)ی بەسەر بێت و نە شەوی شەوە و نە ڕۆژی ڕۆژ! هەمیشە لە کن وی هەر قیامەتە! بێزارە لەم دنیایەی پڕپەتی لە دز، لۆتی، جەردە، قۆڵبڕ و قومارچی، شریتی تەمەنی سەراپێ، سەرگوزشتەی نائومێدییەتی، ژوورەکەی وەک سێگۆشەی پەرمۆدا قووتی دەدات و هەموو خەڵک بە گێل، گەلحۆ و گەمژە دێنە بەر چاوی! ڕۆژەکانی ژیانی هەموویان لە یەکدی دەچن، تەواو بێزارە بەڵام ناتوانێت هیچ بکات!

لەم چیرۆکەدا و لە بەرهەمی نووسەرانی ئەدەبی ناماقووڵدا، هەست بە ڕەشبینی، بێزاری، بێئومێدی و ونبوون دەکرێت. ئەو نووسەرانە پێمان دەبێژن، تروسکەی هیوا بۆ دوا جار ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، بۆیە ژیان چاوەڕوانییەکی بێهوودەیە. ئینسان دەسەڵاتی بەسەر هیچدا ناشکێت و گۆڕینی ژیان لە لایەن ئینسانەوە، شتێکی مەحاڵە. ئەو نووسەرانە هێندەی پێیان بکرێت، تۆوی نائومێدی لە دڵی خەڵکدا دەچێنن، ئەمە لەبری ئەوەی هیچ نەبێت کەمێک ڕێگەی دەربازبوون لە بەردەمیدا تەخت بکەن.



بەشێک لەم نووسەرانە وا هەست دەکەن، بە دەربڕینی بێزاری، بەو شێوە نێگەتیڤە، دژی ڕژێمی سەرمایەداری ڕادەوەستن، وەلێ سەرمایەداران دڵنیان ئەو جۆرە ئەدەبە، ڕۆڵێکی باش لە بەنگکردنی چەوساوەکاندا دەگێڕێت، بۆیە هیچ درێغی لە برەوپێدانیدا ناکەن. گریمان ژیان، وەک شێرزاد حەسەن بۆی دەچێت، بەردەوام هەر شەوەزەنگە، وەلێ ئەدی ئەو وەک نووسەرێک چی دەڵێت؟ ناڵێم ئەدی ئەڵتەرناتیڤی ئەو چییە؟ وەلێ دەپرسم: ئایا ناتوانێت، مۆمێک لەو شەوەزەنگەدا دابگیرسێنێت؟ شێرزاد حەسەن چونکە واقیع لە دۆخێکی نەگۆڕدا دەبینێت، بۆیە هەر بە نەگۆڕیش وێنەی دەکێشێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو تەنیا خەمی خۆی بە کۆڵەوەیە و ئەوی مەبەستی نەبێت، گۆڕینی واقیعە تاریکەکەیە. چیرۆکنووس بۆ ئازادیی خۆی دەگری و دەرکی بەوە نەکردووە، ئینسان وەک تاکەکەس ئازاد نابێت و سەربەستیی تاک، بە ئازادیی کۆمەڵەوە بەندە.

*

(خاتوون)ی قارەمانی یەکەم چیرۆکی، کۆمەڵەچیرۆکی (پەرستگا)ی عەبدوڵڵا عەزیز خالید، ژنێکی بێ قۆڵە، قارەمانی دووەم چیرۆکیشی چایچییەکی کۆڵە! قارەمانی پێنجەم چیرۆکی، لاوێکە بە دیار هاوڕێ کوژراوەکەیەوە، دەکرووزێتەوە، قارەمانی شەشەم چیرۆکی، کیژێکە نوقمی زەریای خەم و پەژارەیە. قارەمانی یەکەم چیرۆکی، کۆمەڵەچیرۆکی (بابانۆێیل تۆراوە؟) لە سەرەتای شێتبووندایە، قارەمانی دووەم چیرۆکی شێتێکی تەواوە، قارەمانی سێیەم چیرۆکی بە زۆر کراوە بە شێت و قارەمانی چوارەم چیرۆکیشی خۆی دەخنکێنێت!

نووسەر کە وێنەی ئەو کارەکتەرانەی کێشاوە، نەک هەر نەیتوانیوە، بە ناخیاندا شۆڕ ببێتەوە، بەڵکوو هەرچەندە تەنیا دیوی دەرەوەی نیشان داون، کەچی هەر کەوتووەتە نێو کۆمەڵێک هەڵەی کوشندەوە. لە چیرۆکی (خاتوون)دا، قارەمانەکە بە یەک دەستەوە بە نانپێوەدەری خۆی بەخێو

دەکـات، کـە نان بە تەنوورەوە دان، بە یەک دەست کـارێکی مـەحاڵـە. لە چیـرۆکی (بابانۆئێل تۆراوەدا؟) کـوڕێکی چوار سـاڵانە بۆ بووکـەشـووشـە دەگری! لە چیرۆکی (حەمەکۆڵ)دا ڕووداو نییە، لە چیرۆکی (تابلۆی دیمەنی خەمبارێکی ئازاردراو)دا، ڕووداو لێدانی جرتێکە! لە (خاتوون) و زۆربەی چیـرۆکـەکـانی دیکەیدا ڕووداوەکـانی بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگـەڕێنەوە و هیچ پێوەندییان بە واقیعی ئێستاوە نییە.

عـەبدوڵڵا عـەزیز خـالیـد لە ڕێی ئەو قـارەمـانە کـەمـئـەندام، شـێت و خـەمـبـارانەوە، چی دەڵێت؟ لە چیـرۆکی (کـاتێ تـاوانبـار خـۆی لە وەفـادارێتیدا ئەدۆزێتەوە)دا، دەڵێت: (بێ مۆڵەتی لێخوڕین، ئۆتۆمۆبیل لێ مەخوڕن!) لە (تابلۆی دیمەنی خەمبارێکی ئازاردراو)دا دەبێژێت: (بە نیازی ئاوخواردنەوە، ڕوو لە مزگەوتی گەورە مەکەن، چونکە مەرکانەکەی وشکوبرنگە!) لە چیرۆکی (تاوان لەژێر داری زڕدا) پێی وایە، کۆمەڵگە لە ڕێی ئامۆژگارییەوە، لە بەدڕەوشتی خاوێن دەکرێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەدا، بەو ئەنجامە دەگەین کە عەبدوڵڵا عەزیز خالید:

(١) لە ڕوانگەیەکی تەسک و تاریکەوە سـەرنجی جیـهـان دەدات و تەنیـا کاری خراپ، مرۆڤی پەست، نەخۆش و ناتەواو دەبینێت.

(٢) دەرکی بەوە نەکردووە کە چیرۆک بێ ڕووداو دروست نابێت.

وێڕای ئەمانە بێدەسەڵاتی نووسەر لە بواری زمـانـدا، دەلاقـەیەکی گـەورەی خسـتووەتە چیرۆکـەکانییـەوە. ئەوی نیـازی نووسـینی هەبێت، پێـویسـتـە پیشـەکی فێری زمـان ببێت، چونکە کەرەسەی دەربڕینی نووسەر، زمانە. ئەگەر کەسێک نەیزانی چۆن مامـەڵە لەگەڵ وشەدا دەکرێت، باشتر وایە، خـۆی لە قـەرەی نووسین نەدات. ئەرسـتـۆ دەڵێت: (ئەوی خـوازە لە جـێی خـۆیدا بەکـار نەهێنێت، لە کـاتێکدا وا هەست دەکـات، وێنەیەکی ‹خەمناک›ی کێشاوە، وێنەکەی دەبێتە مایەی پێکەنین.)(١٧) ئەو وێنە شێواوانە کە زادەی بێدەسەڵاتییە لە بواری بەگەڕخستنی زماندا، پەتایەکە



هەمـوو چیـرۆکـەکانی عـەبدوڵڵا عـەزیز خـالیـدی گرتووەتەوە. لە چیـرۆکی (ناپاک)دا، کاتێک نووسەر کارەساتێک دەگێڕێتەوە، بێتوانایی‌یەکەی لە بواری مـامـەڵـەکـردنی لەگـەڵ وشـەدا، کـارێکی کـردووە، خـوێنەر نەک هەر خـەمناک نابێت، بەڵکوو دەداتە قـاقـای پێکەنین: (لەم سـاتەدا، هێنانی ڕیزێ پەرداخ ئاو، کلکی باسەکەی قرتاند!)(١٨) وەک باسەکە مـارمێلکە بێت! پێـویسـتـە ئەوەش بڵـێم کـە چیـرۆکی (تاوان لەژێر داری زڕدا،) لە سـێـبـەری چیـرۆکی (خـازێ)ی (بلە)دا نووسـراوەتەوە و(١٩) چیـرۆکی (کـۆچ)یش(٢٠) جـێـپـەنجـەی چیـرۆکی (خـاکـە ونبـووەکـە)ی (جـۆرج فریتاک)ی(٢١) زەق زەق پێوە دیارە.

*

قارەمانی چیرۆکی (هونەرمەند)ی د. کاوس قەفتان،(٢٢) هونەرمەندێکە گەمژە و دوا کەسە هەست بە گۆڕانکارییەکان بکات، کە ماشێنەکەی پەکی دەکـەوێت، تا مـاوەیەکی زۆر کـەس ئاوڕی لێ ناداتەوە، دوا جـار یەکـەمین کەسێک کە بە هانایەوە دێت، قۆڵی لە بندا دەبڕێت. د. کاوس قەفتان لەم چیرۆکەی دەڵێت: ئەگەر لە ڕێگەوباندا لێتان قەوما، داوای یارمەتی لە کەس مەکەن!

بابەتی ئەم چیرۆکە، ئاوابوونی خۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدان و جێگیربوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی سەرمایەداری، بابەتێکی بەپێزە ئەگەر نووسەری بەتوانا مامەڵەی لەتەکدا بکات. هەر قۆناغە دابونەریتی تایبەتی خۆی هەیە، وەک چۆن لە قـۆناغی فـیـودالیـدا، کـولتـووری فـیـودال زاڵـە، هەرواش لە قـۆناغی سەرمایەداریدا، کولتووری بۆرژوا سەروەرە. بابەتی چیرۆکەکە، بابەتێکی گەلێک گرنگە و بەو شێوە ساکارەی د. کاوس قەفتان مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەسەر ناکرێتەوە و هەوێنی زۆر ڕۆمانی لە چەشنی (ڕێگەکانی برسییەتی) جۆرج ئەمادۆیە.

کەواتە لاوازیی چیرۆکەکە، بۆ بێپێزیی بابەتەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکوو زادەی تێڕوانینێکی سادەیە بۆ بابەتەکە. دەگونجێت بەسەرهاتی قارەمانی چیرۆکەکە، لە واقیعدا ڕووی دابێت، وەلێ چیرۆکنووس، پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت، کە ئەو ڕۆژنامەنووس نییە، هەواڵ بگەیەنێت، بەڵکوو نووسەرێکە نەخشەی جیهانێکی باڵاتر لە جیهانی واقیع دەکێشێت، جیهانێک نە پاشکۆی واقیعە و نە ڕاستگۆیی هونەریشی تێدا فەرامۆش دەکرێت. خۆ ئەگەر دەقاودەق ڕووداوێکمان گێڕایەوە، یان بەوپەڕی دەستپاکییەوە، بەسەرهاتی کەسێکمان نووسییەوە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا، دیرۆکنووسین، نەک چیرۆکنووس. نووسەری وریا، بەرهەمی نوێ بڵاو ناکاتەوە، تا لەوە دڵنیا نەبێت، بەرهەمە تازەکەی لەوانی پێشووتری بەپێزترە، ئەگەر د. کاوس قەفتان ئەو ڕێسایەی ڕەچاو کردبا، چیرۆکی (هونەرمەند)ی بڵاو نەدەکردەوە.

*

کاکەمەم بۆتانی نەک هەر ئاوڕ لە کێشە گرنگەکانی سەردەمەکەی دەداتەوە، بەڵکوو بیروڕای خۆیشی دەردەبڕێت و خەو بە جیهانێکی نوێوە دەبینێت. لە چیرۆکی (بازنە)دا،(٢٣) لە ڕێی دوو هاوڕێوە، ڕووناکی دەخاتە سەر کێشەیەکی گرنگی ئەم سەردەمە. ئەو دوو کەسە کە دوو قارەمانە سەرەکییەکەی چیرۆکەکەن، ئەوەندە شارەزایانە هەڵسوکەوت و چۆنییەتی بیرکردنەوەیان نیشان دەدرێت، خوێنەر هەردووکیان دەناسێتەوە و دەزانێت سەر بە کام فیکر و ڕێبازن. یەکەمیان چاوی لە جیهانی جوانتر بڕیوە و دووەمیان لە بازنەیەکدا گیری خواردووە، چۆنییەتی کۆتایی پێهێنانی ڕووداوەکەش تەواو لە ڕاژەی مەبەستی نووسەردایە، کە دەیەوێت، بڵێت: (ئەوی بڕوای بە خەباتی چینایەتیی هەبێت، ناچارە بڕوا بە شەڕی چینایەتیش بهێنێت.) نووسەر ئەوەش لە گوماندا ناهێڵێتەوە کە چەوسێنەران لە پێناوی سەرکوتکردنی چەوساوەکاندا، هەموو ڕێیەکی



دڕندانە دەگرنە بەر، بۆیە چەوساوەکان بە وروژاندنی سۆز و بەزەیی ڕزگاریان نابێت. ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵانی حەفتای چیلی، ڕاستیی ئەم بۆچوونەی نووسەر دەسەلمێنن، ئالیێندی چەند سوور بوو لەسەر ئەوەی، ڕێگەیەکی هێمن بگرێتە بەر و خۆی لە شەڕی براکوژی لا بدات، بەڵام ئەنجام بە دژوارترین شێوە تووشی هات.
بەسەرهاتی (نیشتمان)ی قارەمانی چیرۆکی (بەردیش بەرگەی ئەم ئازارە ناگرێ،)(٢٤) تەرخانە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەوەی کە ڕێی (زەنوێر) بە چەپدا دەڕوات. کاکەمەم بۆتانی لەم چیرۆکەشیدا هۆشیارانە پێوەندیی نێوان خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتیی بەر ڕێژنەی ڕووناکی داوە. کاتێک (نیشتمان) خۆی لە پەژارەدا دەبینێتەوە، حەقیقەتی کوێخا و کوڕە هەژارەکەی بۆ بەدەر دەکەوێت، تێدەگات کە لە تەنگانەدا، کوێخا و ئەو چینەی نوێنەریانە، پشتی تێ دەکەن، بەڵام کوڕەی هەژار باجی خۆشەویستییەکەی بۆ نیشتمان، هەر چییەک بێت، دەیدات.
ڕەوتاری قارەمانەکان، چۆنییەتی گەشەسەندن و کۆتایی هاتنی ڕووداوەکە، ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی، لە ئەنجامی گەشەسەندنی سەرمایەدارییەوە سەری هەڵداوە، بۆیە ئەو بزووتنەوەیە لە کرۆکدا دژی ڕژێمی سەرمایەداری لە خەباتدایە و ئەمەش کاکڵەی ئەو پێوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییە. لەبەر ئەوەشی لە هەموو وڵاتێکی ژێردەستەدا، ئیمپریالیزم کە دوا قۆناغی سەرمایەدارییە، بنکەی خۆی هەیە، کە بریتییە لە بۆرژوای بازرگانی و فیودال، ئەم دوو چینەش هەرگیز سوور نین لەسەر خەبات، لە دژی ئاغاکانی دەرەوەیان، بۆیە ناتوانن و نایانەوێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمریالیزم لە وڵاتەکەیاندا بهێنن، کەواتە بڕینی ئەو ڕێگەیە، کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئیمریالیزم، کەوتووەتە ئەستۆی چەوساوەکان و ئەزموونی ڤێتنامییەکان، ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت.

کاکەمەم بۆتانی لێزانانە، قارەمان و ڕووداو، لە شێوەی ڕەمزدا، پێشکەش دەکات، وەلێ ئەم دیاردەیە کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەودا هەستی پێ دەکرێت، کارێکی وای نەکردووە، خوێنەر لە مەبەستی تێنەگات. ئەرستۆ دەڵێت: (سیفەتی سەرەکیی نووسین ئەوەیە ڕوون و ئاشکرا بێت، بە مەرجێک ساکار نەبێت.)(٢٥) (یەفتەشینکۆ)ش دەبێژێت: (هەوڵ دەدەم شیعرەکانم وا بنووسم، خوێنەرێکی ئاسایی لێیان تێبگات و ڕۆشنبیرێکی گەورەش بە ساکاریان نەزانێت.) ڕەمزەکانی کاکەمەم بۆتانی، ئەگەر چی ساکار نین، وەلێ هێندە تەمومژاویش نین، خوێنەر لێیان حاڵی نەبێت.

*

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەروەر بێت، هەموو شتێک لە خزمەتی بەرهەمهێناندایە و بە مەبەستی زیادکردنی قازانج، تەنانەت ئینسان و هەموو بەها ئینسانییەکانیش وەک شتومەک هەڵسوکەوتیان لەتەکدا دەکرێت، بۆیە ئینسان لە ئەنجامی ئەو کارە ساکارەی دژی خواست و ئارەزووی خۆی پێی دەسپێردرێت و تەنیا لەبەر دابینکردنی بژێوی، دەیکات، دەبێتە پارچەیەکی بچووک لە ئامێرێکی مەزندا، ئەمەش هەوێنی سەرەکیی هەست بە نامۆیی کردنە. بیرۆکراتیزمیش کە زادەی سەرمایەدارییە، ( تاک لە کۆمەڵ دادەبڕێت، ئاخر بیرۆکرات پێوەندیی مرۆڤانەی لەگەڵ کەسدا نییە، تەنیا کۆمەڵێک فایلی لەبەر دەستدایە، بۆیە لە کن وی، مرۆڤ دەبێتە فایلێک و بە ژمارەی فایلکەیدا دەناسرێتەوە.)(٢٦)
لە چیرۆکی (شیزۆفرینیا)ی ڕەئووف حەسەندا،(٢٧) سەرۆکی بەشێکی کارگەیەک کە باوکی سەرەکتیرە بووە، خۆیشی هەر وەک سەرەکخێڵ ڕەوتار دەکات، سووک سەرنجی کرێکاران دەدات و لە خۆڕا کرێکارێک نانبڕاو دەکات. فەرمانبەرێک کە بەرپرسی فایلەکانە و هێندە بە نێو فایلەکاندا دێت و دەچێت، خۆی وەک سیسرکێکی زل دێتە بەر چاو، ڕۆژێک کە سەرنجی فایلی سەرۆکی بەشەکە دەدات، دەبینێت بە گوێرەی ڕاپۆرتی دۆکتۆر، تووشی شیزۆفرینیا هاتووە، کە ئەمە لە خزمەتی گەشەسەندنی چیرۆکەکەدا نییە، چونکە سەرۆکی بەش کە دژایەتیی کرێکاران دەکات، لە سۆنگەی ئەوەوە نییە کە ناساغە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە، کە داکۆکی لە بەرژەوەندیی چینایەتیی خاوەنکارگە دەکات.
کرێکاری نانبڕاو، بە نامەیەک هەڕەشە لە سەرۆکی بەش دەکات، گوایە ئەگەر نەخرێتەوە سەر کارەکەی، مندالآنی گەڕەک هان دەدات، بە هووهاکێشان دوای بکەون! ئەگەر چیرۆکنووس وای کردبا، لەبری ئەم هەڵوێستە تاکەکەسییە، کرێکارانی کارگەکە لایەنی هاوپیشەکەی خۆیان گرتبا، چیرۆکەکە دەبووە نموونەیەکی چاکی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە.
(لەم سەردەمەدا، هونەر نابێتە هونەرێکی بالآ و مەزن، ئەگەر بەشداری لە ڕزگاربوونی کارگەراندا نەکات، لە دەست کۆیلایەتیی سەرمایەداری.)(٢٨)
لەگەڵ ئەم سەرنجانەشدا، هێشتا پێم وایە، (شیزۆفرینیا) هەوڵێکی سەرکەوتووە، بۆ نووسینی ئەدەبێک کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتیی کارگەران بێت، پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ چەوسێنەران ڕاکێشابێت و سەرەکیترین مۆرکی تێڕوانینی مەتریالیزمی مێژوویی پێوە دیاربێت کە دەرخستنی ململانێی چینایەتی و بەشداریکردنە لە دروستکردنی ویژدانی چینایەتیی کارگەراندا.(٢٩) لایەنێکی گەشی دیکەی چیرۆکەکە ئەوەیە، باسی لە بەشتبوونی ئینسان کردووە، ڕزگاربوونیش لەو دەردە سامناکە، بە هەرەسی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە، بەندە.
(هەموو شاکارە ئەدەبییەکان ئەوانەن کە ڕەنگدانەوەی واقیعی میللەتێکن لە سەردەمێکی دیاریکراودا.)(٣٠) گەورەیی بەلزاک، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمی خۆیدا، سکرتێری کۆمەڵگەی فەرەنسا بوو، پووشکین چونکە ئەنسکلۆپیدیای ڕووسیا بوو، بۆیە نەمریی مسۆگەر کرد، ڕەئووف حەسەنیش بە بەرهەمەکانیدا دەناسرێتەوە، سەر بە کام سەردەمە و دەربڕی

ئازار و ئاواتی کام میللەتە، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ دەربازبوونی هەر نووسەرێک لە چوارچێوەی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئاستی جیهانی.
ڕەئووف حەسەن لە هەردوو چیرۆکی (چلێ ئەرخەوان) و لە (گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکان)دا،(٣١) توانیویەتی لە ڕێی بەرجەستەکردنی پەژارە و ئومێدی قارەمانەکانییەوە، خەم و هیوای میللەتەکەی بەسەر بکاتەوە و ببێتە ویژدانی سەردەمەکەی خۆی. دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم: نووسەر لە سنووری تەنگی بازنەی خەمە ڕۆمانتیکەکانی خۆی دەرباز بووە، قاوغی تەسکی خودی خۆی شکاندووە و پەلی بۆ کێشەی گەورەی میللەتەکەی هاویشتووە، ئەم خۆبەستنەوەیەش بە ئازار و ئاواتی میللەتەوە، هەوێنی پەرینەوەی چیرۆکەکانییەتی بۆ جیهانێکی بەربڵاوتر.
ڕەئووف حەسەن پێمان دەڵێت: لە هەر شوێنێک چەوساندنەوە هەبێت، (نەریمان)ێک و (پەروین)ێک پەیدا دەبن، بەرەنگاری ببنەوە. لە هەر جێیەک بۆرژوا خاوەنی دەسەڵات بێت، چارەنووسی دڵداران، وەک هی (گێلاس) و (ڕێبوار) نووتەک دەبێت، وەلێ هەمیشە چەوساندنەوە، مامانی یاخیبوونە و لەسەر بناغەی ئازاری ئەمڕۆ، سبەی کۆشکی ئاوات بڵند دەبێتەوە،

*

پێم وایە وەڵامی پرسیاری، (چیرۆکنووسانی کورد چی دەڵێن؟)م دایەوە، بۆیە بەم چەند سەرنجەکۆتاییە بە باسەکەم دەهێنم.
* لە گۆڕەپانی چیرۆکی کوردیدا، ئەدەبی سەروەر، ئەدەبێکە ناماقووڵ، وجوودی و فرۆیدی، ئەدەبێکە دوور لە کێشەی سەرەکی میللەت و خەم و خواستی خەڵکەوە، بەڵام هاوزەمان ئەدەبێکیش هەیە، کە ڕەنگدانەوەی ئازار و ئاواتی میللەتە، دەربڕی گیانی سەردەمە و ئاوێنەیەکی ڕاستبێژی ویژدانی خەڵکە.
* نووسەر چەند لێزانانە وێنەی قارەمان بکێشێت، چەند هونەرمەندانە



ڕووداو بچنێت و پێوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان قارەمان و ڕووداودا بەرجەستە بکات، هێندەش سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، ئاخر قارەمان و ڕووداو، وەک دوو ڕەگەزی گرنگ و بنچینەیی، ڕۆڵێکی کاریگەر لە بەرهەمهێنانی هەموو چیرۆکێکدا دەبینن. هێندەی ڕەئووف حەسەن زیرەکانە بە ناخی قارەماندا شۆڕ دەبێتەوە، هێندەش کاکەمەم بۆتانی هۆشیارانە ڕووداو دەچنێت، وەلێ لای زۆربەی ئەوانی دیکە، قارەمان کەسێکە لە کارتۆن و ڕووداویش جێگەی بڕوا نییە.
کە مارکس کۆچی دوایی کرد، ئەنگڵس لەسەر مەزارەکەی گوتی: (ئەوی لێرەدا بۆ دوا جار چاوی لێک ناوە، فیکرێکی وای هێنایە ئاراوە، دانیشتووانی زەویی بەسەر دوو سەنگەردا دابەش کرد و لە یەکتری کردن بە دوژمن، بەڵام خۆی تا مرد، یەک دوژمنی شەخسی نەبوو.) منیش هیچی تایبەتیم لەگەڵ ئەوانەدا نییە کە لە نووسینەکانمدا ناویان دێت.

2005 - 1982

## سەرچاوەکان


(١) بليخانوف، الفن و التصور المادى للتأريخ، ص٢٢١
(٢)الأديب المعاصر، عدد ٢٧بغداد ١٩٧٨
(٣) بەیان، ژمارە ٦٧
(٤) الثقافه الأجنبيه، عدد ١ بغداد.
(٥) بەیان، ژمارە ٦٧
(٦) نووسەری کورد، ژمارە (٤) بەغداد ١٩٨٠
(٧) ريمارک، للحب وقت للموت وقت، جزء ٢ ص٩
(٨) نووسەری کورد، ژمارە (٥) بەغداد ١٩٨٠
(٩) نووسەری کورد، ژمارە (٦) بەغداد ١٩٨١

(١٠) بەیان، ژمارە (٦٧)

(١١) أسس علم الجمال ..، مجلد ١ ص٣٧٦

(١٢) یوسف عبدالمسیح ثروت، الطرق و الحدود.

(١٤) و (١٥) هەمان سەرچاوە، ل٤٥ و ل٥١

(١٦) بەیان، ژمارە (٦٧)

(١٧) أرسطوطالیس، فن الشعر، ص٦

(١٨) عەبدوڵڵا عەزیز خالید، (پەرستگا) و (بابانۆێیل تۆراوە؟)

(١٩) بلە، کوێرەوەری، ل٤٧

(٢٠) بەیان، ژمارە (٦٧)

(٢١) فن کتابە الأقصوصە، ص٨٩

(٢٢) ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٦٢)

(٢٣) و (٢٤) کاکەمەم بۆتانی، بازنە، ل٦٥ و ل٧٢

(٢٥) أرسطوطالیس، فن الشعر، ص٦١

(٢٦) أرنست فیشر، الإشتراکیە و الفن، ص١٣٥

(٢٧) ڕەئووف حەسەن، سبەینێ باوکت دێتەوە، ل٨٧

(٢٨) أسس علم الجمال..، مجلد ١ ص٢٨٨

(٢٩) و (٣٠) الأدب و الفن فی الإشتراکیە، ترجمە عبدالرحمن حنفی، ص١٦ و ص١٠٩

(٣١) ڕەئووف حەسەن، سبەینێ باوکت دێتەوە، ل٥١ و ل٦٨



## ‹پێکەنینی گەدا›ی
## **حەسەنی قزڵجی**

ئەم باسە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆچیرۆکی (پێکەنینی گەدا)ی حەسەنی قزڵجی تەرخانە کە لە چواردە کورتەچیرۆک پێک هاتووە، ١٩٧٢ بنکەی پێشەوا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە و هێمن پێشەکیی بۆ نووسیوە. ئەگەر چی مێژووی نووسینی هیچ کام لە چیرۆکەکان دەستنیشان نەکراوە، وەلێ ئەوی ئاشنای جیهانی چیرۆکی کوردی بێت، دەزانێت لە دەوروبەری ساڵانی پەنجا و لەوە بە دواوە نووسراون.

ئەوی سەبارەت بە مێژووی چیرۆکی کوردی بنووسێت، ناتوانێت شان بە شانی بەرهەمی چیرۆکنووسە هەرە ناسراوەکانی کورد، باسی بەرهەمی ‹حەسەنی قزڵجی›یش نەکات. چیرۆکی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا ڕێبازی ڕیالیزمی هەڵبژاردووە، ڕووباری چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)یش هەر دەڕژێتە زەریای ڕیالیزمەوە. قزڵجی لە سفرەوە دەستی پێ نەکردووە، پێش ئەو گەلێک ڕێبواری دیکە ڕێچکەیان شکاندووە، وەلێ

گرنگ ئەوەیە، توانیویەتی جیهانێکی تایبەت بە خۆی بخولقێنێت و خاوەنی دەنگ و سیمای خۆی بێت. قزلجی یەکێکە لە ڕێبوارە هەرە ناسراوەکانی کاروانی چیرۆکی کوردی، ئەمە ئەگەر هەموو کوردستان لەبەر چاو بگرین، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەگەڵ د. ڕەحیمی قازیدا دووقۆڵی، دوو لوتکە هەڵکشاوەکەی چیرۆکی کوردین.

لە کۆچیرۆکی (پێکەنینی گەدا)دا، قزلجی بە گشتی سەرقاڵی ئەوەیە، پەردە لەسەر ڕووی ئەو چەوساندنەوەیە هەڵبداتەوە کە مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەوە تووشی هاتووە و (سەروبنی قسەی باس لەو سووکایەتییە کە دەرهەق ئینسان دەکرێت و دەیەوێت تۆڵە لەوانە بکرێتەوە کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانییان بەو سووکایەتی بە ئینسان کردنەوە بەندە.)(١) قزلجی ئەو ڕاستییە دەڵێتەوە کە سامان خولقێنەری ستەمە و ئەوانەی خاوەنی سەرمایە بن، ئیدی هەر کەسێک بن، خەڵکە بندەستەکەی خۆیان بە هەموو شێوەیەک دەڕەتێنن.

چیرۆکنووس دەزانێت، دامودەستگای دەوڵەت، کوتەکی دەستی چینی دەسەڵاتدارە، بە قووڵی دەرکی بەوە کردووە کە خەڵکی کۆمەڵگەی دواکەوتووی کوردەواری کەوتوونە دوو سەنگەرەوە، خاوەنی دیوەخان و تەکیە، بازرگانان و باڵادەستانی سەر بە دەوڵەت سەنگەری بەرانبەریان لە چەوساوەکانی لادێ و شار گرتووە و بۆ زەوتکردنی بەرهەمی ڕەنجیان، هەموو ڕێگەیەکیان گرتووەتە بەر.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا، ڕەنگدانەوەی ململانێی نێو کۆمەڵگەیەکی فیودالین، بۆ ئەوەی بچینە نێو جیهانی چیرۆکنووسەوە، لە چەند دەرگەیەک دەدەین، بە پێی توانا بەرەو ناخی بابەتەکان بە ڕێ دەکەوین و لە دیوی ناوەوە سەرنجی بەرهەمی قەڵەمە بەبڕشت و فیکرە ڕۆشنەکەی قزلجی دەدەین.

ئەوە ڕێسایەکی کۆمەڵایەتییە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا، ڕۆژ



لە دوای ڕۆژ سامانی دەوڵەمەندان و کوێرەوەریی هەژاران ڕوو لە هەورازن. دوو چینە سەرەکییەکەی نێو کۆمەڵگەی فیودالی، جووتیاران و خاوەنموڵکەکانن، وەلێ هەمان کۆمەڵگە، توێژ و دەستەی دیکەشی تێدایە، وەک: جووتیاری دەوڵەمەند، سەپان، پاڵە، وەرزێر و شوان. کرۆکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی قۆناغی فیودالی لە ‹موڵکانە›دا بەرجەستە دەبێت. جووتیار بە درێژایی ساڵ بە خاو و خێزانەوە ڕەنج دەدات، ئەوی لەبەر قرچەی هەتاودا بەرهەمی دەهێنێت، ئاغای حەساوەی سایەی سێبەر، پارووی لێ دەگلێنێت.

موڵکانە کەلێنێکی گەورە دەخاتە دەستکەوتی جووتیارەوە، کارێک دەکات ئەوی بەرهەمی هێناوە، بەشی پۆشاک و خۆراکی ساڵەکەی نەکات، بکەوێتە ژێر باری قەرزەوە، هێدی هێدی چی شک دەبات لە کیسی بچێت، وەک سڵقی ڕووتی لێ بێت و بە هیوای دەستکەوتنی نان لە جێیەکی دیدا، سەری خۆی هەڵبگرێت. جووتیار کەم جار ڕێی دەکەوێتە شار، کە بۆ یەکەمین جار شار دەبینێت، تووشی سەرسوڕمان دەبێت، چونکە دیوی دەرەوەی شتەکان دەبینێت، وا هەست دەکات تاڤگەی خێروبێر بەسەر شاردا ڕژاوە و نانپەیداکردن تێیدا، بە بەراورد لەگەڵ کوێرەدێیەکدا، گەلێک ئاسانترە. دەزانیت خەڵکی شار بە کشتوکاڵەوە خەریک نین و ئاغا و گزیر مۆتەکەئاسا دەستیان لە بینی شارنشینان گیر نەکردووە، بۆیە هەر کە بێدەرامەتی تەنگی پێ هەڵدەچنێت، یان کە بێگارە زۆروزەبەندەکانی ئاغا بێزاری دەکەن، هەر چی هەیە و نییە لە یەک دوو گوێدرێژی بار دەکات و ڕێگەی نزیکترین شار دەگرێتە بەر.

*

لە چیرۆکی **پێکەنینی گەدا**دا، حەمەڕەش کە جووتیارێکی (تەپەڕەش)ییە، هەر چی دەرگەکانی ژیانە بە ڕوویدا دادەخرێن و برسیەتی بە جۆرێک شاڵاوی بۆ دێنێت، (خۆری لێ دەبێتە کولێرە،) ئیتر بە هیوای کرێکاری،

بەرەو هەڵەبجە کە نزیکترین شارە لە گوندەکەیانەوە، بە ڕێ دەکەوێت. لەبەر ئەوەی پیری و برسیەتی بڕستیان لێ بڕیوە، کاری دەستگیر نابێت، هەندێک دڵیان پێی دەسووتێت و دەیانەوێت خێری پێ بکەن، وەلێ ئەو بۆ ئیشکردن هاتووە نەک دەرۆزە، بۆیە سەرەتا دەست بۆ وەرگرتنی خێر درێژ ناکات، وەلێ چونکە کە (ئاگری برسیەتی بڵێسەی سەند، ئازا و خوێڕی وەک یەک دەسووتێنێت،) ئیدی حەمەڕەش ڕۆژانە سواڵ دەکات و توونی گەرماوێکیش دەبێتە جێگەی پشووی شەوانەی.

هێزی برسیەتی (هەباس)ی قارەمانی چیرۆکی (شەهیدی زوڵمە)ش، بەرەو شار پاڵ پێوە دەنێت و دووچاری چارەنووسێکی گەلێک لەوی حەمەڕەش، نووتەکتری دەکات. هەباس یەکێک لە گوندەکانی دەڤەری ژاوەرۆی کوردستانی بن دەستی ئێران جێ دەهێڵێت و لە شارێکی کوردستانی ژێر دەستی عێراقدا دەگیرسێتەوە، وەلێ نەک هەر کاری چنگ ناکەوێت، بەڵکوو لە ترسی ئەوەی نەک بە تاوانی بەزاندنی سنوور بیگرن، ڕوو لە دەرەوەی شار دەکات و دواتر تەرمەکەی لە کەناری شاردا دەدۆزرێتەوە.

ئینسان تەنیا بە نان ناژی، کەچی گڕی ئەو دۆزەخەی چەوسێنەران بۆ هەژارانیان جۆش داوە، کارێکی کردووە هەموو ئاواتی نەداران لە دابینکردنی ناندا کۆ ببێتەوە و نانیش لە گەرووی شێردا بێت. چەوساوەکان لە هەموو خۆشییەکی ژیان بێبەری کراون و نانیشیان دەست ناکەوێت، چ ژیانێکی پووچ و بێبایەخە، مرۆڤ دەبێت هەموو ژیانی بکاتە خوراکی نەهەنگی نانپەیداکردن. ئەوە لوتکەی کارەساتە، ئینسان بۆ ئەوەی لە برساندا نەمرێت، دەبێت هەموو ژیانی ببەخشێت.

قارەمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە چیرۆکدا وازی دەکات، نووسەری کارامە بە جۆرێک ڕووناکی دەخاتە سەر ژینگە، خولیا، بیر و لێکدانەوەی قارەمانەکەی، خوێنەر وا هەست دەکات، ئەوەی چیرۆکنووس باسی کردووە،



ژیانێکی ڕاستەقینەیە بە هەموو لایەنەکانییەوە و قارەمانی چیرۆکەکەشی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە و لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەڵدەسووڕێت. ڕاستە نووسەر بڕیار لەسەر هەڵسوکەوت و چارەنووسی قارەمانەکانی دەدات، بەڵام نووسەری لێزان، ژیان سەرچاوەی داهێنانەکانیەتی و قارەمانەکانی وەک کەسانی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەن، بەمەش متمانەی خوێنەر مسۆگەر دەکات.

ئەوی شارەزای کۆمەڵگەی کوردەواری بێت و لە نزیکەوە جووتیاری کورد بناسێت، هەست دەکات، قزڵجی هونەرمەندانە ئازار و ئاواتی جووتیارانی کوردی بەسەر کردووەتەوە و زیرەکانە بە ناخیاندا شۆڕ بووەتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لەگەڵ خەم و هیوایاندا ژیاوە، ژیان بە مانا ڕووکەشەکەی نا، ژیانێکی ڕاستەقینە، ئاخر ئەو لە دووەروە سەرنجی جووتیارانی نەداوە، بەڵکوو شانی وەبەر خەمەکانیان داوە، لە پێناوی بەدیهاتنی ئاواتەکانیاندا ڕەنجی کێشاوە و تەمەنی لە پێناوی ئاسوودەیی واندا بەخشیوە.

قزڵجی وەک چۆن جووتیاری کوردی بە گوتاری و ڕەوتارییەوە، بە ناخی دەروون و لێکدانەوەیەوە، هێناوەتە نێو چیرۆکەکانییەوە، بە هەمان شارەزاییەوە، (فیوداڵ)یشی پێ ناساندووین. نەهاتووە لە دیوی دەرەوە وێنەی ئاغا بکێشێت و تەنیا باسی پۆشاک، باڵا و ڕووخساری بکات، یان ڕاستەخۆ دژی بوەستێتەوە، بەڵکوو ئاغای بە زرپوزیندوویی، لە هەموو لایەنەکانییەوە، وەک خۆی نیشان داوە.

قزڵجی هەندێک جار بە شێوازی گاڵتەجاڕییانە دەنووسێت، وەلێ گاڵتەجاڕییەکی ئامانجدار کە گەرەکیە لەو ڕێگەیەوە، دەمامک لەسەر ڕوخساروی دزێوی ئاغا لا بدات و ناخی لیخنی بخاتە ڕوو. قۆناغی (فیوداڵی)یش یەکێکە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ڕەوتی دیرۆک دیوەخان لە بناغەوە هەڵدەتەکێنێت و دەسەڵات لە ئاغا دەستێنێتەوە.

قزڵجی لە چیرۆکی (بیهێنە ئەمما ناوی مەهێنە)دا، ژیانی ڕۆژانەی ئاغایەک بەسەر دەکاتەوە کە وەک ئاغا لە گیانەڵڵادایە و بەر شەقی ڕەوتی کوشندەی مێژوو کەوتووە و لە هیچ ڕوویەکەوە دەسەڵاتی نەماوە، وەلێ وەک ڕووکەش ددان بەو بارودۆخە نوێیەدا نانێت و هەر ڕۆڵی ئاغا وازی دەکات. چیرۆکنووس لە ڕێی دیمەنێکی کاریکاتێرییەوە کۆتایی بە ژیانی ئاغایانەی قارەمانەکەی و بە چیرۆکەکەشی هێناوە، کاتێک هەلومەرجێکی وای خولقاندووە کە مەجید بەگ لە تاو سەرما، جلە هێسترەکەی بە خۆیدا دەدات. لە چیرۆکی (ئاغا وەجاغی ڕۆشنە)یشدا، ڕەشید ئاغا هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بە زەبروزەنگە، لە بەفری نەباریو ڕاوکەروێشک دەکات و کەروێشکی ماڵیی لێ دەبێتە کێوی!

حەسەنی قزڵجی هێندە شارەزای لایەنەکانی ژیانی گوندەکانی کوردستان بووە، لە داهاتوودا ئەوی بخوازێت سەبارەت بە قۆناغی فیودالی لە کوردستاندا بنووسێت، دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ سوود لە چیرۆکەکانی وی ببینێت. بلیخانۆف گوتوویەتی: (ئەوی مەبەستی بێت، لە سایکۆلۆژیای کرێکارانی ڕووس تێبگات، دەبێت بەرهەمەکانی گۆرکی بخوێنێتەوە.) منیش پێم وایە، ئەوی بخوازێت دەربارەی باری دەروون، بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی جووتیار، ئاغا و بازرگانی کورد شارەزایی پەیدا بکات، پێویستە چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجی بخوێنێتەوە.

*

لە چیرۆکی (عادەتی بازاڕ)دا، نووسەر بیرکردنەوە و ڕەوتاری خاوەنی (خان)ێک دەداتە بەر ڕووناکی، خاوەنی خان بۆ بڕینی دەستی جووتیاران، هانا بۆ دەیان ساختە و کەڵەک دەبات. شەکسپیر وا ناسراوە دوای خودا، گەورەترین خولقێنەرە، چونکە قارەمانانی شانۆنامەکانی هێندە لێزانانە وێنە دەکێشێت، وەک کەسانی ڕاستەقینە لە یادماندا دەژین، قزڵجیش باسی خانچییەکەی نەکردووە، بەڵکوو خولقاندوویەتی، بۆیە ئەوەی



چیرۆکی عادەتی بازاڕ بخوێنێتەوە، نەک هەر ئەو خانچییەی لە بیر ناچێتەوە، بەڵکوو وا هەست دەکات لە نزیکەوە ناسیویەتی و چەندان جار لە خانەکەی لای داوە. ئەگەر خولقاندنی قارەمانێکی نەمر لە ڕۆمانێک یان شانۆنامەیەکدا داهێنانێکی گەورە بێت، ئەوا پێشکەشکردنی قارەمانێکی لەو جۆرە لە کورتەچیرۆکێکدا، کارێکی مەزنترە، چونکە کورتەچیرۆک مەودای گەلێک بەرتەسکترە و نووسەر بواری ئەوەی نییە، لە هەموو گۆشەیەکەوە، وێنەی قارەمانەکەی بکێشێت. حەسەنی قزڵجی چەند زیرەکانە دیوی ناوەوەی قارەمانەکەی دەخاتە ڕوو، هێندەش لێزانانە لە دیوی دەرەوە وێنەی دەگرێت. (تا ئەو کاتە بە وردی سەرنجی سەروگوێلاکی ئەفەندیم نەدابوو، بە ڕاستی مشکی سەر خەزێنەم بیر کەوتەوە، سەرێکی گرمۆڵە، دوو چاوی بچکۆلەی زیت، لووتێکی باریک، دەمێکی درێژ، پێستێکی وەک کۆنەمەشکە.)(٢)

حاجی عەلی کە قارەمانی چیرۆکی (سەرفیترە)یە، یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی شار، سەری بچێت، نوێژی ناچێت، فلسێک دایکیەتی و فلسێک باوکی، کە مەسەلەکە پێوەندیی بە پارەوە هەبێت، مێشکی کۆمپیوتەرێکە بۆ خۆی، نموونەیەکی زیندووی بازرگانی کۆمەڵی کورەدەوارییە. قزڵجی لە ڕێی ناساندنی ئەو نموونەیەوە، تەمی لەسەر مانگی ڕووی ئەو ڕاستییە لا بردووە کە دەوڵەمەندی دەستپاک، تەنیا ئەفسانەیە و هیچی تر. بەو چیرۆکەی ناڕاستەوخۆ دەڵێت: کەس نییە دزی نەکردبێت و دەوڵەمەند بووبێت، کەس نییە بەری ڕەنج و بیری کەسانی دیکەی زەوت نەکردبێت و سەرمایەیەکی گەورەی پێکەوە نابێت. (سەرمایە هەرچەند زۆریش بێت، هەر فلس فلس کەوتووەتە سەر یەک، هەموو فلسێک لە دەفتەردا جێگەی خۆی هەیە.) ئەمە بیرکردنەوەی حاجی عەلی و هەموو دەوڵەمەندێکی دیکەیە. ناشێت مرۆڤ زەنگین بێت و وا بیر نەکاتەوە، دەوڵەمەند بێت و چەوسێنەر، ساختەچی و بەرچاوتەنگ

نەبێت. قزڵجی قینێکی ئەستووری لە چەوسێنەرانە، بەڵام نەهاتووە ناووناتۆرەیان دوا بخات، یان جوێنبارانیان بکات، بەڵکوو وەک هەر نووسەرێکی دەستڕەنگین لە ڕێی نیشاندانی بیرکردنەوە و ڕەوتاری ڕۆژانەیانەوە، توانیویەتی دەستەکەیان بخاتە ڕوو.

لە کۆمەڵگەی فیودالیی کوردەواریدا، بەگ و بازرگان بە پشتیوانیی دەزگای سەرکوتگەری دەوڵەت، توانیویانە سواری سەری چەوساوەکانی لادێ و شار بن و بەری ڕەنجیان بخۆن، بەڵام هەموو کۆمەڵگەیەکی فرەچین، شانۆی ململانێی چینایەتییە، چین و توێژە چەوساوەکان زۆر جار لە چەوسێنەران یاخیی بوون و بە گژیاندا چوونەتەوە. لە چیرۆکی عادەتی بازاڕدا، ئەوی میرزایی بۆ خاوەنی خانەکە دەکات، سەری قایلبوون بۆ ساختەکانی خاوەنکارەکەی نەوی ناکات، لە ناهەقی بێدەنگ نابێت و لایەنی جووتیارە هەژارەکە دەگرێت.

بە قەولی لۆکاش، کرۆکی ‹سەرمایە›ی مارکس، باس لە نامۆبوونی ئینسان، لە سایەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەکات. میرزای بەردەستی خانچیش هەست دەکات، ئەگەر دوای نەریتی باوی بازاڕ بکەوێت، مرۆڤبوونی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە لە دابی سەروەری بازاڕ یاخی دەبێت. دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانی (قومارچی)دا، دەڵێت: (مرۆڤ لە هەموو هەلومەرجێکدا دەتوانێت شکۆی خۆی بپارێزێت.) قزڵجیش میرزای وەک مرۆڤ، بە هەموو مانای قووڵی وشەکە، نیشان داوە.

قزڵجی لە چیرۆکی (کەشکۆڵی جادوویی)دا، باس لە گۆڕان و گەشەکردنی ئینسان دەکات و قارەمانە ئەفسانییەکەی دەیەوێت (وەیسە)ی سەپان تێبگەیەنێت کە مێژوو بە هەنگاوی گورج، ڕووە و پێشەوە مل دەنێت و لافاوی گۆڕان دیاردە دێرینەکان ڕادەماڵێت. (ئاخر وەیسە، بەرخ هەمیشە لەژێر سەوەتەدا نابێت.) نووسەر پێ لەسەر ئەو ڕاستییەش دادەگرێت، کە (زەبروزەنگ مامانی مێژووە،) ئاخر چەوساوەکان تا سەر مل نەوی ناکەن،



زەبروزەنگ تەقینەوەی بە دوادا دێت و ئەوی بە توندوتیژی لە ڕەنجدەران زەوت کراوە، بە نواندنی زەبروزەنگیش دەستیان دەکەوێتەوە. ئەوە نواندنی زەبروزەنگە فەرەیدوون بەگی دڕندە وا لێ دەکات، بە وەیسەی سەپان بڵێت: (تۆ کوڕ و برامی، من کردم، تۆ نەیکەیت، من ماڵی دنیام بۆ چییە؟ گیانیشم هی تۆبە.)

لە چیرۆکی (هێلکەی هادی خانی)یشدا کە خزمەتکارێکی خان، سووکایەتی بە ژنێک دەکات، کوڕەکەی خوێنی دێتە کوڵ، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە دەگاتە ماڵی خان، وەلێ خان بەخت یاری دەبێت و لە ماڵ نابێت، کوڕە تا دەتوانێت، خزمەتکار دارکاری دەکات، کە ژاندارمیش دێن بیگرن، خۆی بە دەستەوە نادات و هەڵدێت. لە چیرۆکی (خەمڵی پەمۆ)شدا، کە (سۆفی نامیق) هەست دەکات، زۆراو بەگ گەرەکیە بەرهەمی ڕەنجی ساڵێکی خۆی و خێزانی زەوت بکات و (شێخ)یش ئەو تاڵانکردنە بە قەزا و قەدەر لێک دەداتەوە، مل نادەت و دەڵێت: (هەزار قەزا و قەدەر بێت، پەمگی خۆمی نادەمێ.)

بە چیرۆکی (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر)یشەوە، ئەوە دیارە کە چینی باڵا بە هۆی نواندنی زەبروزەنگەوە، دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە، بۆیە تەنیا هەر لەو ڕێگەیەشەوە سەریان پێ نەوی دەکرێت. مەحاڵە چەوسێنەران ئەوی بە زەبروزەنگ بە دەستیان هێناوە، بە ڕێگەی هێمن و نیان دەستبەرداری بن. کاتێک کوێخا هۆمەر یاخیی دەبێت و چەک هەڵدەگرێت، ژاندارم ئەو داردەستە سەرکوتگەرەی ڕژێم، ناچار دەبێت، داوای وتووێژکردنی لەگەڵدا بکات و گوێ بۆ داخوازییەکانی بگرێت. زۆربەی قارەمانانی قزڵجی کەسانی چەوساوەن، بەڵام هەست بەو چەوساندنەوەیە دەکەن کە تووشی هاتوون، بۆیە بیر لە ڕزگاری دەکەنەوە و ڕێوشوێنی بۆ دادەنێن.

لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی پیاوسالارانەی کوردەواریدا، ژن پاشکۆی

پیاوە و لەسەر شانۆی ژیان ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێت. ئەم ڕاستییە لە کۆچیرۆکەکەی حەسەنی قزڵجیشدا ڕەنگی داوەتەوە. (نوشتەکەی ئامینەخان،) تاقە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)یە، قارەمانە سەرەکییەکەی ژن بێت. نووسەر وەک شارەزایانە ناخی پیاوی ڕەنجدەر و چەوسێنەری کوردی وەدەر خستووە، لە نیشاندانی دیوی ناوەوەی ژنی کوردیشدا، هەمان سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. گەر چی خوێنەر لە دوا دێڕەکانی (نوشتەکەی ئامینەخان)دا، بزە سەر لێوی دەکەوێت، وەلێ دواتر کە لە ژیانی ئامینەخان ورد دەبێتەوە، هەست دەکات، ژن لە کوردەواریدا لە دۆزەخێکی ڕاستەقینەدا دەژی و سەدان کۆت، زنجیر و پێوەند لە گەردن، دەست و لاقی هیوا، تاسە و ئارەزووەکانی ئالاون.

لە چیرۆکی (نە دیداری حاجی نە خەوی مزگەوت)دا، خەزاڵ ژنە جووتیارێکە، دڵسۆزی مێردەکەیەتی، هاوڕێی تەنگانەیەتی و هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی خۆشی ویدا تەرخان کردووە، بەڵام بایبزی هاوسەری هەر کە گیرفانی گەرم دادێت، بێ یەکودوو ژنی بەسەردا دەهێنێت! لە کوردەواریدا پیاو مافی ئەوەی هەیە لە ژنێک زێتری هەبێت، ئەمەش دیاریی ئیسلامە بۆ ژن و یەکێکە لەو نەنگییانەی بە هیچ پاساو نادرێت. لە کوردەواریدا، ئایینی ئیسلام بەشێکی گرنگ لە ئایدۆلۆژیای فیودال پێک دەهێنێت و چەکێکی بەکارە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ چەوساندنەوەی بێ دەسەڵاتان. مەلای دێ کە نوێنەری ئایینە، ئیسلامی لە قازانجی زۆردار بەگەڕ خستووە و هەمیشە ئەو قەوانە سواوە لێ دەدات کە گەورە و بچووک، ئاغا و نۆکەر، شێخ و مسکێن هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت.

قزڵجی بە ساکارییەکی قووڵەوە لە چیرۆکی (خەملی پەمۆ)دا، باس لەوە دەکات، چۆن دیوەخان، خانەقا، مزگەوت، تەکیە، بەگ و شێخ بۆ زەوتکردنی بەری ڕەنجی جووتیار، شێلگیرانە داکۆکی لە یەکدی دەکەن.



شێخ وەک نووسەر نیشانی داوە، بە ڕووکەش پیاوی خودایە و دۆستی لێقەوماوانە، وەلێ لە کرۆکدا دوژمنێکی سەرسەختی هەژارانە و نەک هەر خۆی دەیانڕووتێنێتەوە، بەڵکوو دەستدرێژییەکانی بەگیش پەردەپۆش دەکات و فام و بیری بۆ گێلکردنی چەوساوەکان بەگەڕ دەخات.

*

لە سەرەتای ساڵانی حەفتا بە دواوە، گەلێک تەکنیکی نوێ لە چیرۆکی کوردیدا سەریان هەڵدا. حسێن عارف لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لەژێر سەردێڕی (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای حەفتادا) بڵاوی کردەوە،(٣) باسی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کردووە و نموونەشی لەسەر هەر یەکێکیان هێناوەتەوە. ئەو قۆناغەی قزڵجی چیرۆکی تێدا نووسیوە، چیرۆکنووسانی کورد بە گشتی پشتیان بە گێڕانەوە، وەسف و دیالۆگ بەستووە، ئەویش هەر وای کردووە.

شەپۆلی هۆش، وەک ڕێچکەیەکی نوێ بۆ نووسینی چیرۆک و هەموو ئەو شێوە تەکنیکانەی تریش کە هەر لە هەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، لەمێژە چیرۆکنووسانی ئەورووپایی، لەوانە ڤەرجینا ولف، جیمس جۆیس و فۆکنەر، مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، چیرۆکنووسانی کوردیش لە ساڵانی حەفتاوە، کەم و زۆر سوودیان لەو تەکنیکە نوێیانە کە نووسەرانی ئەورووپایی دایانهێناون، وەرگرتووە، ئیدی هەر لە مەنەلۆگ، فلاشباک، بڕین و پێشخستنی وەختەوە، تا ڕوانین لە ڕوانگەی جیاوازەوە و پەنابردنە بەر زێتر لە گێڕەرەوەیەک.

یەکێک لەو دیاردانەی لە چیرۆکی نوێدا سەری هەڵداوە، بەگەڕخستنی سیمبۆلە و سوودوەرگرتنە لە داستان و ئەفسانە. دەشێت مارکیز لەو بوارەدا وەک نووسەرێکی گەورە ئاماژەی بۆ بکرێت، چیرۆکنووسی کورد، لەو ڕووەشەوە لە ئەزموونی گەلان بەهرەمەند بووە. کۆنترین شێوەتەکنیک بۆ نووسینی چیرۆک، گێڕانەوەیە، بەڵام هێشتا ئەو تەکنیکە لە کەڵک

نەکەوتووە و بەردەوام سوودی لێ وەردەگیرێت. شیاوترین تەکنیک بۆ ناساندنی ناخی کارەکتەر و دەرخستنی سەرجەمی خولیا و ئارەزووەکانی، مۆنۆلۆگە، وەلێ چیرۆکنووسی کارامە، دەشێت لە ڕێی وەسفیشەوە بە ناخی قارەماندا شۆڕ ببێتەوە، یان گێڕانەوە بکاتە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆ و هەموو ڕووداوەکانی تێدا نیشان بدات. چیرۆکنووسێ هونەری گێڕانەوەیە و پێ دەچێت تا چیرۆک بنووسرێت، سوود لە وەسفیش وەربگیرێت.

لە هەموو چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)دا، ئەوە خودی چیرۆکنووسە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش کارێک دەکات، خوێنەر هەمیشە هەست بە هەبوونی نووسەر بکات و ئەوە بزانێت، ئەوی دەیخوێنێتەوە، دەشێت ڕووی نەدابێت، بەڵکوو هۆنرابێتەوە. گۆتە دەنووسێت: (کام خوێنەرە پەسەند دەکەم؟ ئەوی من، خۆی و هەموو دنیای بیر دەچێتەوە و تەنیا لە نووسینەکەمدا دەژی.)(٤) کە نووسەر خۆی گێڕەرەوەی هەموو شت زان بوو، بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت، زوو زوو یان ناوبەناو، ڕاستەخۆ خۆی لە ڕووداوەکان هەڵبقورتێنێت و بیروڕای خۆی بسەپێنێت، ئەمەش یەکێکە لە کەموکووڕییەکانی ئەو شێوە گێڕانەوەیە، گەر چی نووسەری کارامە دەتوانێت خۆی لەو تەڵەیە بپارێزێت، هونەرمەندانە هەڵسوکەوت لەتەک ئەو جۆرە گێڕانەوەیەشدا بکات و خوێنەر توند توند بە دەقەکەوە گرێ بدات.

داڕشتنی دەستپێکی چیرۆک، ڕۆڵێکی بەرچاو وازی دەکات، نووسەری لێزان هەر لە دەستپێکەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و وای لێ دەکات، بە پەرۆشەوە دوای بەسەرهاتەکان بکەوێت. چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا، هێندە هونەرمەندانە چنراون، خوێنەر دێڕ بە دێڕ، دیمەن بە دیمەن تا کۆتایی چیرۆکەکە بە تاسەوە دوای گێڕەرەوە دەکەوێت.

قزڵجی زۆر جار هانای بۆ وەسف، گێڕانەوە و دیالۆگ بردووە، وەلێ هونەرمەندانە ئەو تەکنیکانەی بەگەڕ خستووە و ئاگاداری ئەوە بووە،



خەریکی نووسینی چیرۆکی هونەرییە. لە وەسفکردنی ڕۆژێکی ژیانی (حەمەڕەش)ی قارەمانی کورتەچیرۆکی (پێکەنینی گەدا)دا دەنووسێت: (ڕۆژێکی زۆر تۆف بوو، کەس نەیدەتوانی ماڵەوماڵ بکات، حەمەڕەش تا چێشتانێ سەبری کرد، بەشکم هەوا خۆش ببێ، بەڵام گڤەگڤی با تا دەهات توندتر دەبوو، کلوەبەفری گێژ و خول دەدا و دەیکرد بە کونی تونەکەدا.)

بەم شێوەیەش ژیانی ڕۆژانەی (مەلا جەلال) کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکی (خەملی پەمۆ،) دەگێڕێتەوە: (مەلا جەلال کە ئەگەر نوێژ کاڵا بووایە، دەکرا بڵێین کرێکاری دینی بوو، مانگی بە پێنج دینار بۆ پێشنوێژی بە کرێ گیرا بوو، وەکوو کرێکاری دەستەمۆ کە چاوی لە دەستی خاوەنکار بێت، وریای وەخت و کاتی کارەکەی بێت، گوێی لەوە نەبوو، کەس لە پشتییەوە نوێژ بکات یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەکە، دەخزایە میحرابەکە.) قزڵجی وەک چۆن لە وەسفکرن و گێڕانەوەدا ، چیرۆکنووسانە ڕەوتاری کردووە، بە وریاییەوە دیالۆگیشی داڕشتووە، ئاخاوتنەکان لە قسەی کارەکتەرەکان دەچن و بە گوێرەی پێویستێ، ڕستەکان کورت و چڕن، بۆشایی پڕکردنەوە و درێژدادڕییان پێوە دیار نییە.

(کەشکۆڵی جادوویی) تاقە چیرۆکی قزڵجییە، تێیدا ئەفسانە ئاوێتەی واقیع کراوە. سەرەتا چیرۆکەکە لە هەموو ڕوویەکەوە واقیعییە و بەسەرکردنەوەی ئەو کوێرەوەرییەیە کە هەژارانی لادێ تووشی هاتوون، دواتر (وەیسە)ی قارەمانی چیرۆکەکە لەسەر کانییەک پیرەمێردێکی ئەفسانەیی لێ پەیدا دەبێت. سەرهەڵدانی ئەو پیرە نوورانییە، لەناکاو و ڕێکەوت نییە، بەڵکوو زەمینەی بۆ خۆش کراوە. قزڵجی لەو چیرۆکەیدا سوودی لە میتۆلۆژی وەرگرتووە و توانیویەتی ئەفسانە لە پێناوی گەشەدان بە واقیعدا، بەگەڕ بخات. پێم وایە لە سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردییەوە تا سالآنی حەفتا، هیچ نووسەرێکی کورد هێندەی قزڵجی هونەرمەندانە ئەفسانەی لە خزمەتی واقیعدا بەگەڕ نەخستووە. ئەو پیرەمێردە

ئەفسانەییەی قزڵجی، هەڵگری بیرێکی ڕۆشنە، خوازیارە کەس بەری ڕەنجی ئەوەی دی نەخوات و لە کن وی تاقە ڕێگە بۆ لە کۆیلەیی دەربازبوون، هانا بۆ زەبروزەنگ بردنە، بۆیە دەشێت سیمبۆل بێت بۆ ئەزموونی خەباتی زەحمەتکێشان.

چیرۆکنووسان، کەم و زۆر، بەسەرهاتی ژیانی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ڕۆمانی (کوڕی کارەکەرەکە) ڕەنگدانەوەی ژیانی (ئوگوست ستریندبێری)یە، بەڵام ئەو نەهاتووە، بیوگرافیای خۆی بنووسێتەوە، بەڵکوو لە ژیننامەی خۆی، تەلاری ڕۆمانێکی ڕۆ ناوە. ئەوی دیرۆک بنووسێتەوە، کە باسی کەسێک دەکات، تەنیا مەبەستی ئەو تاکەکەسەیە، بەڵام کەسانی نێو چیرۆک، کەسانی ڕاستەقینەی دیاریکراو نین، بەڵکوو هەر کەسێکیان نموونەی چینێک یان توێژێکن و هەڵگری خەسڵەتە گرنگەکانی ئەو چینە یان ئەو توێژەن، واتا چیرۆکنووس پێوەندیی دیالیکتیکانەی نێوان تاک و گشت ڕەچاو دەکات. دیرۆکنووس کە باسی ڕووداوێک دەکات، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، وەلێ چیرۆکنووس خەیاڵی خۆی ئاوێتەی ڕووداو دەکات و بێ ئەوەی پێی لە زەمینەی واقیع ببڕێت، وەک خۆی دەخوازێت دەیگێڕێتەوە، نەک وەک ڕووی داوە.

ژیانی کورەدەواری، سەرچاوەی چیرۆکەکانی قزڵجییە، ئەو بەسەرهاتانەی هەوێنی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدان، یان ڕوویان داوە، یان ڕێی تێ دەچێت ڕوو بدەن. هەندێک لە چیرۆکەکان زادەی ئەزموونی خودی نووسەرن و قزڵجی خۆی لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانیاندا ژیاوە. (خەملّی پەمۆ) بەرهەمی ئەزموونی ئەو ماوەیەیە کە نووسەر لە هەڵەبجە لە خانەقایەکدا ژیانی بەسەر بردووە. (هێلکەی هادی خانی)یش زادەی سەفەرێکی ڕاستەقینەی نێوان سنە و ‹کرماشان›ی نووسەرە.) (عادەتی بازاڕ) و (سەرفیترە)ش. ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی نووسەرن کە میرزایی و بەردەستی بازرگانانی کردووە،(٥) تەنانەت هەندێک جار



خوێنەر خودی چیرۆکنووس دەناسێتەوە، لە (عادەتی بازاڕ)دا، کارەکتەری (میرزا،) نووسەر خۆیەتی و لە (هێلکەی هادی خانی)یشدا، کادیرە هەڵاتووەکەیە.

*

(عادەتی بازاڕ) و (خەملّی پەمۆ) دوو چیرۆکی هونەرین، ئەزموونی ژیانی قزڵجی بەرجەستە دەکەن، وەلێ بەسەرهاتی (هێلکەی هادی خانی،) لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی دیرۆکی دەچێت و جێدەستی گێڕەرەوەشی کە چیرۆکنووسە، بە زەقی پێوە دیارە. ئەم دوو کەلێنە بە چیرۆکی (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر)یشەوە بەدی دەکرێن. قزڵجی لە (تاج و تەختی کوێخا هۆمەر)دا دەنووسێت؛ (کە لەشکری ڕووسی قەیسەری هات و لەشکری عوسمانیی شکاند، ڕۆژێک کاحسێن بۆ کاری باپیراغا دەچووە سابڵاغ، لە ڕێگە تووشی دەستەیەک ساڵداتی ڕووسی بوو، ساڵداتەکان کە بۆ کابرایەکی دیکە دەگەڕان، بە هەڵە کاحسێنیان گرت و لەگەڵ دیلی دیکەدا نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەربوو، هاتەوە.)

ڕاستگۆیی لە نووسینی چیرۆکدا، بریتییە نییە لە کۆپیکردنی ڕووداوە دیرۆکییەکان، یان گێڕانەوەی تووتیئاسای واقیع، بەڵکوو بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستییەیە کە واقیع هەمیشە لە گەشەکردندایە و لافاوی گۆڕان هەموو بەربەستەکان ڕادەماڵێت، ئەمەش بە شێوەیەکی هونەری، دوور لە زمانی گوتارنووسین. دەستتێوەردانی ناهونەرییانەی نووسەر بە چیرۆکی (شەهیدی زوڵمە)شەوە، دیارە، بە تایبەتی دیالۆگی مجێورەکە کە لە ئاخاوتنی خۆی ناچێت: (بەڵێ مام حاجی تەرمەکە خوێ بکەم تا بازاڕت دەبێ، ئەوسا بێمەوە خزمەتت! تف لە خۆت و پارەشت، بۆچی ‹مردوو›ش کاڵا و کوتاڵە ئیحتیکار بکرێ!)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گی دی موپاسان، خۆی لەوەدا دەنوێنێت، بە

شێوەیەکی چاوەڕێنەکراو کۆتایی بە چیرۆکەکانی دەهێنێت. ئەو شێوازی نووسینە بە گەلێک لە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەداشەوە دیارە، وەک: ‹نوشتەکەی ئامینەخان،› ‹قورئانخوێندن لە جیاتی بەرتیل› و ‹چای دیوەخان،› ئەمەش لایەنێکی گەش و بەهێزی دیکەی چیرۆکی قزڵجییە.

نووسەر چونکە شارەزای کەلەپووری کوردی بووە، زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا کردووە و لە شوێن و وەختی خۆیدا بە کاری هێناون. بەسەر زمانی کوردیشدا زاڵ بووە و بە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و پاراو نووسیویەتی. ئەوی دەسەڵاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێت، ناتوانێت وێنەی شیعری دابهێنێت، قسەی بە توێکڵ بکات و پەی بە نهێنیی وشە ببات:

(* دەتگوت لە عاسمان هەرەوەزیان کردووە و بەفر هەلاجی دەکەن. چیرۆکی پێکەنینی گەدا.

* ئەفەندی دەمی وەک مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی. چیرۆکی عادەتی بازاڕ.

* ئەو ڕۆژە نیوگەز وەک مەقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو، تەرازووش مریشکە بەکورکت تێدا بنایەتەوە. چیرۆکی تاج و تەختی کوێخا هۆمەر.)

وەک بەو نموونانەوە دیارە، حەسەنی قزڵجی بە کوردییەکی جوان و ڕەوان نووسیویەتی، بەڵام (پێکەنینی گەدا لە بارەی زمانەوە لوتکەی ئەدەبی کوردی نییە،) وەک کەریمی حیسامی گوتوویەتی.(٦) دەشێت ئەو پێشەکییەی هێمن بۆ (تاریک و ڕوون)ی نووسیوە، یان ئەو زمانە بالآیەی شوکور مستەفا پێی دەنووسێت، وەک لوتکەی زمانی ئەدەبی کوردی، ئاماژەیان بۆ بکرێت، وەلێ قزڵجی هەندێک جار هەڵەی کردووە، وەک: (کوتوپڕ و بە شێنەیی سەری هەڵێنا.) کوتوپڕ و بە شێنەیی، هاومانا نین، دژەمانان. یان: (دار و درەخت وەک دۆستانی بەئەمەک و هاوبیر سەریان بە یەکەوە نابوو، ئەتگوت ڕاز و نیاز دەکەن، ئەتگوت وەک دەوڵەمەند و



خواپێداوەکان لەسەر شانۆی کابارەکان، سەما دەکەن و ئاگایان لە دەرد و مەرگی کەس نییە.) لە کاتێکدا ویستوویەتی بە زمانێکی شیعری بنووسێت، بەڵام یەک شتی دیاریکراوی: دار و درەخت، بە دوو شتی جیاواز و دژ بە یەک شوبهاندووە: دڵداری بەئەمەک و دەوڵەمەندی دڵڕەق! لەگەڵ ئەم یەک دوو سەرنجەشدا، هێشتا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین، پێکەنینی گەدا بە زمانێکی پوخت نووسراوە و ئەوی لە زمانی نووسینەکانی ساڵانی حەفتای قزڵجی ورد ببێتەوە، هەست دەکات، زمان نووسینی بەردەوام لە گەشەکردندا بووە.

2005 - 1990

**سەرچاوەکان**


(١) ئەحمەدی شاملو، تا شکۆفەی سووری کراسێک، وەرگێڕانی ناسر حیسامی، ل١٤ ئینتیشاراتی پویا.

(٢) حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، چیرۆکی عادەتی بازاڕ، ل٢٨

(٣) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣

(٤) بیلنسکی، نصوص مختارە، ترجمە: یوسف حلاق، ص٤٨ دمشق ١٩٨٠

(٥) کەریم حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەنی قزڵجی، پەیڤ، ژمارە (٣) لەندەن ١٩٨٦

(٦) هەمان سەرچاوە.

## ڕووخساری لە دەمەتەورێک دەچوو
## لە دەسکەکەی دەریەڕیبێت

### هەڵاتن

لە هاوینی ١٩٨٤دا کە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ی تایبەت بە چیرۆکی کوردی بڵاو کرایەوە، یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەو ژمارەیە (هەڵاتن)ی فازیل کەریم ئەحمەد بوو، ئەو وەختە من یەکەمین جارم بوو، بە دیداری بەرهەمی ئەو نووسەرە شاد ببم. کە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بوومەوە، هەستم کرد بەرەو ڕووی نوسەرێکی بەتوانا بوومەتەوە. بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت، خوێنەر ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەرێکدا نەبووبێت و هەر لەیەکەم دیدارەوە پەسەندی بکات، بە تایبەتی نووسەرێکی گومناو. ئەگەر چی فازیل کەریم ئەحمەد تاساڵی ١٩٨٤ وەک چیرۆکنووس نەناسرا بوو، وەلێ بە چیرۆکی هەڵاتن، هەبوونی خۆی وەک چیرۆکنووسێک سەلماند. بە گوێرەی ئەفسانەی گریک، دارە ئەفسوونا وییەکەی (میداس،) بەر هەر شتێک کەوتبێت، کردوویە بە زێڕ، قەڵەمی نووسەری بەتواناش، هەر لەو دارە ئەفسوونا وییە دەچێت، ئەوە نییە (قوڕی وشە، دەکات بە بەرهەمی زێڕین.)

لە چیرۆکی (هەڵاتن)دا، ڕێبوار و کاڵێ یەکدییان خۆش دەوێت، بەڵام چونکە هەر چی دەکەن، بە شێوەیەکی ئاسایی پێک ناگەن، بۆیە ڕێبوار کاڵێ هەڵدەگرێت. ئەوانەی شەیدای جیهانی چیرۆکی کوردین، دەزانن



گەلێک جار لە دەرگەی ئەم بابەتە دراوە. د. مارف خەزنەدار یەکێکە لەو نووسەرانەی سەرکەوتووانە بابەتی ڕەدووکەوتنی خستووەتە چوارچێوەی چیرۆکەوە. لە چیرۆکی(دڵداری قەدەغە نییە)ی د. مارف خەزنەداردا، کە ئاداری ١٩٦٢ لە لێنینگراد نووسیویەتی، پاش تێپەڕبوونی قارەمانەکانی بە بارودۆخێکی لەباردا، گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا دێت. بارودۆخێکی وا کە ئەو کارەکتەرانە لە کەسانی کۆنەپارێز و خۆپەرستەوە، دەکاتە خەڵکانی هۆشیار و شۆڕشگێڕ، کە ئەمە سیمای سەرەکیی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستە و لایەنی هەرە بەهێزی چیرۆکەکەشە.

لە چیرۆکی (هەڵاتن)دا، کاڵێ و ڕێبوار دڵخوازی یەکترن، ئەمیان ژن بە ژنی پێ دەکرێت و ئەویشیان دەبێتە پێشمەرگە. ڕێبوار پاش چەند ساڵێک پێشمەرگایەتی، چەک دادەنێت و کاڵێ هەڵدەگرێت، هاوسەنگەرەکانی خۆی دەستگیریان دەکەن و هەردووکیان گوللەباران دەکەن. هەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتی، لە هەر قۆناغێکدا بێت، دابونەریتی چینە سەروەرەکەی بەسەردا زاڵە، ژن بە ژن دیاردەیەکە زادەی قۆناغی فیودالی و کولتووری فیودالە، ڕەدووکەوتنیش دەرئەنجامی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ناڕەواکانی هەمان قۆناغە. لە ڕوانگەی دەرەبەگەوە، ڕەدووکەوتن پەڵەیەکی شەرمەزارییە و بە ئاوڕوو کڕینەوە لە ڕێی ڕشتنی خوێنەوە چارەسەر دەکرێت، یان دەشێت کێشەکە بە وەرگرتنی بڕێک پارە یان ژنێک، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێ بهێنرێت. کە کۆمەڵگەیەک لە قۆناغێکەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە، کولتووری قۆناغەکەی پێشوو، بۆ ماوەیەک کە دەشێت درێژە بکێشێت، لە قۆناغە نوێیەکەشدا هەر ڕەگوڕیشەی دەمێنێت، بۆیە سەیر نییە کە چارەسەر لای چینێکی لە فیوداڵ پێشکەوتووتریش هەر هەمانی چارەسەری دەرەبەگانە بێت.

برای کچە ڕەدووکەوتووەکەی (دڵداری قەدەغە نییە)ی د. مارف خەزنەدار،

که بۆ سەندنەوەی تۆڵە، ڕوو لە شار دەکات، دەبێتە کرێکار، دەچێتە ڕیزی حیزبەوە و لەگەڵ (زاوا)کەیدا، خۆی لە هەمان شانەدا دەبینێتەوە. برای کچە، نەک هەر جێپێی چینایەتیی گۆڕاوە و لە جووتیارەوە بووە بە کرێکار، بەڵکوو لە فێرگەی حیزبدا، وەک فیکر و ڕەوتاریش هێندە گەشەی کردووە، دەست دەکاتە ملی زاواکەی و نەفرەت لە کولتووری کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی دەکات. ئەمەی د. مارف خەزنەدار لە سەرەتای ساڵانی شەستدا نوقڵانەی بۆ لێ داوە، لە کۆتایی ساڵانی حەفتادا و لە ناو (شۆڕشی نوێ)شدا بەدی نەهاتووە، ئەمە ئەو کارەساتەیە کە فازیل کەریم ئەحمەد سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشاوە.

بابەتی (دڵداری قەدەغە نییە،) بەرهەمی خەیاڵی بەپێزی د. مارف خەزنەدارە و باس لە جیهانێک دەکات کە خوازیارە بەدی بێت، بەڵام بابەتی (هەڵاتن)ی فازیل کەریم ئەحمەد لە ناوچەی قەرەداغ ڕووی داوە. کە چیرۆکنووس ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە، پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت، ئەو دیرۆکنووس نییە، تا ڕووداوەکە وەک خۆی بنووسێتەوە و بە موو لێی لا نەدات، ئەمە بەو مانایە نییە مافی ئەوەی هەبێت، ڕووداوەکە بشێوێنێت و سەرەنگوێلک وەک گوڵزار، یان داڵ وەک هەڵۆ نیشان بدات. ئەگەر چی چیرۆکی هەڵاتن، زادەی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، وەلێ نووسەر خەیاڵی خۆی تێکەڵ کردووە، ئەمەش نیشانەی لێهاتووییە.

وەک بە (مۆڵەت)ەوە دیارە، خۆشەویستی لە کن سارتەر، بۆنی پاشەڕۆکی لێ دێت، ئەوە نییە کارەکتەرەکانی لە سەروەختی سەرئاودا، خەریکی گۆڕینەوەی ڕازی دڵدارین! سیمۆن دی بۆڤواریش لە (میوان)دا، قارەمانەکانی لە هەڵوێستی وادا نیشان دەدات، ئەوی ڕەچاوی نەکەن، ڕێساکانی ژیانی هاوبەشە.(١) وەلێ هەردوو قارەمانی هەڵاتن، کاڵێ و ڕێبوار، ڕەوتاریان لە ڕەوتاری کارەکتەرەکانی سارتەر و بۆڤوار جیاوازە،



ئەمان قوربانیی بارە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکەن و سەر بۆ دۆخە سەخت و نالەبارەکە شۆڕ ناکەن. کە گوڵی ئاواتیان پێشێل دەکرێت، ئەمانیش لە نەریتی باوی دەرەبەگایەتی یاخی دەبن.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کچ بە گوێرەی ویستی خۆی هاوسەر هەڵدەبژێرێت، جێی سەرنجە مافێک کە بۆرژوا دابینی کردووە، کەسانی خۆ بە شۆڕشگێڕ زان، نەک هەر نایسەلمێنن بەڵکوو شێلگیرانە داکۆکی لە دابونەریتی قۆناغی دەرەبەگایەتی دەکەن. کە پێشمەرگە لە هۆشیاری بێبەش بوو، بێ ئەوەی بخوازێت لە تێکۆشەرەوە دەبێتە بکوژ و بێهەست، وەک ڕۆبۆت هەڵسوکەوت دەکات، ئەوە نییە یەکێک لە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ڕێبوار دەڵێت: (کارەکە لە سەرووی دەسەڵاتی ئێمەوەیە، بە داخەوە ناتوانین هیچت بۆ بکەین.)

هاوسەنگەرە دێرینەکانی ڕێبوار، دوو ئاشقی دیکەشیان کە لە تاو زەبروزەنگی شار هەڵاتبوون و بەرەو ئامێزی شۆڕش هاتبوون، هاوینی ١٩٨٣ بەرانبەر گوندی چاڵاوە، لە دۆڵی جافەتی وەک کاڵێ و ڕێبوار گوللەباران کرد. من کە بینەری ئەم زەماوەندە خوێناوییەیان بووم، چیرۆکی هەڵاتن هەژاندمی و کاریگەریەتییەکی ئەفسووناوی لە ناخمدا جێ هێشت. هەڵاتن قامکی تاوانبارکردن، بۆ بکوژانی ئەو دوو ئاشقە درێژ دەکات، ئەم هەڵوێستنواندەنە کە زادەی بوێرییە، نیشانەی ڕاستگۆیی نووسەریشە و (لابردنی دەمامکی شۆڕشگێڕانەیە، لە سەر ڕووخساری فاشیستان.) حیزب هەندێک جار ناچار دەبێت، ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خۆی سزا بدات، وەلێ نابێت وەک دوژمن ڕەوتاریان لەتەکدا بگات.(٢) لە هەموو دیاردەیەکدا گەوهەر دەردەکەوێت، بەڵام بەشێکی نەک هەمووی.(٣) ئەو ڕەوتارەی بکوژەکانی ڕێبوار و کاڵێ، ئەگەر وەک دیاردەیەک سەرنج بدەین، ئەوا بەرجەستەکردنی گەوهەریشیانە و شتێکی ساتەوەختی و ڕێکەوتێکی بێ بناغە نییە، ئەگەر چی (ڕێکەوتیش کلیلی پێویستییە.)

هونەری پرۆلیتاریا ڕێگەی ڕیالیزم دەگرێتە بەر و ڕاستگۆیانە ژیان بەرجەستە دەکات، وەلێ هونەری بۆرژوا، ژیان جوانتر لەوەی هەیە، نیشان دەدات. لە ڕوانگەی لێنینەوە، هەڵەی زەقی ڕۆمانی (دایک)ی گۆرکی، خاوێن نیشاندانی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ بووە.(٤) نووسەری هەڵاتن ئەگەر چی ناڕاستەوخۆ لایەنگیریی خۆی بۆ ڕێبوار دەربڕیوە، وەلێ نەهاتووە وەک سوپەرمان بەتوانا و مینا مەسیح بێگەرد نیشانی بدات، بەڵکوو وەک مرۆڤێکی ئاسایی وێنەی کێشاوە و ئینسانیش کەم و زۆر خاوەنی کەموکوڕییە.کە هاوسەنگەرە دێرینەکەی پێی دەڵێت: (چەند جارمان پێ گوتی بە گران لەسەرت دەکەوێ..) ڕێبوار هەست بە لاوازی دەکات و دەڵێت: (پیاو خۆی پێ دابین ناکرێت.)

هەڵاتن وەک ناوەڕۆک دەوڵەمەندە، وەک تەکنیکیش، نووسەر بە شێوەیەکی کۆن بابەتەکەی پێشکەش نەکردووە، کەڵکی لە شێوە تەکنیکەکانی چیرۆکی هاوچەرخ وەرگرتووە و بە داهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. زانیویەتی (ڕووخسارپەرستی دەعبایەکە ناوەڕۆک دادەپاچێت،)(٥) بۆیە کە ڕووداوەکەی کەرت کەرت کردووە، سوودی لە هونەری سینەما بینیوە و گەمەی بە کات و شوێن کردووە، ئاگاداری ئەوەش بووە، ناوەڕۆک نەکاتە قوربانی فۆرم. کە لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو گەڕاوەتەوە، زیرەکانە سوودی لەو تەکنیکە وەرگرتووە، بێ بۆنە و بێ زەمینە بۆ خۆشکردن، وەختی لەتوپەت نەکردووە، بەڵکوو بە هۆی دیمەنێکی ئێستاوە، بەسەرهاتێکی ڕابردووی بیر کەوتووەتەوە. ڕێبوار لەو کاتەدا کە لاقیان بەستووەتەوە و دەمی چەقیوەتە زەوییەکە، ئەو وەختەی بیر دەکەوێتەوە کە لە ترسی هێلیکۆپتەرەکان ناچار ببوو، توند خۆی بە عەردەوە بنووسێنێت. لە ئێستادا کە زمانی وەک پەلاسی لێ هاتووە، ئەو کاتەی بیر دەکەوێتەوە کە بە زەبری دەستڕێژی هێلیکۆپتەرەکان دەمی وشک هەڵگەڕابوو. کە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ئابڵووقەی دەدەن،



برینداری دەکەن و ئاگر لەو خانووەش بەر دەدەن کە خۆی تێدا حەشار داوە، ئەوانی وەک پۆلێک داڵ دێتە بەر چاو و داڵەکانیشی لێ دەبێتەوە بەو هێلیکۆپتەرانەی وەختی خۆی برینداریان کرد.

هەڵاتن لەو چیرۆکانە نییە لەم دەرگەیەوە بچیتە ناوییەوە و لەو دیکەیانەوە لێی بێتە دەرەوە، ڕێسای سەرەتا، گرێ و کۆتایی، تێدا ڕەچاو نەکراوە، لە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە دەستپێ دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر لە چەندان کات و شوێنی جیاوازەوە تیشک دەخرێتە سەر بابەتەکە، ئەمانەش بەشێکن لە سیماکانی چیرۆکی نوێ.

پێم وایە چیرۆک دەبێت پشت بە زمانی شیعری ببەستێت، یەکێک لەو توخمانەی من لە چیرۆکدا بە دوایدا عەودالم، وێنەی شیعرییە. چیرۆکنووسی کارامە گەلێک جار بە زمانی شیعری دەنووسێت و دەزانێت لەسەر زاری کام کارەکتەر، ئەو وێنە شیعرییانە دردەبڕێت. ئاخر دەبێت تەنیا قارەمانێک شاعیرانە بێتە گۆ، کە ئەوەی لەباردا بێت و کە بەو زمانە جوانە دەپەیڤێت، ئاخاوتنەکانی لە هی خۆی بچن. ئەو کاتانەشی چیرۆکنووس خۆی گێڕەرەوەیە، نیشانەی بەسەر هونەرەکەدا زاڵبوونە، ئەگەر بە زمانێکی شیعریی بێتە گۆ. نووسەری هەڵاتن، سەرکەوتووانە زمانی شیعری هێناوەتە نێو چیرۆکەکەیەوە، بۆ نموونە: (هەتاو تۆپێکی ئاگرین بوو، زمانە دڕکاوییەکەی وەک پەنگر بە برینەکانییەوە دەچزاند.)

**لە گێژاودا**

نووسینی چیرۆکێک بە دیوێکدا واقیعی و بە دیوەکەی دیدا، ڕەمزی بێت، چیرۆکێک وێڕای واقیع پشت بە سیحر، ئەفسانە و داستانیش ببەستێت و بە کەرەسەی مێژوویەکی دێرین، باس لە کێشەیەکی نوێی هاوچەرخ بکات، نووسینی چیرۆکێکی وا کارێکی ئاسان نییە و تەنیا نووسەری کارامە دەتوانێت خۆی لە قەرەی بدات. وەنەبێت لە چیرۆکی کوردیدا، نموونەی لەو چەشنە نەبێت، وەلێ گرنگ نووسینی چیرۆکێکی ڕەمزی یان ڕیالیزمی

ئەفسووناوی نییە، گرنگ نووسینی ئەو جۆرە چیرۆکەیە بە شێوازێکی سەرکەوتوو.

لە چیرۆکی (لە گێژاودا) وەک دیوی دەرەوە، خوێنەر هەست دەکات چیرۆکێکی رەمزی دەخوێنێتەوە، وەلێ هاوزەمان هەست بە جیهانێکی ریالیستیش دەکات. نووسەر دیوارێکی لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا، رەمزی و واقیعی، قوت نەکردووەتەوە، بەڵکوو بەگەرخستنی رەمز، خزمەتی بە رەوتی واقعییانەی چیرۆکەکە کردووە. گۆرکی دەڵێت: (راستی بە ساکاری و ئاسانی خۆی دەنوێنێت، وەلێ ساختە پێویستی بە ئاڵۆزی هەیە.) فازیل کەریم ئەحمەد بە شێوازی ئاسان، باسی کێشەی ئاڵۆز دەکات.

قارەمانی لە گێژاودا، لە پێناوی گەییشتن بە (ئەسپەشێ)دا دەبێتە رێبواری کاروانێک کە رێگەیەکی سەخت و پڕ هەڵدێری لە بەرە، کە بە ئەزموونی خۆی دەگاتە ئەو بڕوایەی، کاروان ملی رێیەکی هەڵەی گرتووە و پێشەنگی کاروانیش سەرقاڵی بازرگانییە، دەستبەرداری کاروانەکە دەبێت. (کاروانەکەمان لە کەشتییەکی تێکشکاو دەچێت کە تەوژمی لافاوێکی هێجگار گەورە هەڵیگرتبێت و کەشتییەوانەکانیش بە دۆشداماوییەوە چاوەڕێی ئەفسانەیەکن لە ئاسمانەوە بۆیان دابەزێت.) ئەگەر چی ئەو کاروانە چاوەڕوانی پەرجۆیەک* دەکات، وەلێ وەک فەیلەسووفی رۆمانی (سینیکا) گوتوویەتی: (کاتێک مرۆڤ نەزانێت ئامانجی کام بەندەرە، سوود لە هیچ (با)یەک نابینێت.) کە قارەمانەکە بەم سەرئەنجامە دەگات، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە فیکریدا ڕوو دەدات، درێژە بە خۆفریودان نادات و بە دەستی خاڵی بەرەو گوندەکەی دەگەڕێتەوە.

خوێنەر کە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە بەرەو ڕووی ئەو واقیعە دژوارە دەبێتەوە، وای بۆ دەچێت نووسەر نوقمی زەریای نائومێدییە و تەنیا وێنەی ئاسۆ لێڵەکان دەکێشێت، بەڵام کە زێتر ئاشنای جیهانی چیرۆکەکە دەبێت،



تەمی ئەو بۆچوونەی دەڕەوێتەوە. چیرۆکنووس تۆزوخۆڵ ناکاتە چاوی خوێنەرانەوە، سەری لێ ناشێوێنێت و ڕاستگۆیانە باسی کارەساتەکەیان بۆ دەکات، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسەرانەی بەرهەمیان بۆ ڕاژەی ڕەوتی مێژوو تەرخان کردووە. فازیل کەریم ئەحمەد دیاردە دزێوەکان، ناشیرین، دیاردە جوانەکانیش، گەش نیشان دەدات و خوێنەران بۆ هەڵوێستنواندن بەرانبەر هەردوو جەمسەری کێشەکە هان دەدات، تا چالاکانە هەوڵی لە نێوبردنی دیاردە دزێوەکان بدەن و لایەنە گەشەکانیش زێتر جێگیر بکەن، تا جیهانی پڕ ستەم و ساختە خاپوور بکەن و جیهانێکی وا پێک بهێنن شایستەی مرۆڤ بێت. نووسەر لێزانانە هەردوو ڕۆڵەکەی خۆی دەبینێت: (ڕۆڵی گۆڕهەڵکەن و ڕۆڵی مامان،)(٦) گۆڕ بۆ تاریکی هەڵدەکەنێت و هەوڵی لە دایکبوونی ڕووناکی دەدات.

یەشار کەمال دەڵێت: (بڕوام بە دوو شتە، بە هێزی بێسنووری دوو شت، بە گۆڕانی بێسنووری دوو شت، ئەویش گەل و سروشتە،) فازیل کەریم ئەحمەدیش لە چیرۆکی لە گێژاوادا، هەموو کێشەکانی لەو دوو خانەیەدا کۆ کردووەتەوە، ململانێی نێوان ئینسان و سروشت، ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. لە لایەکەوە کاروانەکە لە (شەڕێکی بەردەوامی ناهاوتادایە لەگەڵ سروشتدا،) لە لایەکی دیکەوە، قارەمانی چیرۆکەکە لە شەڕێکی نابەرانبەردایە لەگەڵ پێشەنگی کاروانەکەدا، بەڵام ئەو دوو بواری ململانێیە لێکدابڕاو نین، هاوزەمان ڕوو دەدەن و لە یەک بۆتەدا تواونەتەوە.

نووسەر باس لەوە دەکات کە (مرۆڤ لە سەرەتای ڕێگەیەکی ڕاستدا بێت، چاکترە لەوەی نیوەی ڕێگەیەکی چەوتی بڕیبێت.) ئەمەش لەسەر زمانی قارەمانەکەیەوە دەردەبڕێت: (هیچ نەبێت ئەوە لە خەڵکی کوێستان فێر نەبووین کە پیاو کاتێک بە لاپاڵێکی بەستوودا دەڕوا، تا جێی پێیەکی بە تەواوی نەکاتەوە، پێیەکەی تری هەڵنابڕێت،) وەلێ پێشەنگی

کاروانەکە پێی وایە، گرنگ گەیشتن بە ئامانجە بە هەر ڕێگەیەکدا بێت: (بە کام ڕێدا بڕۆین گرنگ نییە، بەدیهاتنی ئاواتەکانمان گرنگە.) قارەمانی چیرۆکەکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ڕەت دەکاتەوە، هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش لە بەردەم ڕەوتی کاروانەکەدا نابینێت، هەست دەکات فێڵی لێ کراوە و لەگەڵ ئەو کاروانەدا بە ئەسپەشێ ناگات، بۆیە خۆی فریو نادات و لێی جوێ دەبێتەوە.

ئەم چیرۆکە ئەو کاروانە وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە کە لە کۆتایی ساڵانی حەفتادا بەرەو هەکاری بەڕێ کەوت و ژیانی ڕێبوارانی بە تراژیدیا کۆتایی هات، (پیاو لە بەردەم شاڵاوی برسیەتی، سەرماوسۆڵە و نەشارەزاییدا، لە مریشک و جووچک بێ دەسەڵاتترە.) ڕوو بە ڕووبوونەوەی قارەمانانی (لە گێژاودا) لەگەڵ بەفر و کڕێوەدا، لە جیهانی چیرۆکەکانی (لەژێر ئاسمانی شەختەدا)ی جاک لەندەن دەچێت و کەم و زۆر جێپەنجەی ئەو کۆچیرۆکەی پێوە دیارە. لەگێژاودا، کاریگەریەتیی ڕۆمانی (ئەفسانەی چیای ئاگری)ی یەشار کەمالیشی لەسەرە. لە ئەفسانەی چیای ئاگریدا، هەوێنی هەموو کێشەکان ئەسپێکە، لە چیرۆکەکەی فازیل کەریم ئەحمەدیشدا، قارەمانەکە بۆ سۆراخی ئەسپەشێ ڕێگەی شاخ دەگرێتە بەر. ئەسپەکە لە هەردوو بەرهەمەکەدا، ئەسپێکی ئەفسووناوییە و ڕەمزە بۆ مەسەلەیەکی مەزن، یەکێکیش لە کارەکتەرەکانی هەردوو کارەکە، (پیری کاروانە) کە لە هەردوو بەرهەمەکەدا، سیمبۆلە بۆ مێژوو.

ئەوانەی شارەزای تیۆریی ئەدەب نەبن، هەر کە جێپەنجەی نووسەرێکی بێگانەیان بە بەرهەمی نووسەرێکی خۆڵاتییەوە بینی، گومان لە دەستپاکیی نووسەرە خۆڵاتییەکە دەکەن، یان لە باشترین دۆخدا وەک لایەنێکی لاواز بۆی تۆمار دەکەن، وەلێ ڕاستییەکەی ئەوە لایەنێکی گەشە و نیشانەی بڵندیی ئاستی ڕۆشنبیرییە، کە نووسەرێکی کورد سوود لە ئەدەبی گەلانی تر وەربگرێت، بە مەرجێک فازیل کەریم ئەحمەد ئاسا،



وێنەی دووەمی نووسەرانی بێگانە نەبێت و قسەی وان دووبارە نەکاتەوە، بەڵکوو بە کەرەسەی وان کۆشکێکی تایبەت بە خۆی ڕۆ بنێت.

یەکێک لە بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری، دەستنیشانکردنی کاریگەریەتیی نووسەرانی بێگانەیە، لەسەر نووسەرانی خۆڵاتی. ڕاستە یەشار کەمال کوردە و بەرهەمەکانیشی بەرجەستەکردنی واقیعی کوردەوارین، وەلێ بەرهەمی ئەدەبی، بە زمانی کام نەتەوە بنووسرێت، بە موڵکی ئەو نەتەوەیە لە قەڵەم دەدرێت. ئەوانەشی بەرهەمی یەشار کەمال بە موڵکی گەلی کورد نێوزەد دەکەن، تەواو وەک ئەوانەی ناسنامەی کوردبوونی پێ ڕەوا نابینن، چونکە بە کوردی نانووسێت، بە هەڵەدا دەچن. عەبدولمەجید لوتفی، بڵند حەیدەری، جەلیل قەیسی و محێدین زەنگەنە، ئەگەر چی کوردن، وەلێ چونکە بە عەرەبی دەنووسن، بەرهەمیان بە بەشێک لە ئەدەبی عەرەب لە قەڵەم دەدرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە، بەراوردی نێوان بەرهەمی یەشار کەمال و فازیل کەریم ئەحمەدم کردووە.

نووسەری چیرۆکی لە گێژاودا، بە گشتی ڕەمزەکانی لە جێی شیاوی خۆیاندا بەکار هێناوە، وەلێ نەدەبوو داڵ و هەڵۆ لە یەک سەنگەردا کۆ بکاتەوە، (ئای ئەسپەشێ ئێستا لە کوێیت؟ وەرەوە با ڕەشەبا لوولت نەدات و داڵ و هەڵۆ نەبنە میوانت،) چونکە داڵ شەیدای سەرەنگوێلک و گۆشتی ئاژەڵی مردارەوە بووە، وەلێ هەڵۆی لوتکەنشین ئەوی خۆی ڕاوی نەکات نایخوات و ڕەمزە بۆ سەربڵندی و بوێری.

### ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕەخنەگر، ڕۆنانی پردە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، بۆیە ڕەخنەگر پێویستە ڕووناکی بخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە نووسەر بۆ خۆپاراستن لە ڕاستەوخۆیی، لەو دیو تەمومژەوە دەیانڵێت. چیرۆکی (ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن،) وێنەگرتنێکی هونەریی ئەو هێرشەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای ئایاری ١٩٨٣دا کردییە سەر

بنکەکانی حیزبی شیوعیی عێراق لە پشتئاشان. فازیل کەریم ئەحمەد باس لە تەواوی هێرشەکە ناکات، بەڵکوو تەنیا دیمەنێک لەو شانۆگەرییە خوێناوییە پیشان دەدات، بەڵام کە باسی شتێکی (تایبەت)ی کردووە، ڕەگەزەکانی (گشت)ی کەم تا زۆر، ڕۆشن کردووەتەوە.

چیرۆکنووس دوای وەسفێکی شاعیرانەی (قەندیل،) سەرنجی خوێنەری بۆ نەخۆشخانەکەی پشتئاشان ڕاکشیاوە کە تێیدا (لەمیس) و ( قەیس)ی تازەکی لە دەست زەبروزەنگی ڕژێمی عێراق هەڵاتوو، ئێشکی بریندااران دەگرن. ئەو کیژ و کوڕە عەرەبە، پێشتر نیازیان وا بووە لە شار زەماوەند بگێڕن، وەلێ بۆ خۆ دەربازکردن لە دەست شاڵاوی بەعس ڕوویان لە چیا کردووە و بە نیازن لە سایەی ئازادیدا بە یەکدی شاد بن، کەچی لەناکاو دەکەونە بەر شاڵاوێکی دیکە. پەلامارەدەران یان ڕاستتر پێمیمەکانی ینک گەرەکیانە دوای بریندارەکان، (قەیس)یش بکوژن، لەمیس خۆی دەکاتە قەڵغانی و هەوڵی ڕزگارکردنی دەدات، وەلێ (شێرۆ،) بەزەیی، سۆز، ئەوین و مرۆڤایەتی نافامێت و بێباکانە هەردووکیان گوللەباران دەکات.

ئەگەر ئەو چوار گوللەیەی (مۆرسۆ)ی قارەمانی (نامۆ)ی کامۆ، (لێدانێکی بە پەلە بووبێت لە دەرگەی مەینەتی،) بۆ خودی مۆرسۆ یان بۆ کوژراوەکە، ئەوا ئەو دەستڕێژەی (شێرۆ) لە قەیس و لەمیسی دەکات، وازکردنی قاپیی نائومێدییە بە ڕووی دوو گەلی چەوساوەی ژێر چەپۆکی بەعسدا، وەلێ وەک فازیل کەریم ئەحمەد بۆی چووە، ڕۆژێک دادێت، کانیاوی خوێنی دەیان قوربانیی وەک قەیس و لەمیس، چەشنی پەپوولەی باڵنەخشین بەرەو ئاسۆیەکی ئەرخەوانی هەڵبفڕن. مۆرسۆ (کام کارەساتەی هەوێنی هەژاندنە، تۆزقاڵێک نایبزوێنێت،)(٧) (شێرۆ)یش (کە دەشێت چیرۆکنووس مەبەستی نەوشیروان مستەفا ئەمین یان شەوکەتی حاجی موشیر بێت، ئاخر یەکەمیان فەرمانی کوشتنی دیلەکانی دەرکرد و دووەمیان جێبەجێی کرد،) کەسێکە هێندە تینووی خوێنڕشتنە،



(ڕووخساری لە دەمەتەورێک دەچێت لە دەسکەکەی دەرپەڕیبێت) و کە لەمیس و قەیس دەبینێت، باسکیان لە ئەستۆی یەکدی ئاڵاندووە، بێ سڵەمینەوە، خەمساردانە دەیانداتە بەر ڕێژنەی گوللە و شاییەکەیان لێ دەکاتە (زەماوەندێکی خوێناوی)ی ڕاستەقینە.

وەک چۆن قارەمانی چیرۆکی (لە گێژاوادا،) ئومێدی بە کاروانەکە نامێنێت و دەستبەرداری دەبێت، (مەلا هێدی)یش کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکی (ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن) و هاوسەنگەرێکی (شێرۆ)یە، کە ڕاستەوخۆ ڕەوتاری فاشیستانەی هاومەتەرێزەکەی دەبینێت، چی دیکە قایل نابێت، یاسای جەنگەڵ جێبەجێ بکات و ئەو شانۆ خوێناوییە جێ دەهێڵێت. ئەنگڵس دەڵێت: (هەموو مێژوو تەنیا گۆڕانکاریی بەردەوامە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا، هەر بۆیە سروشتی مرۆڤایەتیی ئەم قۆناغ جیاوازە لە هی قۆناغێکی دیکە.)(٨) دەشێت مەلا هێدی لە قۆناغێکی ژیانیدا بە (شێرۆ) سەرسام بووبێت، وەلێ (ڕووباری گۆڕان بەردەوام هاژەی دێت و کەس ناتوانێت دوو جار لە هەمان ئاودا مەلە بکات،) فازیل کەریم ئەحمەدیش لەو ڕوانگەیەوە، لە گۆڕاندا نیگاری قارەمانی (لە گێژاودا) و مەلا هێدیی کێشاوە کە دەشێت هەردووکیان هەر خودی چیرۆکنووس بن، ئەوە نەبوو لە دژی شەڕی نێوخۆ، وازی لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا؟

یەکێک لە ئەرکەکانی ئایدۆلۆژیا، (ئەدەبیش بەرجەستەکردنێکی هونەرییانەی ئایدۆلۆژیایە،) پێشبینیکردنە، پۆڵ لاڤارگ دەڵێت: (بەلزاک تەنیا مێژوونووسی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی نەبوو، بەڵکوو خوڵقێنەری جۆرە کەسانێکی وەهاش بوو کە خۆی پێشبینی کردبوون، کەسانێک کە لە سەردەمی لویس فیلیپدا خونچە بوون و دوای مەرگی نووسەر، لە سەروەختی ناپلیۆنی سێیەمدا گەشانەوە.) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ژنێکی وەک (دایک)ەکەی گۆرکی لە ڕووسیادا نەبووە، ئەو دایکە

پێشبینییەکی زیرەکانەی ڕۆماننووسە و خۆی خوولقاندوویەتی، لە هێرشەکەی سەر (پشتئاشان)یشدا، هەرچەندە کەسانێکی زۆر لە هاوسەنگەرانی (شێرۆ) هەستیان بە شەرمەزاری کردووە و ویژدانیان ئازاری داون، ئەگەر چی کەسیان وەک مەلا هێدی ڕەوتاریان نەکردووە، وەلێ دوای ئەو کارەساتە بە یەک دوو ساڵ، کەسانێکی زۆر هەمان هەڵوێستی (مەلا هێدی)یان نواند و لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان جوێ بوونەوە. ئەمەش وەک وێنەکێشانی واقیعە لە گۆڕاندا و نوقڵانەلێدانێکی هۆشیارانەیە، یەکێکیشە لە ئەرەکە سەرەکییەکانی نووسەر. ژنەشاعیری گورجستان، مزیا گۆری دەڵێت: (نووسەر نابێت خەو بە مرۆڤی نوێوە ببینێت، بەڵکوو پێویستە مرۆڤی نوێ بخولقێنێت.)

ژن لە چیرۆکی (ئەمرۆ زەماوەند دەگێڕن)دا، ڕۆڵێکی ئیجابی وازی دەکات، (لەمیس) لێ ناگەڕێت، (قەیس)ی دڵخوازی بە بەر چاوییەوە بکوژرێت، لە تەنگانەدا جێی ناهێڵێت و وەک چۆن بۆ ژیان لەگەڵیدا بووە، بۆ مەرگیش لێی جیا نابێتەوە و پڕ بە گەرووی بە ڕووی جەللاداندا هاوار دەکات: (دەبێت منیش لەگەڵ ئەودا بکوژن،) ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە کە ژن دەبێت بیبینێت، وەک عەبدوڵڵا پەشێو لە هۆنراوەی (لەگەڵما بە)دا خەوی پێوە بینیوە:

لەگەڵمابە گەر هات و ڕۆژێک لە ڕۆژان
بوو بە تانە، تفم لە چاوی دوژمنا
لەگەڵمابە گەر پەتی سێدارە وتی:
(کڕنووش بەرە، ناتخنکێنم،) قیژاندم نا.(٩)

نەک تەنیا هەر مرواریی فرمێسک هەڵبوەرێنێت، وەک (هەڵۆ بەگ) لە هاوسەرەکەی داوا کردووە:

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت، هەتیوێ پێی بلێ ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە.(١٠)



(یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر بەخشینی چێژە بە ئینسان، وەلێ پێویستە ئەو لەززەتە، لەززەتێک بێت، خەڵک فێر بکات جوانییان خۆش بوێت و لە پێناویدا خەبات بکەن.)(١١) ئابیکۆر هەموو ژیان لە لەززەتدا خەست دەکاتەوە و پێی وایە ژیان گەڕانە لە دووی لەززەت و هیچی تر. محەممەد موکری، ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی و ڕەئووف بێگەرد، زۆر جار ئەو تێزەی ئابیکۆر بەرجەستە دەکەن، نیزار قەبانی و قوبادی جەلی زادەش، ژن وەک سەرچاوەی لەززەت دەبینن. فازیل کەریم ئەحمەد لە (هەڵاتن) و (ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن)دا، باسی دڵداری دەکات و ڕاز و نیازی ئاشقان دەدرکێنێت، بەڵام بە پێوەندیی لەگەڵ کێشەی نێوان چەوساوەکان و ستەمکاران. ئەو باسی نیشتمانێک دەکات، تێیدا دڵداران لە خاچ دەدرێن، یان مەحموود دەرویش گوتەنی: (ئەویندااران تێیدا بە لقی ئاسنینەوە هەڵدەواسرێن.)(١٢) فازیل کەریم ئەحمەد خوێنەر بۆ ڕۆنانی جیهانێک بانگهێشت دەکات، تێیدا دڵدار بە دڵخوازی بگات و (فەرشی ژێر پێی ئاوریشمی گوڵاڵەسوورە بێت،)(١٣) نەک لە خوێنی خۆیدا شەڵاڵ بکرێت.

هەموو ئەنجامێک هۆی خۆی هەیە، بەڵام هۆ شتێکە و بیانوو شتێکی دیکە. ئەگەر شازادە نەمساییەکەش نەکوژرابا، بە هۆی ئەو قەیرانە مەزنەوە کە سەرمایەداریی جیهانیی تووشی هاتبوو، یەکەمین جەنگی دنیاگرەوە هەر هەڵدەگیرسا، وەلێ بیانووی بەرپابوونی جەنگەکە، خوێنی شازادەکە بوو. بیانووی ئەو هێرشەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش بۆ سەر پشتئاشان، خوێنی (شێخ شەماڵ) بوو. سکرێتری حیزبی شیوعیی عێراق، عەزیز محەممەد لە دیمانەیەکدا، دەڵێت: (ی. ن. ک لەسەر خواستی سۆسیال دیموکراتەکان، ئەو هێرشەی کردە سەرمان.) شەش مانگ دوای ئەو پەلامارە، ینک بە هەنگاوی کورت و خاو، بەرەو لای ڕژێمی بەعس بەڕێ دەکەوێت.

من دیوارێک لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا بەدی ناکەم و چیرۆکنووسیش زێتر بۆ ناو سیاسەت پەلکێشم دەکات. یەکێک لە خەوشە دێرینەکانی (ح. ش. ع) ئەوەیە، قەت شەڕێکی نەکردووە، خۆی کات و شوێنەکەی هەڵبژاردبێت، قەت خۆی بۆ شەڕ با ڕەواش بوو بێت، ئامادە نەکردووە، هەمیشە هەوڵی داوە، خۆی لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی ڕاستەقینە بپارێزێت، بۆیە هەر کە شەڕێکی بەسەردا سەپێندراوە، زیانێکی گەورەی لێ کەوتووە. وەک چۆن هاوپەیمانییەتی لەگەڵ بەعسدا، پەڵەیەکە بە تەوێڵی حیزبی شیوعیی عێراقەوە، سازدانی ئەو کوشتوبڕەی پشتئاشانیش، پەڵەیەکی لە سڕینەوە نەهاتووە، بە هەنیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

کە قەلاچۆکردنی ئەرمەنییەکانم لە لایەن (سوارەی حەمیدی)یەوە بیر دەکەوێتەوە، کە شریتی هێرشەکەی سەر پشتئاشان بە بەر چاوی خەیاڵمدا گوزەر دەکات، هەرچەندە دەزانم چارشێوی ئەو لاپەڕە تەڵخانە، ڕووی زیوینی مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەم ناشارێتەوە، وەلێ هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە ئەو قەسابخانانە بە دەستی کورد ساز دروان. کەساڵی ١٩٨٢ زایۆنییەکان پەلاماری لوبنانیان دا و فەلەستینییەکانیان ناچار کرد جێی بهێڵن، لە ڕادیۆی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، گوێم لە بانگەوازێک بوو، بە فەلەستینییەکانی دەگوت: (ڕوو مەکەنە میسر، کە ڕژێمەکەی هەرەمەکانی هەڕاج کردووە، مەچن بۆ بەغدا، کە دێوی بەعسی فاشیست چۆکی لەسەر سنگی داداوە، وەرن بۆ کوردستان کە هەواری ئازادیخوازان و پەناگای شۆڕشگێڕانە.) دوای هێرشەکەی سەر پشتئاشان، ئەو بانگەوازەم بیر کەوتەوە و جیاوازیی نێوان ڕستەی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەم بە زەقی بەدی کرد.

بەسەرهاتی مام کاویسی پێشمەرگە کە یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرەکانی (ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن) و بە دیلی و بریندای لە نەخۆشخانەکەدا



دەکوژرێت، چیرۆکێکی دیکەیە لە ناو چیرۆکەکەدا، وەلێ دوورکەوتنەوە نییە لە بابەتە سەرەکییەکە و لە خزمەتی بەرەو لوتکە بردنی گیانی درامای چیرۆکەکەدایە. دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانی (بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان)دا دەڵێت: (ئینسان ئەو زیندەوەرەیە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا هەڵدەکات.) فازیل کەریم ئەحمەدیش بڕوای بە توانای مرۆڤ پتەوە: (مرۆڤ گەر کۆڵ نەدات، هێدی هێدی دەتوانێت، لەگەڵ سەختترین هەلومەرجی ئەم ژیانەدا خۆی ڕابهێنێت.) (گوندی پشتئاشان، سوێسکەیەکی بریندارە و خۆی لە کۆشی گەرمی قەندیل قایم کردووە.) ڕوسکین دەڵێت: (خۆرئاوابوون لە ئینگلیستان، دوای ئەوەی ‹تێرنەر› وێنەی کێشا، گەلێک جوانتر و دڵگیرتر دەهاتە بەر چاو.) گوندی پشتئاشان و دوندی قەندیلش دوای نووسینی چیرۆکی ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕن، شیرینتر و بڵندتر دێنە بەر چاوی خوێنەر.

ملکەچکردن هەر یەکەمین جاری ئەستەمە، دواتر دەبێتە شتێکی ئاسایی، نووسەر پێویستە بێدەنگ نەبێت، سەبارەت بە کێشە گرنگەکان هەڵوێست بنوێنێت و وەڵامی پرسە سەرەکییەکانی سەردەم بداتەوە، وەڵامێکی ڕوون و ڕەوان، نەک ئاڵۆز و تەمومژاوی. چیرۆکی (ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕین،) بەرجەستەکردنێکی هونەرییانەی هەڵوێستی نووسەرەکەیەتی بەرانبەر بەو هێرشەی ی. ن. ک کردییە سەر پشتئاشان. مارکس دەڵێت: (نووسەری بۆرژوا بۆیە دەنووسێت پێی بژی، بەڵام نووسەری شۆڕشگێڕ دەشێت لەسەر نووسینەکانی بکوژرێت.) ئەم چیرۆکە، چونکە زللەیەکە جەللاد شێتگیر دەکات، هیچ دوور نییە نووسەرەکەی بە کوشت بدات.

**سەردانی سەرۆک**

(سەردانی سەرۆک) چیرۆکێکی واقیعییە، بەڵام ڕیالیستێکی ڕووت و بێ کەنار نا، بەڵکوو ڕیالیستێکی گاڵتەجارییانە. پێشتر چیرۆکنووسانی کورد ناوبەناو بەو شێوازە نووسیویانە، وەلێ پێداگرتن لەسەر گاڵتەجاڕی

بەو توندییەی لە (سەردانی سەرۆک)دا هەستی پێ دەکرێت، لە خەرمانی چیرۆکی کوردیدا، ئەگەر نەڵێم نەبووە، ئەوا خاترجەمم ئەگەر هەشبووبێت، دەگمەنە. (ئەگەر ڕۆمانی زەوییە بەیارەکەی شۆلۆخۆف هەندێک جار قۆشمەی پێوە دیاربێت، لەبەر ئەوەیە گەلی ڕووس لە کاتە هەرە سەختەکانیشدا، هێندە ژیانیان خۆش دەوێت، دەستبەرداری گاڵتە نابن.)(١٤) (ئەلیزا)ی دڵخوازی (ئاراگۆن)یش، لەوپەڕی کارەساتدا، لە بەردەمی ئاوێنەدا ڕادەوەستا و قژە زێڕینەکەی شانە دەکرد، فازیل کەریم ئەحمەدیش بەوپەڕی قۆشمەوە، باس لە کارەساتێکی مەزن دەکات.

د. مارف خەزنەدار و محەممەد مەولوود مەم، یەکی چیرۆکێکیان دەربارەی پێشوازییکردن لە خاوەنشکۆ، نووسیوە، وەلێ لایەنی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو چیرۆکەی وان و ئەمی فازیل کەریم ئەحمەددا، مەگەر تەنیا ناونیشانی چیرۆکەکان بێت. لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا، دڵشاد مەریوانی بەراوردی لە نێوان (پێشوازی)ی مەم و (پێشوازیی خاوەنشکۆ)ی خەزنەداردا کردبوو، هەرچەندە ئەدەبی بەراوردکاری، کار لەسەر بەرهەمی دوو نووسەری سەر بە دوو نەتەوەی جیاواز کە یەکێکیان کارکردی ئەوی دیکەیانی لەسەر بێت، دەکات.

سەردانی سەرۆک بە شێوەیەکی ئاسان نووسراوە، خوێنەر بە سانایی لە پەیامی چیرۆکەکە تێدەگات، نووسەر لە ڕێی مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆوە، جارێک خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و جارێکی دیکە، سەرۆک نهێنییەکانی خۆی دەدرکێنێت. لە مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆدا، بە پێچەوانەی مەنەلۆگی ڕاستەوخۆوە، ڕستەکان مانای تەواویان هەیە، بە شێوەیەکی ئاسایی بە دوای یەکدا دێن و گێڕەرەوە خوێنەر فەرامۆش ناکات. ڕاستە مەلی بیری نووسەر زوو زوو لە لقی ئەم باسەوە، بۆ لقی ئەو باسی دیکە هەڵدەفڕێت، وەلێ درەختی بابەتە سەرەکییەکە جێ ناهێڵێت. نووسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی لەخۆڕا ئەو تەکنیکەی هەڵنەبژاردووە، زانیویەتی



هیچ تەکنیکێک هێندەی مەنەلۆگ بۆ دەرخستنی ناخی کارەکتەر و نیشاندانی جۆری بیرکردنەوەی لەبار نییە، ئاخر قارەمان کە بۆ خودی خۆی دەپەیڤێت، بێ شەرم و سڵەمینەوە، لاپەڕە شاراوەکانی دەفتەری ناخی دەخاتە ڕوو.

چیرۆکەکە نە ڕەمزی تێدایە تا شی بکرێتەوە و نە لایەنی تەمومژاوی تێدایە تا تیشکی تێ بگیرێت، لێنین گوتەنی (کێک نییە بۆ کەمایەتی، نانە بۆ کرێکاران و جووتیاران.) ڕاستەوخۆ بە زمانێکی ڕەوان و ڕاستگۆیانە باسی ناخی دەروون، ڕەوتار و ڕابردووی سەرۆکێک دەکات کە دەگونجێت سەرۆکی هەر وڵاتێکی دواکەوتوو بێت، وەلێ خوێنەر هەندێک لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی دیکتاتۆرەکەی عێراقی تێدا دەناسێتەوە. فازیل کەریم ئەحمەد باسی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وڵاتێک دەکات کە تێیدا کەسی گونجاو بێجگە لە شوێنی گونجاوی خۆی، دەشێت لە هەر شوێنێکی دیکەدا بێت. باسی نیشتمانێک دەکات، کە موزەففەر نەوواب گوتەنی، نازانیت وڵاتە یان جێی سێکسفرۆشتن؟(١٥)

یەکێک لە لایەنە تایبەتییەکانی چیرۆکی سەردانی سەرۆک زمانی نووسینەکەیەتی، دەربڕینگەلی وای تێدایە، کە پێشتر لە چیرۆکی کوردیدا بەکار نەهێنراون، وەک: گەوادی سیاسی یان دەستپەڕی سیاسی کە خوێنەر لێیان دەسڵەمێتەوە. نووسەری کارزان جێگەی شیاو بۆ دزێوترین دەربڕین دەدۆزێتەوە و بازاڕیترین وشە، ئەدەبییانە دەخاتە ڕستەوە. ئەو جۆرە دەربڕینانە لە دوای حەزرەتی شێخ ڕەزاوە، بە دەگمەن لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرێن، مەگەر جاروبار عەبدوڵڵا پەشێو بە تووڕەییەوە، بەڵام دڵسۆزانە ڕمی ئەو جۆرە دەربڕینانەی لە سنگی داگیرکەر و براکوژ چەقاندبێت.(١٦) لە ئەدەبی عەرەبیشدا، موزەففەر نەوواب یەکێکە لەو شاعیرانەی جنێوی ئەدەبی بە سەرانی عەرەب دەدات:

قودس بووکی عەرەبایەتیتانە

ئەدی بۆچی هەموو زیناکەرانتان کردە ژوورەکەیەوە،
خەنجەرەکانتان هەڵکێشا،
شانازیتان بە ئاوڕووتانەوە کرد و
بە سەریدا نەڕاندتان:
بێ دەنگ بە! با ناموسمان نەچێت!
ئای کە ئاوڕوومەندن!
قەحبە دایکینە
ئەتککراو چۆن کڕ دەبێت!(١٧)

خوێنەران هەموویان ئەو جۆرە ئەدەبە پەسەند ناکەن، وەلێ (نووسەر نابێت لە واقیعدا بتوێتەوە، یان خۆی دوورەپەرێز بگرێت لە واقیع، پێویستە لە سەروو واقیعەوە بێت و ببێتە سەروەری واقیع.)(١٨)

زۆر جار نووسەری بۆرژوا وەک گەنجێکی سەرچڵ، لە خانەوادەکەی خۆی یاخیی دەبێت و تیری ڕەخنە ئاراستەی سنگی چینەکەی دەکات، وەلێ زۆری پێ ناچێت، بۆ ئامێزی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە نووسەرانە بێ ئەوەی نەخشەیان بۆ کێشابێت، دژی دیاردە دزێوەکان دەئاخفن، یان دەکرێنە قۆچەقانی بە دەست منداڵی ئەم باڵی بۆرژواوە و بەردیان بۆ ماڵی ئەو باڵی بۆرژوا پێ دەهاویژرێت. فازیل کەریم ئەحمەد لەو جۆرە نووسەرانە نییە،(١٩) بەڵکوو میشیل بیتۆر گوتەنی، (بۆیە دەنووسێت تا بڕبڕەی پشت بە ژیانی بدات) و بە قەولی ئەنگڵس (هەر کە ویستی بدوێت، هیچ حیزبێک ناتوانێت بێدەنگی بکات.) لە دیمانەیەکدا عەبدولوەهاب بەیاتی گوتبووی: (لە هەڵوێستی هیچ ئەدیبێک دڵنیا نیم، ئەوی ئێستا خاوەنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیە، چەند ساڵێکی دیکە کۆیلەی فلان دەسەڵاتە.) ئەوی ئەو گوتوویەتی ڕێسا نییە، مێژووی ئەدەبی گەلان پڕە لەو جۆرە ئەدیبانەی نە ستەم سەری بێ نەویی کردوون، نە قازانجی تایبەتی.



گارسیا گابریل مارکیز لە هەردوو ڕۆمانی (پاییزی پاتریارک) و (کۆلۆنێل کەس شک نابات نامەی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە)دا، باس لە ژیان، ڕەوتار و باری دەروونی سەرانی وڵاتانی لاتینی ئەمریکا دەکات و بە پشوویەکی درێژەوە و بە پشتیوانیی سیحر و ئەفسانە، ڕووداوە پڕ لە تراژیدیاکان دەگێڕێتەوە. گەر چی (سەردانی سەرۆک) بە شێوازێکی جیاواز لە هی مارکیز نووسراوە، کورتەچیرۆکیشە نەک ڕۆمان، وەلێ مارکیز چیرۆکی کورتیشی لەو بوارەدا نووسیوە و لە سەرجەمی ئەو بەرهەمانەیدا کە باس لە دیکتاتۆران دەکات، ڕووناکی دەخاتە سەر بچووکترین لایەنی ژیان و نووتەکترین کونجی دەروونی سەرۆکە تیرۆریستەکان؛ لەم گۆشەیەوە کاریگەریەتی ئەو ڕۆماننووسە لەسەر فازیل کەریم ئەحمەد بەدی دەکرێت، با کارکردەکە ڕاستەوخۆش نەبێت، چونکە ئەم هێندەی کورتەچیرۆک مەودا بدات، تایبەتمەندییە دەروونی و دەرەکییەکانی دیکتاتۆرە سادیستەکەی عێراقی پیشان داوە.

دیمیترۆف دەڵێت: (بۆرژوا ئەو سەردەمەی شۆڕشگێڕ بوو، دەستی دایە خەباتێکی سەخت لە پێناوی کێشەی چینەکەیدا و هەموو ڕێگەیەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە یەکێکیان ڕێی ئەدەب بوو، گرتە بەر. ئەوە چی بوو کارێکی کرد، سوارچاکی ببێتە مایەی پێکەنین؟ دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس بوو. ڕۆمانی دۆنکیخۆتە بەهێزترین چەکی دەستی بۆرژوا بوو، لە خەباتیدا دژی فیودالیزم و ئۆرستوکراتیزم. پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیش لایەنی کەم پێویستی بە سێرڤانتسێک هەیە کە بتوانێت ئەو چەکەی بداتە دەست.)(٢٠) چیرۆکی سەردانی سەرۆکیش هەوڵێکە بۆ بەدناوکردنی دۆنکیخۆتەکەی بەغدا، دەشێت بەراوردکردنی کورتەچیرۆکێک لەگەڵ ئەو شاکارەدا کارێکی نەگونجاو بێت، وەلێ چونکە لایەنی هاوبەشی هەردووکیان، هەر هەوڵدانە بۆ ڕیسواکردنی دیکتاتۆران بە شێوازێکی گاڵتەجاڕییانە، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی (سەردانی سەرۆک)دا،

(دۆنکیخۆته)م وەبیر هاتەوە.

فازیل کەریم ئەحمەد هەندێک جار ناوی بێگانە و نامۆی وەک: (پێگاڵ و سۆهۆ) لە چیرۆکەکانیدا دەردەکەون، کە بابەتی چیرۆکەکانی ناچاری دەکەن، هانایان بۆ ببات، نەک وەک هەندێک نووسەر کە پێیان وایە، تا زاراوەی نامۆ زێتر بەکار بهێنن، فراوانیی ڕۆشنبیریی خۆیان دەسەلمێنن. ڕەسوول حەمزاتۆف دەڵێت: (نووسەر قاچاخچی نییە، تا شتومەک لە دوورترەوە بهێنێت، قازانجی زێتری لێ بکات، زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی وشەی نامۆدا، زیان بە کاری ئەدەبی دەگەیەنێت.)

### ئەفسانەی گەڕانەوە

چیرۆکی (ئەفسانەی گەڕانەوە) باس لە جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەگەر نەڵێم بە تەواوی هەڵوەشاوەتەوە و جێگەی بۆ جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیی پێشکەتووتر چۆڵ کردووە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لە گیانەڵڵادایە. بابەتی چیرۆکەکە باسی کێشەی نێوان جووتیارانی گوندێکی کوردستانە کە لەسەر بێستانێک دەست دەدەنە یەخەی یەکدی. قارەمانی چیرۆکەکە هەست دەکات سووکایەتیی پێ کراوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و وەک بە ناونیشانی چیرۆکەکەوە دیارە، هەرگیز ناگەڕێتەوە. دەشێت بەسەرهاتی چیرۆکەکە، ڕووداوێکی ڕاستەقینە بێت، وەلێ ئاخۆ لە قوڕی هەموو ڕووداوێک، تۆزی چیرۆکێک هەڵدەستێت؟ هەموو چیرۆکەکە لە دەوری کەسێک دەسووڕێتەوە، هەر کە لەگەڵ یەکەمین کۆسپدا، ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە، ورە بەر دەدات و گۆڕەپان بۆ ناحەزانی چۆڵ دەکات.

(لای فۆکنەر چیرۆک واقیعێکە تژی لە ئەفسانە، لە دوای هەر ڕووداوێکەوە، مەبەستێک هەیە و هەمیشە مێوی ڕووداو خۆی لە داڵێتی ئەفسانەوە دەئاڵێنێت.)(٢١) ئەفسانەی گەڕانەوە، نە ڕەمزی تێدایە نە ئەفسانە، وێڕای ئەمە لە کۆمەڵگەی فیودالیدا، ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان



جووتیاران و خاوەنمولّکاندایە، ئەگەر نووسەر لەم قۆناغەدا کە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە کوردستان سەروەرن، قارەمانەکەی جووتیارێکی شۆڕشگێڕیش بێت، هێشتا قارەمانێکی ئیجابی نابێت، ئاخر کارەکتەری ئیجابی لە قۆناغی سەرمایەداریدا، کرێکارێکی هۆشیارە، هەرچەندە قارەمانی (ئەفسانەی گەڕانەوە،) نە جووتیارێکی لە ڕووی چینایەتییەوە، هۆشیارە و نە ململانێیەکەشی لەگەڵ دوژمنە چینایەتییەکەیدایە.

لە جیهانی (کافکا)دا واقیع کەرت کەرت کراوە و قارەمانەکانیشی هیچ بەرپەرچدانەوەیەکیان نییە، لە هەردوو ڕۆمانی (مەسەلەکە) و (تەلار)دا، کارەکتەرە سەرەکییەکان لە کەسانی ئاسایی دەچن، وەلێ کاردانەوەیان لە هی کەسانی ئاسایی ناچێت و هەمیشە کەسانێکی بێ دەسەلاتن، لە دنیایەکی ناماقووڵدا.(٢٢) قارەمانی ئەفسانەی گەڕانەوە، یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی، قارەمانەکانی کافکای کە مل بۆ واقیع کەچکردنە، پێوە دیارە. شیاوی گوتنە کوڕی قارەمانەکەی فازیل کەریم ئەحمەد، لە کۆتاییدا هەڵوێستی باوکی ڕەت دەکاتەوە و لە چاوەڕوانیکردنی بێهوودەدا ناژی.

وەک چۆن چیرۆکنووس دەتوانێت بەشێک لە فیکری خۆی لە ڕێی قارەمانە سەرەکییەکەیەوە دەرببڕێت، هەرواش دکارێت لە ڕێی ڕەتکردنەوەی بیر و ڕەوتاری قارەمانەکەیەوە هەمان کار مەیسەر بکات. هەروەها نووسەر دەشێت ئەوەی دەیەوێت، لە ڕێی کارەکتەرێکەوە بیلێت کە پانتاییەکەی کەمی لە چیرۆکەکەیدا داگیر کردبێت، وەلێ تەواوی جیهانبینیی چیرۆکنووس لە ڕێی ئەم یان ئەو قارەمانەوە، بەرجەستە نابێت، بەڵکوو ئەوە کارە ئەدەبییەکەیە بە هەموو لایەن، ڕەهەند و ڕووداوەکانییەوە، بەو مەبەستەمان دەگەیەنێت کە چیرۆکنووس دەخوازێت پێی بگەین و ئەوە سەرجەمی چیرۆکەکەیە کە وێنەی جیهانێک دەکێشێت، نووسەر هەوڵی

بنیاتنانی یان خاپوورکردنی دەدات.
نیکیتین دەڵێت: (ئەوە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەوارییە بە نێو خەڵکی کوردا، کارێکی کردووە خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەند بن.)(٢٣) هاوسەری قارەمانی چیرۆکەکە وەک ژنێکی بێسەواد لە سەر زەمینەی فۆلکلۆر راوەستاوە و (ئایینیش داوای لێ دەکات، تەنیا لە جیهان رابمێنێت، نەبزوێت و مل بۆ فەرمانی خودا کەچ بکات،)(٢٤) نەتوانێت لەو جیهانە وەهمییە رزگار ببێت و هەنگاوێک بۆ پێشەوە بهاوێت. نووسەر باس لە واقیعێک دەکات، نەدەکرا رۆڵێکی لەوە گرنگتر بە ژنێک بدات کە ئەفسانە، ئایین و چیرۆکی گوێئاگردان وڵاتی بیریان داگیر کردووە، تەنیا ئەوە لە ژنێکی وا چاوەڕێ دەکرێت کە دەستبەرداری منداڵەکانی نەبێت و لە ئامێز و سۆزی خۆی بێبەشیان نەکات.
رەخنەگری ناوداری ئیتالیایی، کرۆچە، پێی وایە (ئەرکی رەخنەی ئەدەبی، لابردنی دیوارەکانە لە نێوان نووسەر، بەرهەمەکەی و خوێنەردا.)(٢٥) ئەوە تەنیا یەکێکە لە ئەرکەکانی رەخنە، هەموو ئەرکەکانی نییە. (ئەفسانەی گەڕانەوە،) هیچ دیوارێکی هەڵنەچنیوە تا رەخنە بیرووخێنێت، یەکێکە لەو بەرهەمانەی خوێنەر بە ئاسانی لێی تێدەگات، ئەمەش لایەنێکی گەشی چیرۆکەکەیە.
ئەگەر ساموێل بێکێت لە شانۆنامەی (لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا) هەموو دەرگەکانی رزگاربوون بە رووی مرۆڤدا دادەخات و ئاڵای سپیی چاوەڕێکردنێکی بێهوودە و ملکەچکردنی دەداتە دەست، ئەوا لە (مالۆن دەمرێت)دا بێهومێدانەتر لەسەر زاری قارەمانەکەیەوە بەشێک لە بیروڕای خۆی دەردەبڕێت: (نەخێر بەختیار نیم، هیوادارم هەرگیز کۆتایی بە شەو نەیەت، رۆژ نەبێتەوە و خەڵکی نەڵێن، ژیان بەردەوامە و پێویستە لێی بەهرەمەند بین، بە هەر حاڵ بۆ من گرنگ نییە، لە دایک ببم یان نا؟ بژیم یان نا، بمرم یان نا؟) وەلێ نازم حیکمەت کە چواریەکی ژیانی زیندانی



بووە، داوا لە محەممەدی کوڕی دەکات، کە لە جیهاندا، وەک کرێچی نا، وەک کەسێک هەڵسوکەوت بکات کە لە ماڵی باوکیدا دەژی.(٢٦) فازیل کەریم ئەحمەدیش بە پێچەوانەی بێکێت و بە شوێن هەنگاوی نازم حیکمەتدا، کوڕی قارەمانەکەی لە بازنەی دۆزەخی چاوەڕوانیکردنێکی بێهوودەدا ناهێڵێتەوە و لە قاوغی ئەفسانەی گەڕانەوەی باوکیدا قەتیسی ناکات، بەڵکوو رۆڵێکی وای پێ دەبەخشێت کە خۆی بە خاوەنماڵ بزانێت، بیر لە داهاتوویەکی رووناک بکاتەوە و هەنگاو بداتە گوتەکانی.
ئایا هەموو هەڵاتنێک لاوازییە؟ هەموو خۆکوشتنێک ورەبەردان و بەزینە؟ ئایا هەڵاتنی بریخت و ئانا سیگەرز لە ئەڵمانیا، موزەففەر نەوواب و سەعدی یوسف لە عێراق و حەسەن قزڵجی و جگەرخوێن لە کوردستان، لە لاوازییانەوە بوو؟ ئایا ئەو ژنەی بۆ ئەوەی هەتک نەکرێت، خۆی دەکوژێت، ترسنۆکە؟ ئایا فاتیح قادر کە دوای ئەوەی لە زانکۆی سلێمانیدا، پیاوانی بەعسی دایە بەر گوللە، خۆیشی کوشت، کەسێکی رووخاو بوو یان قارەمانێکی راستەقینە؟ هەڵوێستی رەشەی براخاسی قارەمانی ئەفسانەی گەڕانەوە، هەڵوێستێکی لاوازە، وەلێ واقیع لە گۆڕانیدا، کوڕێکی لەو چەشنەی پێ بەخشیوە کە نازم حیکمەت هەوڵی پەروەردەکردنی داوە، ئەمەش نە رێکەوتە، نە زادەی خەیاڵێکی نەخۆشە و نە بەری درەختی گەشبینییەکی ساویلکانەیە.
نووسەر هەرچەندە سەرکەوتووانە بە ناخی (ژن)ەکەدا شۆڕ بووەتەوە، وەلێ پاژنەی ئاشیلی چیرۆکەکەشی ئەوەیە، هەندێک وێنەی شیعری و بیروڕای وای لەسەر زاری ئەو ژنە بێسەوادەوە دەربڕیوە کە لێی چاوەڕێ ناکرێت و لە گوتەی خودی نووسەر دەچن، وەک: (تا کەی تارای نهێنی و ترس لە خۆتەوە دەئاڵێنێت و سۆز و خۆشەویستی دەخنکێنێت؟ تۆ دەتویست لەشکری شەوەزەنگ بتارێنیت و هەموو وەرزەکانی ساڵ بکەیە بەهار.) ماکسیم گۆرکی دەڵێت: (جارێکیان چیرۆکی (گا)م بۆ تۆلستۆی

دەخوێندەوە، سەبارەت بەوەی شارەزای وازیکردنم بە وشە، پەسنی دام، وەلێ دواتر گوتی: وشەکان لە جێی خۆیاندا بەکار ناهێنیت، هەموو جووتیارەکانت زیرەکانە دەپەیڤن.)(٢٧)

**یاسای کارگەی تەنەکە**

(ئەفسانەی گەڕانەوە) و (یاسای کارگەی تەنەکە،) هەرچەندە باس لە دوو قۆناغی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکەن، وەلێ دیاردەی نامۆبوون دەکەوێتە سەنتەری هەردوو چیرۆکەکەوە. (ڕەشەی براخاس) لە کۆمەڵگەیەکی فیوداڵیدا هەست بە تەنیایی دەکات، بەرگەی هێرشی نامۆیی ناگرێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت، (مەلا جافر)یش کاتێک لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی گەشەسەندوودا، وەک کرێکارێک خۆی لە کارگەیەکدا بەرانبەر ئامێرەکان دەبینێتەوە، هەست بە نامۆیی دەکات. کە ئینسان دوور لە خواست و ئارەزووی خۆی، بە هۆی دابەشکردنی کارەوە، ناچار دەکرێت، ببێتە ئامێرێکی گچکە لە کارگەیەکی مەزندا، کە کالایەک بەرهەم دەهێنێت و خۆی نابێتە خاوەنی، کە هەوڵ دەدەن لە ئینسانێکەوە بیکەن بە شتێکی بێهەست، کە گوشاری کار، جەستەی شەکەت دەکات و دەروونی ئازار دەدات، دەشێت وەک (مۆرسۆ)ی قارەمانی ڕۆمانی (نامۆ)ی کامۆ، بەرانبەر خۆشەویستەکەشی بێزارانە هەڵسوکەوت بکات.

(ڕاستە شانۆنامەی ‹لە چاوەڕوانی گۆدۆدا،› وێنەی ژیان دەکێشێت و باس لە دیاردەگەلی داماڵین، نامۆبوون و بە شتبوونی ئینسان دەکات، وەلێ سامۆێل بێکێت تەنیا لایەنێکی واقیع، بێ ئەوەی ڕەخنەی لێ بگرێت، یان ڕەتی بکاتەوە، دەبینێت و وەک نامۆیەک باس لە نامۆبوون دەکات.)(٢٨) مەلا جافری قارەمانی چیرۆکی یاسای کارگەی تەنەکە، هەرچەندە تووشی دوو جۆر نامۆیی هاتووە، جارێک بە هۆی دوورەوڵاتییەوە و جارێکیش وەک هەر کرێکارێکی دیکە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، وەلێ بە هۆشیارییەوە لە دیاردەی نامۆبوون دەڕوانێت و نە



ڤایرۆسی بیری تەسکی نەتەوەخوازی بڵاو دەکاتەوە، نە هێندەش بێزار بووە، بڵێت: (ئەوی بە خاکی وڵاتەکەمەوە دەمبەستێتەوە، تەنیا بنی پێڵاوەکەمە.) یان وەک برێخت بە تووڕەییەوە بڵێت: (بەو ئاسانییەی پێڵاو دەگۆڕم، وڵاتیش دەگۆڕم!) مەلا جافر لە وڵاتی (خۆ)شیدا، هەستی بە نامۆیی کردووە و چونکە کوێخایەتیی ڕەت کردووەتەوە، ناچار کراوە جێی بهێڵێت. فازیل کەریم ئەحمەد لە کارگەیەکی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی پەرەسەندوودا، وێڕای کرێکارانی وڵاتەکە، کرێکارانی سەر بە چەندان نەتەوەی کۆ کردووەتەوە و هونەرمەندانە نەک وەک کادیرێکی چالاکی سەندیکای کرێکاران، پێوەندییەکی ئینتەرناسیۆنالیستانەی لە نێوانیاندا هێناوەتە کایەوە.

(کە نان لە نانەوایەک دەکڕم، هیچ مەبەستم نییە، شتێک دەربارەی ژیاننامەی نانەواکە بزانم، کە بەرهەمێکی ئەدەبیش دەخوێنمەوە، ئەوی مەبەستم نەبێت، بیۆگرافیای نووسەرەکەیەتی.) بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، بە لای منەوە، شارەزایی سەبارەت بە ژیاننامەی نووسەریش بایەخی خۆی هەیە، چونکە شتێکی ئاساییە، ژیانی نووسەر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. بە ئاسمانی زۆربەی بەرهەمەکانی (چارلز دیکنز)ەوە، ژیانی خۆی و باوکی، وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە، (کە باسی منداڵێکی بێنازی پشتگوێخراو دەکات، منداڵێک کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بازاڕی کار قووتی دابێت، ئەوە بەسەرهاتی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاخر ئەو هەر لە منداڵییەوە، لە کارگەی (وارین)دا، خەریکی بۆیاخکردنی پێڵاو بووە، کە باسی ژیانی نێو زیندانیش دەکات، بە کارکردی ئەوەیە، باوکی لەبەر قەرزداری بەند کراوە. (دەیڤید کۆپەرفیلد،) (چیرۆکی دوو شار،) (ئۆلیڤەر تویست)و (ئومێدە گەورەکان)یش ئەزموونی تاڵی خێزانی دیکنزیان پێوە دیارە.)(٢٩)

بەسەرهاتی ژیانی فازیل کەریم ئەحمەدیش بە چیرۆکی یاسای کارگەی

تەنەکەوە گەش گەش دیارە، مەلا جافری قارەمانی چیرۆکەکە، خودی نووسەرە کە دوای چەند ساڵێک پێشمەرگایەتی، لە هەندەران گیرساوەتەوە و بە کرێکاریی بژێوی دابین دەکات. مەلا جافر کە ئامێرە زەبەللاحەکان دەبینێت، دێن، دەچن و دەسووڕێنەوە، بیری بۆ ئەو وەختە دەفڕێت کە پێشمەرگە بووە و هێلیکۆپتەری لێ پەیدا بووە، ئەوسا لە ئاستی هێلیکۆپتەردا چەند بێدەسەڵات بوو، هەنووکەش لە بەرانبەر ئامێرەکاندا، خۆی هێندە، لاواز دێتە بەر چاو. تەنانەت نووسەر بۆیە ناوی (مەلا جافر)ی لە قارەمانی چیرۆکەکەی ناوە، چونکە خۆی سەروەختی پێشمەرگایەتی بە (مامۆستا جەعفەر) ناسراو بوو.

بەر لە فازیل کەریم ئەحمەد، زۆر چیرۆکنووسی دیکە باسی ژیانی کرێکارانیان کردووە، وەلێ کەمیان وەک ئەو لە نزیکەوە هەستیان بە ژان و ئازاریان کردووە، کەمیان وەک ئەو باسی ژیانی ڕۆژانەی کرێکارانی کارگەیەکی وڵاتێکیان کردووە کە سەرمایەداری تێیدا لە دوا قۆناغیدا بێت، چونکە کەمیان وەک ئەو هاوزەمان کرێکاریی کردووە و خەمی گەورەی پرۆلیتاریاشی بە کۆڵیدا داوە. (مەلا جافر) بە پێی ویستی خۆی تاراوگەی هەڵنەبژاردووە، بەڵکوو لە نیشتمانەکەیدا، دەرفەتی مانەوەی بە دەستەوە نەماوە، وەلێ وەک قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەلبێر کامۆ، گەردنی بۆ واقیعە دژوارەکە نەوی نەکردووە، ئەوە نییە لە تاراوگەشەوە، درێژە بە خەبات دەدات و دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان، نابێتە هۆی دابڕانی لە ڕابردووی. مەلا جافر کە خودی چیرۆکنووسە، کە دەنووسیت، نووسینەکانی شێوەیەکی کاریگەرە لە شێوەکانی بەرەنگاربوونەوە، چونکە هەوڵی بێدەنگردنی دەدرێت.

کە سیاسەت وەک هەورێکی تەنک بە ئاسمانی چیرۆکەکانییەوە دیارە، زادەی ئەوەیە، دەزانێت (چارەنووسی هیچ کەسێک لە کاریگەریەتیی لایەن و ڕووداوە سیاسییەکان بە دوور نییە،) ئەمە وێڕای ئەوانەی خودی



چیرۆکنووس نەک هەر ئاشنای کێشە و لایەنە سیاسییەکان بووە، بەڵکوو لە هەناوی خەباتی سیاسییەوە وەک نووسەرێک دەرکەوتووە و یەکێکە لە قوربانییەکانی دەستی سیاسەت. ستانداڵ پێی وایە، (یان دەبێت قارەمانەکانت، فەرەنسایی نەبن، یان کە فەرەنسایی بوون، دەبێت باسی سیاسەت بکەن، ئەگەر نا وەک ئەوە وایە، ناسنامەی فەرەنساییبوونیان لێ زەوت بکەیت.) (شەمران ئەلیاسری)ش دەبێژێت: (سیاسەت مەزەی عێراقییەکانە.) سیاسەت ڕووبەرێکی زۆری لە ژیانی خەڵکی کوردیش داگیر کردووە، وەلێ (ئالان ڕۆب گرێ) کە (هەمیشە لە بەهای شوێن بڵند و لە بایەخی ئینسان نزم دەکاتەوە،)(٣٠) دەبێژێت: (ماقووڵ نییە بڵێین، بەرهەمەکانمان لە خزمەتی مەسەلەیەکی سیاسیدان، با مەسەلەیەکی ڕەواش بێت.)(٣١) فازیل کەریم ئەحمەدیش بە پێچەوانەی ‹ئالان ڕۆب گرێ›وە و وەک ستانداڵ، لە چیرۆکەکانیدا باسی سیاسەت دەکرێت، بەڵام هەمیشە ئەوەی لەبەر چاوە کە چیرۆک دەنووسێت، ئەوەی لە بیرە کە ژیان لە سیاسەت بەربڵاوترە و ئینسان تەنیا بە سیاسەت ناژی، بۆیە لە چیرۆکی (یاسای کارگەی تەنەکە)دا وەک لە دەرگەی سیاسەتی داوە، هێندەی کورتەچیرۆکێکیش مەودا بدات، وێنەی ژیانی بە شێوەیەکی زیندوو، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کێشاوە.

بەرهەمی ئەدەبی بێجگە لە واقیع هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نییە، فازیل کەریم ئەحمەدیش کە ژیانی کرێکارانی کارگەیەکی بەسەر کردووەتەوە، ویستوویەتی دۆزەخی ژیانیان لەنێو چڕەدووکەڵی شوێنی کارەوە بۆ بەر ڕۆژی ڕووناک، بەو مەبەستەی بارودۆخەکە بجووڵێنێت، بگوێزێتەوە. گەرەکی بووە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە کێش بکات، کە نامۆیی ئاگرێکە چوار دەوری کرێکارانی تەنیوە، کە گڕکانێک لە ناخی ئەو جیهانە بە ڕووکەش هێمنەدا خۆی مەڵاس داوە، کە بەردەوامبوونی ژیان بەو شێوە زاڵمەی ئێستای مەحاڵە، کە ڕۆژێ دادێت، پرۆلیتاریا لاقیان بکەنە

لاقێک و شەقێکی توند لە نابەرانبەری هەڵبدەن و جیهانێک پێک بهێنن تێیدا مەلی بەختەوەری لەسەر چڵی هەموو درەختێک بخوێنێت، ئەوسا نامۆیی کە دەردێکی کوشندەی ئەم سەردەمەیە و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ڤایرۆسەکانی بڵاو دەکاتەوە، شوێنەواری نەمێنێت، ئەمەش لۆکاش گوتەنی، ئەرکی سەرەکی فەلسەفەکەی مارکسە.

نووسەر ڕووکەشانە باس لە ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران ناکات، بەڵکوو بە چیرۆکەکەیەوە دیارە کە لە کرۆکی چەوساندنەوەی چینایەتی تێگەییشتووە. یەکێک لە قارەمانەکانی کە ژنێکی بەتەمەنە، گڕەی کارگە گوڵی ژیانی هەڵقرچاندووە، کچەکەشی کە هێشتا بیست بەهاری لە تەمەنی تێنەپەڕاندووە، لە هەمان کارگەدا کرێکارە. بۆرژوواکان بۆ سەرلێشێواندنی پرۆلیتاریا دەڵێن: (کۆمەڵگەی سەرمایەداری وەک ئۆتۆبوس وایە، ئەوی ئەمڕۆ لەسەر کورسییەکی دیاریکراو ڕۆ نیشتووە، سبەی جێگەکەی بۆ کەسێکی دیکە چۆڵ دەکات.) مەبەستیان ئەوەیە، ئەوی ئەمڕۆ کرێکارە، دەشێت سبەی ببێتە خاوەنی کارگە، وەلێ نووسەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری کێشەکە دەکات کە مارکس لە (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیایی)دا باسی کردووە: (بە دابەشبوونی کار، هەموو تاکێک فڕێ دەدرێتە بوارێکی داخراوی کارەوە کە ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات.) بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت، گۆڕان بەسەر جێپێی چینایەتیی کرێکارێکدا بێت، ئەویش مەگەر بە ناپاکیکردن لە چینەکەی خۆی، واتا بە نووشتانەوە لە بارەگای بۆرژوادا، وەلێ ئەو کاتەش گۆڕانەکە بنەڕەتی نابێت، چونکە لە بازنەی کۆیلایەتیدا گیر دەخوات.

لە چیرۆکەکەدا بەراوردێک لە نێوان ئەو ژنانەدا کە بە هێزی بازوو بژێوی پەیدا دەکەن و ئەوانەی ناچاری سێکسفرۆشتن دەبن، هەیە. لە دۆخی یەکەمدا ژن لە ناوەختدا لەشولاری تێک دەچێت و لە دۆخی دووەمدا دەرونی وێران دەبێت. ژن کە بە زەبری گوشاری کار جەستەی دەشێوێت،



یان کە جەستەی دەفرۆشێت، دوو دیاردەی جیاوازن، وەلێ هەردووکیان زادەی پێوەندییە نارەواکانی شێوازی بەرهەمهێنانن. (ئەگەر قازانج، ئەو تەنیا بتەی سەرمایەداران دەیپەرستن و ژیانی ملیۆنانی بە قوربان دەکەن،) بە زەبری شەقی شۆڕشی ڕەنجدەران، لە عەرشەکەی هێنرایە خوارەوە و وەک شووشەیەکی بەتاڵ وردوخاش کرا، کە کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی هاتە کایەوە، ئەو وەختە نە گوشاری کار لەشی ژن دەشێوێنێت و نە بۆ دابینکردنی بژێوی، ناچاری فرۆشتنی لەشی دەبێت. ژیان بۆ کرێکاران دۆزەخێکی ڕاستەقینەیە، وەلێ ژن لە ناوەندی دۆزەخەکەدایە، چونکە بێجگە لەوانەی بواری کار بۆ ژن کەمتر و مووچەکەشی نزمترە، لە نێو خێزانیشدا (ژن پرۆلیتارە و پیاو بۆرژوا.)

نووسەر ئەم چیرۆکەشی دوور لەو خاکەوە نووسیوە کە ئەڵوەند و سیروانی پێدا ڕەت دەبن، وەلێ هاواری ناخی هەموو ستەمدیدەکانی دنیایە، بەوانەشەوە کە لەو دوو ڕووبارە دەخۆنەوە. لای فازیل کەریم ئەحمەد پرد ڕەمزێکی مەزنە، هەر بۆیە چیرۆکەکانی (پردن لە نێوان خۆی و ئەوانەدا کە چارەنووسیانی مەبەستە.)(٣٢) چیرۆکی یاسای کارگەی تەنەکە، ئینسان بۆ تێکۆشان لە پێناوی جیهانێکی نوێدا هان دەدات، دیواری ورەی کرێکاران بڵند دەکاتەوە و بۆ خۆ دەربازکردن لە دەست کۆیلایەتی بانگیان دەکات.

نووسەر ئەو پەیامەی لەنێو چوارچێوەیەکی هونەریدا دارشتووە، خۆرسکانە، مەلئاسا لەسەر لقی باسێکەوە، بۆ سەر لقی باسێکی دیکەی هەمان درەخت فڕیوە، پێوەندییەکی هێندە قووڵ و پتەو لە نێوان سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکەیدا هەیە، کە ئەو دەستپێکردنە، بێجگە لەو قوفڵدانەی نووسەر، هیچ کۆتایی پێهێنانێکی دیکە هەڵناگرێت.

2005 - 1988

**سەرچاوە و پەراوێز**

(١) د. ساميه أحمد سعيد، الروايه الفرنسيه المعاصره، عالم الفكر، ١٩٧٢ عدد٢

(٢) شولوخوف، أرضنا البكر، ترجمه غائب طعمه فرمان، مجلد٢

(٣) أفانا سيڤ، أسس الفلسفه الماركسيه، الماديه الديالكتيكيه، ترجمه عبدالرزاق الصافى، ص١١٥

(٤) الواقعيه فى الأدب و الفن، ترجمه محمد مستجير مصطفى ص١٥٦

(٥) هەمان سەرچاوە. ل١٠٠

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

(٧) د. ساميه أحمد سعيد، الروايه الفرنسيه المعاصره، عالم الفكر، ١٩٧٢ عدد٢ ص١٣٧

(٨) د. زكريا إبراهيم، الطبيعه البشريه فى فلسفه كارل ماركس.

(٩) عەبدوڵلاپەشێو، شەونامەی شاعیرێکی تینوو، ل١٠

(١٠) دیوانی گۆران، هۆنراوەی شەهید، ل٢٦٧ بەغدا ١٩٨٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

(١١) الواقعيه فى الأدب و الفن، ترجمه محمد مستجير مصطفى ص١٢

(١٢) أرى مدنا تعلق عاشقيها فوق أغصان الحديد. قصيده بيروت.

(١٣) هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە

هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە. دیوانی گۆران، ل٢٠١

(١٤) شولوخوف، أرضنا البكر، ترجمه غائب طعمه فرمان، مجلد٢ ص٩

(١٥) أوطن هذا أم مبغى؟

(١٦) قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن

ماری شیرین ژاریش هەیە،

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن

تەوری برای داریش هەیە. برووسکەچاندن، ل١١٦ سوێد ٢٠٠٠

(١٧) مظفر النواب، وتريات ليليه.

(١٨) الواقعيه فى الأدب و الفن، ترجمه محمد مستجير مصطفى ص١٦

(١٩) مێژوو ناڕاستیی ئەو بۆچوونەمی سەلماند، ئاخر نووسەر دوای بیست



ساڵێک دابڕان، بە سەنگەرەکەی پێشوویەوە پێوەست بووەوە.

(٢٠) جورج لوكاش، دراسات فى الواقعيه، ترجمه نايف بلوز، ص١١٧

(٢١) د. ساميه أحمد سعيد، الروايه الفرنسيه المعاصره، عالم الفكر، ١٩٧٢ عدد٢ ص١٥

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

(٢٣) باسيل نيكيتين، الشعر الغنائى الكردى، دراسات كرديه، عدد١ و ٢ ص٤١

(٢٤) مقالات حول تولستوى، ص٢٣

(٢٥) رينيه ويليك، مفاهيم نقديه، ترجمه محمد عصفور، ص٤٧٦

(٢٦) حنا مينه، هواجس فى التجربه الروائيه، المعرفه، عدد٢٢٩

(٢٧) مكسيم گوركى، صور أدبيه، ترجمه محمد عبدو النجارى، ص٣٥

(٢٨) محمود أمين العالم، الروايه العربيه بين الواقع و الأيدولوجيا، ص١٩

(٢٩) د. نور شريف، صور السجن و مظاهره فى روايات تشارلز ديكنز، عالم الفكر، عدد(١) الكويت ١٩٧١

(٣٠) د. حسام الخطيب، قصص من سوريه، المعرفه، عدد٢٢٩ ص٦٧

(٣١) محمود أمين العالم، الروايه العربيه بين الواقع و الأيدولوجيا، ص١٨

(٣٢) لقاء مع غائب طعمه فرمان، الثقافه الجديده، عدد١٨٩ ايلول ١٩٨٧

* موعجيزە.

## ئەوی بدرەوشێتەوە
## مەرج نییە زێڕ بێت

ع. ب. پێنجوێنی باسێک دەربارەی پێشەکیی کۆمەڵەچیرۆکی (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم)ی مستەفا ساڵح کەریم بڵاو دەکاتەوە(١) کە کاکڵەکەی بریتی دەبێت لەوەی، دابڕانی نووسەری ناوبراو لە جیهانی چیرۆکنووسین، لە ساڵی (١٩٦١)وە تا ١٩٧٠ پێوەندیی بە بارودۆخی ئەو سەردەمەوە نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ئەو نووچدانە ئەدەبییەوە بووە کە لە ئەنجامی ئەوەوە تووشی هات، ڕۆژنامەی (بڕوا) پەردەی لەسەر ڕووی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە لا برد کە مستەفا ساڵح کەریم دوو چیرۆکی میسریی کردووە بە کوردی و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە.

هەر کە ئەو باسە بڵاو دەبێتەوە، ئیدی گەلەکۆمەکێی ئەدەبی دەستپێ دەکات. سەرەتا فوئاد حەمەخورشید دێتە وەڵام،(٢) بەڵام نە کەم نە زۆر باس لە شتانە ناکات کە ع. ب. پێنجوێنی ورووژاندوونی، بەڵکوو تەنیا بایەخ بەوە دەدات کە هەر نووسینێک بە ناوی نهێنییەوە بڵاو بکرێتەوە، هیچ گرنگییەکی نییە و پێویستە دەرگەی بە ڕوودا کلۆم بدرێت. پێم وایە فوئاد حەمەخورشید نیشانەی نەپێکاوە، چونکە نووسین، ئیدی بکەوێتە خانەی هەر ژانرێکەوە، ئەگەر کارێکی بەپێز و سەرکەوتوو بوو، بە هەر نازناو، یان ناوێکی خوازراوەوە، بڵاو بکرێتەوە، هیچ لە بایەخی کەم نابێتەوە.

پاشان (ئەرخەوان) چاکی داکۆکی لە مستەفا ساڵح کەریم کردنی لێ



دەکات بە لادا و دەڵێت: (دەبوو ع. ب. پێنجوێنی ڕەخنەی زانستییانەی لە کۆمەڵەچیرۆکەکە گرتبا، نەک لە پێشەکییەکەی.)(٣) کە بە لای منەوە ئەمە خاڵی لاوازی نووسینەکەی ع. ب. پێنجوێنی نییە، ئەوە نەبوو چەندان نووسەر باری سەرنجی خۆیان سەبارەت بە پێشەکیی کۆمەڵەچیرۆکی (سێبەری ئەسپەشێ)ی محەمەد فەریق حەسەن دەربڕی و جێگەی گلەیی کەسیش نەبوو.

(محەمەد نووری تۆفیق)یش دەڵێت: (دەبوو ع. ب. پێنجوێنی زووتر ئەو وتارەی بڵاو کردباوە.)(٤) پێم وایە ئەم داکۆکیکردنە زیانی بە مستەفا ساڵح کەریم گەیاندووە، ئاخر خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت، بۆچی محەمەد نووری تۆفیق گلەیی ئەوە لە ع. ب. پێنجوێنی دەکات کە درەنگ هاتووەتە قسە، کەچی هەمان ڕەخنە لە مستەفا ساڵح کەریم ناگرێت، ئەگەر چی ئەویش هەتا ئەحمەد سەلام هەمان ئەم باسەی لە ساڵی ١٩٧٨دا تازە نەکردەوە، نەهاتە قسە!

ئەگەر کاسەی داکۆکیکردنی ئەو نووسەرانە لە مستەفا ساڵح کەریم بێ ژێرکاسەیە، ئەدی بۆچی فوئاد حەمەخورشید و ئەرخەوان، پێشتر داکۆکییان لە هیچ نووسەرێکی (غەدرلێکراو!) نەکردووە؟ ئەدی بۆچی محەمەد نووری تۆفیق کە ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری (ڕزگاری)دا دیمانەی لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریمدا ساز کرد، بواری بۆ نەڕەخساند، بەرپەرچی ئەوانە بداتەوە کە تۆمەتی چیرۆکدزینیان وەپاڵ دابوو؟

دوای ئەو سێ نووسینە، ع. ب. پێنجوێنی جارێکی دیکە دێتەوە مەیدان، پێ لەسەر بۆچوونەکانی دادەگرێت و دەڵێت: (ئەوی نیازی وەڵامدانەوەی هەیە، با وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا مستەفا ساڵح کەریم ئەو چیرۆکانەی وەرنەگرتووە و زادەی بیری خۆین؟)(٥) کە مەبەستی ئەم چیرۆکانەیە:

(١) (کم تدفع؟)ی محمد حمدی کە مستەفا ساڵح کەریم بە ناوی خۆیەوە

و به ناونیشانی (چەندم لێ ئەسێنی؟)یەوە بڵاوی کردەوە.

(٢) (الدرس الأخیر ـ دوا وانە)ی ئەلفۆنس دۆدیە کە مستەفا ساڵح کەریم بە ناوی خۆیەوە و بە ناونیشانی (نیشتمانی جوان)ەوە بڵاوی کردەوە.

(٣) (مفتاح الحظ)ی ئیسماعیل حەبرووک کە مستەفا ساڵح کەریم بە ناوی خۆیەوە و بە ناونیشانی (دەستم دامێنت کلیلەبۆر)ەوە بڵاوی کردەوە.

دوای نووسینی دووەمی ع. ب. پێنجوێنی، مستەفا ساڵح کەریم بە نووسینێکی درێژ(٦) داکۆکی لە خۆی دەکات و هەوڵ دەدات وەڵامی پرسە سەرەکییەکانی ناوبراو بداتەوە، بەڵام چونکە داکۆکی لە مەسەلەیەکی ڕەوا نەکردووە، نە بەڵگەیەکی سەلمێنەری هێناوەتەوە، نە جێپێی هیچ بۆچوونێکی زەمینەیەکی پتەوی هەیە و نە ئەوی ڕاستگۆیی هونەری یان مێژووییە ڕەچاوی کردووە.

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (لە چاپی دووەمی (شەهیدانی قەڵای دمدم)دا ئەوەم وتوە کە بە تەواوی کەوتبوومە ژێر کاری چیرۆکنووسە میسرییەکان.)(٧)

شەهیدانی قەڵای دمدم، بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٢دا چاپ کراوەتەوە، مستەفا ساڵح کەریم دەبوو لە چاپی یەکەمدا، واتا بیست دوو ساڵ زووتر ئەو ڕازەی درکاندبا، ئەگەر چی ئەو تەنیا لەژێر کارکردی چیرۆکنووسە میسرییەکاندا نەبووە، بەڵکوو چەند چیرۆکێکی میسریشی کردووە بە کوردی و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە. پێم وایە ئەگەر نووری وەشتی لە ساڵی ١٩٦١دا ئەم مەسەلەیەی نەورووژاندبا و ئەحمەد سەلامیش لە ساڵی ١٩٧٨دا دووبارەی نەکردباوە، مستەفا ساڵح کەریم نە لە ساڵی ١٩٧٩دا دەهاتە دەنگ و نە لە چاپی دووەمی قەڵای دمدمیشدا (١٩٨٢) باسی ئەوەی دەکرد کە لەژێر کاریگەریەتیی چیرۆکی میسریدا بووە.



مستەفا ساڵح کەریم لە خۆڕا باسی ئەوەی نەکردووە کە لەژێر کاری چیرۆکنووسە میسرییەکاندا بووە، بەڵکوو دوای ئەوەی ئەحمەد سەلام سەرنجی خوێنەری بۆ ئەوە ڕاکێشا کە حسێن عارف بە هەڵە چیرۆکی (چەندم لێ ئەسێنی؟) بۆ مستەفا ساڵح کەریم تۆمار کردووە و ڕاستییەکەی ئەو چیرۆکە بەرهەمی چیرۆکنووسی میسری محەممەد حەمدییە،(٨) ئەوسا مستەفا ساڵح کەریم ناچار بوو دەنگ هەڵببڕێت و بێهوودە بکەوێتە داکۆکی لە خۆ کردن.(٩)

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (بڕوا، ڕۆژنامەیەکی زەرد بووە و لە نێوان من و کارگێڕانیدا جیاوازیی بیروڕا هەبووە، بۆیە دژیان نووسیم.)(١٠)

با بڕوا ڕۆژنامەیەکی زەردیش بووبێت، بەڵام ئایا زەردبوونی بڕوا، ڕێگە بە نووسەرێکی کورد دەدات، چیرۆکی بێگانە بە بەرهەمی خۆی لە قەڵەم بدات؟ ئەگەر مستەفا ساڵح کەریم دژی ڕۆژنامە زەردەکان بووە، ئەدی نهێنی لەوەدا چییە کە هاوکاریی لەگەڵ گۆڤاری (پەیام)ی زمانحاڵی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا کردووە؟ تۆ بڵێیت ڕووی سەفیری ئەمریکا، سوورتر بووبێت لە ڕووخساری (کەمال میرزا کەریم)ی سەرنووسەری بڕوا!

هەرچەند حسێن عارف لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردی)دا سەرنجی خوێنەری بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە (کەمانچەژەن) چیرۆکێکی تورکییە و پیرەمێرد کردوویە بە کوردی، کەچی عومەر مەعرووف بەرزنجی بەوەش قایل نییە و دەڵێت: (چەند شەکسپیر پێوەندیی بە شێخ زوبێرەوە هەیە، هێندەش کەمانچەژەن لە کتێبی ‹چیرۆکی هونەریی کوردی›دا جێی دەبێتەوە.)(١١) وەلێ نەک هەر ڕەخنەی ئەوەی لە حسێن عارف نەگرتووە کە چیرۆکی (چەندم لێ ئەسێنی؟) بە بەرهەمی مستەفا ساڵح کەریم نێوزەد کردووە، بەڵکوو بەرزنجی خۆیشی هەمان چیرۆکی وەک چیرۆکێکی ڕەسەن و سەرکەوتووی کوردی تۆمار کردووە.(١٢)

*

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (بڕیارم دا چیرۆکی شەهیدانی قەڵای دمدم، لەم بەرگە نوێیەدا، هەر بەو شێوەیەی ئەوسای لە چاپی بدەمەوە.)(١٣) هەر چەندە لە چاپی دووەمدا هێندە دەستکاری چیرۆکەکەی کردووە کە لەگەڵ ئەوی چاپی یەکەمدا مەگەر هەر ناونیشانیان یەک بێت؛ ئاخر سەرلەنوێ دایڕشتووەتەوە، سەراپێی زمانەکەی گۆڕیوە، سەدان هەڵەی زمانەوانیی ڕاست کردووەتەوە و بە دەگمەن ڕستەی ئەوی چاپی یەکەمی تێدا هێشتووەتەوە کە نەیگۆڕی بێت. وەک نموونە لێرەدا چەند ڕستەیەک بەراورد دەکەین:

* بەمەیان ڕازیم بەو شەرتەی. ل٨٢ی شەهیدانی قەڵای دمدم چاپی یەکەم ١٩٦٠.

بەوەیان قایلم بەو مەرجەی. ل٤٦ی چ٢ی شەهیدانی قەڵای دمدم ١٩٨٢

* دەستەیە خزمەتکاریش. ل٦١ی چ١

دەستەیە لاویش. ل١٥ چ٢

* دنیا ساردە، بایەکی هەیە تف هەڵدەی ئەی بەسێت. ل٦٦ی چ١

دنیا سارد بوو، بایەکی ئەهات تفی هەڵدراوی ئەبەست. ل٢٢ی چ٢

* دە نەختێک بنوو. ل٦٨ی چ١

کەمێک چاوەکانت لێک بنێ. ل٢٥ی چ٢

* شەرتە دەردێکت بدەمێ بە خەویش بە خەیاڵتا نەهاتبێ، تۆڵەی هەزارەها جوانی وەک ڤیانت لێ بسێنم، بتکەم بە نموونە بۆ هەموو خائنێک. ل١٠ی چاپی ١

شەرتە بتکەمە نموونە بۆ هەموو ئەبو ڕوغالێک تۆڵەی هەزاران جوانی ئەم قەڵایەت لێ بستێنم. ل٤٤ی چ٢

لەگەڵ هەموو ئەم دەستکارییانەشدا هێشتا دەڵێت: (دەبێ خوێنەرە بەڕێزەکان ئەوە بزانن کە ئەم چیرۆکە لە کاتی خۆیدا لە چ بارودۆخێکدا نووسراوە، لەبەر ئەوە نابێ بە پێوانەی هەشتاکان حیسابی لەگەڵا



بکرێ.)(١٤)

مستەفا ساڵح کەریم لەپێشەکیی چاپی یەکەمی شەهیدانی قەڵای دمدمدا دەڵێت: (لێرەدا تەنیا یەک چیرۆکیان پێویستی بە لەسەر دوانە، ئەویش چیرۆکی شەهیدانی قەڵای دمدمە، بۆ ئەم چیرۆکە لە ڕووی مێژووییەوە زۆر شتم خوێندۆتەوە کە دەربارەی قەڵای دمدم دوا بێ، لەوانە:

(١) تەئریخی کورد و کوردستانی مامۆستا ئەمین زەکی.

(٢) پەڕاوەکانی مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی.

(٣) شەرەفنامەی چاپی عەرەبی.

(٤) نووسراوێکی مامۆستا ئەنوەر مائی لە ڕۆژنامەی المجتمع.

ئەمانەم خوێندۆتەوە و چوارچێوە مێژووییەکەیم پاراستووە و لەسەر ئەو بناغەیە ئەم چیرۆکەم داڕشتووە.)(١٥) کەچی لە چاپی دووەمدا دەنووسێت: (کارەساتی ‹قەڵای دمدم›م لە کتێبی شەرەفنامەدا خوێندەوە، زۆر کاری تێ کردم. چەندەها شەو خەوی لە چاوم حەرام کرد، تا ئەهات گێنگڵم پێوە ئەدا، بەرە بەرە هاتمە سەر ئەو ڕایەی ئەو چەند دێڕە مێژووییەی لەو کتێبەدایە بیکەم بە سەرچاوە و چیرۆکێکی هونەریی هاوچەرخی لێ هەڵبهێنجێنم.)

دەپرسم ئاخۆ ئەوە ڕاستگۆییە چەندان سەرچاوەی مێژوویی لە چاپی یەکەمدا، ببێتە چەند دێڕێک لە چاپی دووەمدا!

مستەفا ساڵح کەریم لەو (کورتەڕازە)دا کە بۆ چاپی دووەمی شەهیدانی قەڵای دمدمی نووسیوە، دەڵێت: (ئەشێ هەندێ بپرسن، بۆچی بە تەنیا ‹هەر چیرۆکی› شەهیدانی قەڵای دمدم چاپ بکرێتەوە؟ بۆچی هەموو چیرۆکەکان سەرجەم چاپ نەکرێنەوە؟) لە وەڵامدا دەنووسێت: (لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکانەی تر زۆربەیان لە گۆڤارەکاندا بڵاو کرابوونەوە، بەڵام ئەمیان ئەوی کتێبەکەی نەبێ، لە هیچ چاپکراوێکی ترا نەی خوێندۆتەوە.)(١٦)

پرسیارەکەی چەند بەجێیە، وەڵامەکەی هێندە دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستگۆیی و خۆدزینەوەیە لە کاکڵەی پرسیارەکە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە، نووسەر وەک چۆن لەوە دڵنیا بووە، چیرۆکی شەهیدانی قەڵای دمدم بەرهەمی خۆیەتی، هەرواش بێ گومان بووە، چیرۆکەکانی دیکە، هەندێکیان بەرهەمی خۆی نین، بۆیە خاترجەم بووە لەوەی بە چاپکردنەوەیان تووشی گێرمە و کێشە دێت و نووسەرێکی دیکەی لێ پەیدا دەبێت، برینەکەی نوێ بکاتەوە، یان ڕوونتر بڵێم، باس لەو ڕیسواییە بکات کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١دا، ڕۆژنامەی (بروا) ئاشکرای کرد، بۆیە ویستوویەتی خۆی لەو داوە بپارێزێت.

*

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (گیروگرفت و کێشەی زەحمەتکێشان لە هەموو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی هاوشێوەدا وەک یەکن، بۆیە نووسەری پێشکەوتنخواز وەک یەک چارەسەری ئەو مەسەلەیە ئەکات، ئەمە جگە لەوەی من بە تەواوی کەوتبوومە ژێر کاری چیرۆکنووسە میسرییەکانەوە.)(١٧)

(نووسەرە بەهرەدار و هەڵکەوتووە هەستناسکەکان دەزانن خۆخواردنەوە دادیان نادات، بۆیە پێ لەسەر زەویی ‹وڵاتی› خۆیان دەچەقێنن و دەرگا و پەنجەرەکانیان بە ڕووی ئەدەبی جیهاندا دەکەنەوە.)(١٨) هەر بۆیەش بە دەگمەن نووسەرێکی مەزن هەڵدەکەوێت لەژێر کاریگەریەتیی ئەدیبێکی دی، یان ئەدەبی میللەتێکی دیکەدا نەبێت، بەڵام ئەمە نەک هەر ڕێگەی ئەوەی پێ نادات کە بەرهەمی ئەو ئەدیبە یان ئەو میللەتە، وەربگێڕێتە سەر زمانی نەتەوەکەی و وەک بەرهەمی خۆی بڵاوی بکاتەوە، بەڵکوو (نووسەری بەهرەمەند و لێهاتوو بە زەحمەت کاریگەریی ئەدەبی بێگانەی پێوە دەبینرێت، بۆیەش پێوەی دیار نابێت، چونکە ئەو شتەی وەری دەگرێت، زۆر چاک هەرسی دەکات، تا وای لێ دێت نەناسرێتەوە، کەچی



نووسەری بێدەسەڵات خۆی لە دەست کاریگەریی ئەدەبی بێگانە پێ ڕزگار ناکرێت و مۆرکی کاریگەرییەکەی زەق پێوە دیارە.)(١٩)

پۆل ڤالیری دەڵێت: (هیچ شتێک هێندەی سوودوەرگرتن لە بیروڕای کەسانی دیکە، کەسایەتیی نووسەر دەرناخات، شێر تەنیا چەند کاوڕێکی هەرس کراوە.)(٢٠) بەم پێودانگە چەند چیرۆکێکی مستەفا ساڵح کەریم بۆ ئەوە ناشێن لەگەڵ ئەدەبی بێگانەدا بەراورد بکرێن، ئاخر ناتوانین بەوە قایل بین کە مەسەلەکە کارتێکردنی ئەدەبییە و هیچی تر، چونکە (ئەدەبی بەراوردکاری ئەوە پیشان دەدات، کەی و چۆن و لە کوێوە ئەدەبی نەتەوایەتی کەوتووەتە بەر شاڵاوی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە، چۆن سوودی لێ بینیوە و چۆن شان بە شانی سوودوەرگرتنەکەش، ڕەسەنایەتیی خۆی پاراستووە و نەلەقاوە و سیمای نەتەوایەتیی خۆی نەدۆڕاندووە.)(٢١)

مستەفا ساڵح کەریم سوودی لە ئەدەبی بێگانە وەرنەگرتووە، بەڵکوو چەند چیرۆکێکی تەرجوومە کردووە و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەوە! ڕاستە نووسەرانی پێشکەوتنخواز لە یەک ڕوانگەوە سەرنجی کێشەکان دەدەن، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تەنانەت (ڕۆشنبیریی نێونەتەوەییش خاوەنی پێناسەی نەتەوەییە.)(٢٢) گۆرکی پێی وایە، (ڕۆشنبیریی هەر یەکێک لە کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت وەکوو کرۆک سۆسیالیستانەیە، وەلێ لە شێوەدا نەتەوەییە.)(٢٣) ‹لۆناچارسکی›ش دەڵێت: (مرۆڤایەتی بە هەنگاوی درێژ بەرەو ڕۆشنبیریی نێونەتەوەیی دەڕوات، بەڵام بناغە نەتەوەییەکە تا داهاتوویەکی دوور، یان دەشێت هەتا هەتایە هەر بمێنێت.)(٢٤) ئەگەر چی یەشار کەمال و مارکیز لە هەمان ڕوانگەوە سەرنجی کێشەکان دەدەن، بەڵام هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و هاژەی ڕووباری بەرهەمی هەر یەکەیان دەنگی تایبەتی خۆی هەیە.

وەک گوتم پێوەندیی مستەفا ساڵح کەریم بە چیرۆکنووسە میسرییەکانەوە،

ئەوە نییە ئەم لە ژێر کاریگەریی ئەواندا بووبێت و هیچی تر، بەڵکوو ئەم چیرۆکی ئەوانی کردووە بە کوردی و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەوە. ئەوی گومانی لەم قسەیەم هەیە، با سەرنجی ئەم بەڵگە حاشاهەڵنەگرە بدات! کاتی خۆی نووری وەشتی لە ڕۆژنامەی (بروا)ی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٦١دا پەردەی لەسەر ڕووی مانگی ئەو ڕاستییە لادا کە مستەفا ساڵح کەریم چیرۆکی (کم تدفع؟)ی چیرۆکنووسی میسری: (محەممەد حەمدی)ی کردووە بە کوردی و بە بەرهەمی خۆی لە قەڵەم داوە. نووری وەشتی هەر لەو نووسینەیدا لە مستەفا ساڵح کەریمی پرسیبوو: (جا توو خوا ڕاست ناکەین؟ ئەگەر ئەڵێیت نا، با بە زەنگۆغراف بۆت چاپ بکەین.)

ئەو سەروەختە مستەفا ساڵح کەریم وەڵامی ئەو پرسیارەی نووری وەشتی نەدایەوە، تا بۆی چاپ بکات، بەڵام هەنووکە وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت: (کارەساتی چیرۆکی ‹چەندم لێ ئەسێنی؟› لە گەڕەکی شێخ جافەر، لە سلێمانی ڕووی داوە،)(٢٥) بۆیە لێرەدا لاپەڕەیەک لە چیرۆکی ‹کم تدفع؟›ی محەممەد حەمدی کە ١٩٥١ لە گۆڤاری ‹الهلال›دا بڵاو کراوەتەوە، دەخەمە پێش چاوی خوێنەر و هەمان لاپەڕەش لە چیرۆکی (چەندم لێ ئەسێنی؟) کە مستەفا ساڵح کەریم بە بەرهەمی خۆی لە قەڵەم داوە و تا ئێستاش خۆی بە خاوەنی دەزانێت، دەخەمە ڕوو، تا خوێنەر بەراوردی دەقە عەرەبی و کوردییەکە بکات و پاشان خۆی سەرپشک بێت.

لاپەڕەیەک لە چیرۆکی (کم تدفع؟)ی محەممەد حەمدی وەک ساڵی ١٩٥١ لە گۆڤاری (الهلال)دا بڵاو کراوەتەوە:

(وأتلمس بيدى جبينه الساخن المندى ثم لا أملك غير ان أصلى من أجله وأدعو الله أن يرفع عنه البلاء. وأشاروا على بأن اذهب إلى الطبيب، ودلونى على مكانه وذهبت إليه أحمل ولدى العليل ورجوته فى توسل وفى إستعطاف أن يدفع عنه الشر ويجنبه الموت.



وراح الطبيب يفحصه تم إلتفت إلى وقال (إن إبنك فى حاجه إلى عمليه جراحيه.) فقلت له (إذا كان لا بد منها فعليك بها.) وأطرق الطبيب قليلا ثم رفع إلى بصره وقد لمعت عيناه وقال (وكم تدفع؟) أطرقت بدورى ثم رفعت اليه بصرى وقد غامت عيناى وقلت (وكم تطلب؟) وسمعته يقول (عشرون جنيها) واردفت قائلا (جنيهان ... هى ما املك.) ولم أسمع ردا وحاولت أن ألقى على الطبيب نظره، فلم أر شيئا. فقد كان الدموع تحجب عنى كل شئ. ومضت لحظات قبل أن أتمكن من الرؤيه، ثم جلت بصرى فى حجره الطبيب باحثا عنه فلم أجده. وسرعان ما دخل علينا أحد الممرضين وسرعان ما سمعته يأمرنى بالإنصراف، فحملت إبنى وإنصرفت.)

هەمان لاپەڕە لە چیرۆکی (چەندم لێ ئەسێنی؟) کە مستەفا ساڵح کەریم بە بەرهەمی خۆی لە قەڵەم داوە.

(دەستم ئەدا لە ناوچاوانە گەرمەکەی.. لە پاشان هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ ڕاکەمە سەر بەرماڵەکە و لە خوا بپاڕێمەوە. بەرو دراوسێ ناوی دۆکتۆرێکیان بۆ هەڵدام کە بۆ ڕۆژی دوایی بیبەمە لای، منیش جوامێرم گرتە باوەش و نووساندم بەسەر دڵمەوە تا گەیاندمە لای دۆکتۆرەکە، لەوێ کەوتمە پاڕانەوە لێی کە چارێکی کوڕەکەم بکات، پاش سەیرکردن و ئەم دیوە و دیوکردنی ڕووی کردە من و وتی:

ـ کوڕی تۆ من چاکی ئەکەم لە خۆت.

زمانی باش نەئەزانی بەڵام توانی من باش تێبگەیەنێ، منیش سەرم هەڵبڕی و ڕووم تێ کرد:

ـ باشە جەنابی دۆکتۆر بەگ خوا دەست بە عەمرتەوە بگرێ، بەڵام با بزانم (چەندم لێ ئەسێنی؟)

ـ پانزە دینار.

منیش بە پاڕانەوەوە وتم:

ـ به خوا جەناب تەنیا سێ دینار شک ئەبەم.
ئیتر گوێم لە وەڵام نەبوو، ویستم سەیرێکی دۆکتۆر بکەم بەڵام فرمێسک بەری چاوی گرتم و هیچم نەبینی، لە پاش ماوەیەک یەکێ لە بەردەستەکانی پەلی گرتم و دەرگای دەرەوەی پیشان دام.)(مستەفا ساڵح کەریم، شەهیدانی قەڵای دمدم، ل٤٢ چ١ ساڵی ١٩٦١)

*

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (لە چاپی دووەمی شەهیدانی قەڵای دمدمدا ئەوەم وتوە کە بە تەواوی کەوتبوومە ژێر کاری چیرۆکنووسە میسرییەکان، نازانم ئەگەر ئەمە بە ڕاستگۆیی دانەنرێ، ئەبێ بە چی ناو بنرێ؟)(٢٦)
پێم وایە (دەبێت لە کاتی پێویست و لەباردا هەست بە هەڵەی خۆمان بکەین و بە گورجی ڕاستیان بکەینەوە.) دەبوو ئەو هەر ساڵی ١٩٦١ دوای نووسینەکەی نووری وەشتی، ددانی بەوەدا نابا کە چەند چیرۆکێکی بێگانەی کردووە بە هی خۆی و لەو کارەی پەشیمانە، نەک چاوەڕێ بێت ئا ئەحمەد سەلام لە ساڵی ١٩٧٨دا، مەسەلەکە تازە دەکاتەوە و ئەوساش هەر ڕاستییەکە بشارێتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٢دا و دواتر لە ساڵی ١٩٨٥یشدا هەر ڕاستی بزر بکات و کەچی لافی ڕاستگۆییش لێ بدات.
دەپرسم هۆی چی بوو، مستەفا ساڵح کەریم لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ ـ ١٩٧٩دا وەڵامی نووری وەشتی نەدایەوە؟ ئەگەر بیانووی ئەوەیە کە لە سەرەتای ساڵانی شەستدا، برِوا، ژین و الأخبار، هەر یەکی لەبەر هۆکارێک وەڵامەکەیان بڵاو نەکردووەتەوە، خۆ دەیتوانی لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا، لە گۆڤاری (ڕابەر)دا کە خۆی دەری دەکرد، وەڵام بداتەوە. یان با لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا، لە گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)دا کە خۆی یەکێک بوو لە دەستەی نووسەرانی، بەرپەرچی نووری وەشتی بدایەتەوە. ئەمانە بێجگە لەوەی بە حوکمی ئەوەی پەیامنێری التآخی بوو، چوار ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی سلێمانی بوو، لە



تەلەڤیزیۆنیشدا بەرنامەی هەبوو، بۆیە دەیتوانی لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا، چ لە دەنگی مامۆستادا، چ لە ڕۆژنامەی (التآخی)دا، چ لە گۆڤاری نووسەری کورددا کە ئۆرگانی یەکیەتیی نووسەرانی کورد بوو، یان لە ڕێی بەرنامەی (ئەدەب و ژیان)ەوە، داکۆکی لە خۆی بکات.
مستەفا ساڵح کەریم ساڵی ١٩٧٩ دەنووسێت: (ئەگەر مەسەلەکە کۆنەقین نەبێت، ئەحمەد سەلام نووسینێکی هەژدە ساڵ لەمەوبەری نەدەکرد بە ماڵ بەسەر منەوە.)(٢٧) یان دەنووسێت: (ع. ب. پێنجوێنی بیست و پێنج ساڵ ئەمانەی بۆ من خستۆتە توورەکەوە.)(٢٨)
ئەوی سەبارەت بە مستەفا ساڵح کەریم بنووسێت، ئەگەر نووسینەکەی پێداهەڵدان بێت، ئەوا ڕەخنەیەکی زانستییە، خۆ ئەگەر نا، ئەوا کۆنەقین، قسە و قسەڵۆک و دەرچوونە لە نەریتی ڕۆژنامەگەری و پێویست ناکات خوێنەر بەو شتانەوە خەریک بکرێت! دالاس کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، دەیگوت: (ئەوی خێری ئەمریکای تێدا بێت، خێری دنیاشی تێدایە.) مستەفا ساڵح کەریمیش پێی وایە، ئەوی سوودی خۆی تێدابێت، قازانجی میللەتیشی تێدایە، ئەگەر نا زیانبەخشە.
مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (چل ئەدیبی ناسراو لە پێشەکی وتارەکەی ع. ب. پێنجوێنی ناقایل بوون.) ئەگەر ئەمە هەر قسەی ڕووتیش نەبێت، هێشتا ڕاستی لە چل ئەدیبی ناسراو باڵاترە. ڕاستە (لە ڕوانگەی ئەو بۆقەوە کە لە بنی بیرێکدایە، ئاسمان هێندەی دەمی بیرەکەیە،) بەڵام ئاسمانی ڕاستەقینە گەلێک بەرینترە. کە دەگوترێت (چەندم لێ ئەسێنی؟) چیرۆکی محەممەد حەمدییە، ئەمە تەواو وەک ئەوە وایە بگوترێت شەو و ڕۆژێک بیست و چوار سەعاتە. ئەوانەی پێیان وایە (دەبێت دژی هەموو ئەو شتانە بین، دوژمن پشتگیریان لێ دەکات و پشتگیریش لە هەموو ئەو شتانە بکەین، دوژمن دژایەتییان دەکات، لە ڕاستی دوور دەکەونەوە، ئەگەر چی مستەفا ساڵح کەریم و ع. ب. پێنجوێنی، نەک هەر دوژمنی

یەک نین، بەڵکوو بە کردەوە لە یەک سەنگەردان و جیاوازییەکان تەنیا لە شێوازدایە. نەک تەنیا چل ئەدیب هەموو ئەدیبانیش لایەنی مستەفا ساڵح کەریم بگرن، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە (چەندم لێ ئەسێنی؟) چیرۆکی محەممەد حەمدییە.

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (هەر کەسێ ڕابردووی نەبێ، داهاتووشی نابێ.)(٣٠) ئەمە ڕاستە وەلێ بەو مانایە نا، تا ڕابردووت تاریکتر بووبێت، داهاتووت ڕووناکتر دەبێت. ئەگەر چی زایۆنییەکان پێیان وایە،(ڕابردوو تا خراپتر بێت، ئێستا چاکتر دەبێت،)(٣١) بەڵام ڕاستییەکەی ڕووبار هەمیشە سەرچاوەکەی ڕوونترە. من هێندەی ژیننامەی نووسەرانم بەر چاو کەوتبێت، ناوی ئەدیبێکی مەزنم لە یاد نییە، سەرەتای نووسینی بە زەوتکردنی بەرهەمی ئەدیبانی بێگانە دەستی پێ کردبێت.

مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: (من خۆم ئەو ساتە قاڵبووی خەبات بووم و لە ڕیزی نیشتمانپەروەراندا بووم.)(٣٢) هەروەها دەڵێت: (کە چیرۆکی ‹نیشتمانی جوان›م بۆ گۆڤاری شەفەق نارد، وام نیشان دابوو کە بەسەرهاتەکەی:

(١) ڕووی نەداوە، بەڵکوو خەوە و هیچی تر.

(٢) خەوەکەش لە ئەندەلوس بینراوە.)(٣٣)

سەیرە نووسەرێک قاڵبووی خەبات بووبێت کەچی هێندە بە ترس و لەرزەوە بنووسێت، لەوەش سەیرتر ئەوەیە، ڕژێمێک هێندە بەستەزمان بووبێت، سڵ لەو نووسەرە بکاتەوە!

*

ئەگەر بە هۆی ئەم نووسینەوە، کەسێک ئازاری پێ بگات، یان بریندار ببێت، لە ناچارییەوەیە، (وەک چۆن دۆکتۆرێک لە کاتی نەشتەرگەریدا، ناچارە ئازاری نەخۆش بدات و برینداریشی بکات، بەڵام سەرئەنجام ئەو



ئازاردان و بریندارکردنە لە قازانجی نەخۆشەکەیە،) بە هیوام بۆچوونە بریندارکەرەکانی ئەم نووسینەش، لە بەرژەوەندیی ئەدەبی کوردیدا بن.

هەروەها پێم خۆشە ئەم نووسینە بە داکۆکی لەم یان لەو لێک نەدرێتەوە، چونکە ڕاستییەکەی لایەنگرتنی حەقیقەتە و هیچی تر. حەزیش ناکەم مستەفا ساڵح کەریم وا تێبگات، ئەوە کۆنەقینە منیشی هێناوەتە قسە، چونکە هەرگیز ڕەخنەی بەجێ، زادەی کۆنەقین نەبووە.

2005 - 1986

### سەرچاوەکان


(١) ع. ب. پێنجوێنی، ئەو کەسەی کەسە ئەلفێکی بەسە، هاوکاری، ژمارە ٦٧٧ی ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٨٤ بەغدا.

(٢) فوئاد حەمەخورشید، ئەمجارەیان نۆرەی کێیە؟ هاوکاری، ژمارە ٧٦٩

(٣) ئەرخەوان، چەند تێبینییەک لەسەر وتارەکەی ع. ب. پێنجوێنی، هاوکاری، ژمارە ٧٧١

(٤) محەممەد نووری تۆفیق، کام باری باری سەرنج؟ هاوکاری ژمارە ٧٧٧

(٥) ع. ب. پێنجوێنی، ڕوونکردنەوەیەک بە بەڵگەی دیارەوە، هاوکاری، ژمارە ٧٧٢

(٦) مستەفا ساڵح کەریم، ئەوی لە کاسەدا بێت، بە کەوچک دەردێت، هاوکاری، ژمارە ٧٧٨ و ٧٨١

(٧) هاوکاری، ژمارە ٧٧٨

(٨) ئەحمەد سەلام، ئەو دەلاقانەی لە (چیرۆکی هونەریی کوردی)دا بەرچاو دەکەون، ئاسۆی زانکۆیی، ژ٨ سلێمانی ١٩٧٨

(٩) مستەفا ساڵح کەریم، ئەو ئاوێنەیە مەشکێنە کە خۆتی تێدا دەبینی، ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە ١ ساڵی ١٩٧٩

(١٠) سەرچاوەی پێشوو.

(١١) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزرکاندن؟ ل ١٦ و ١٧

(١٢) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، ل١١٣
(١٣) مستەفا ساڵح کەریم، چاپی دووەمی شەهیدانی قەڵای دمدم، ل٥٤
(١٤) سەرچاوەی پێشوو ل٥٤
(١٥) مستەفا ساڵح کەریم، شەهیدانی قەڵای دمدم، ل٦ چاپی یەکەم ١٩٦٠
(١٦) مستەفا ساڵح کەریم، چاپی دووەمی شەهیدانی قەڵای دمدم، ل٥٤
(١٧) هاوکاری، ژمارە ٧٧٨
(١٨) عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، ل٦٣
(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦ و ٤٧
(٢٠) محمد غنیمی هلال، الأدب المقارن، ص١٨
(٢١) عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، ل١٤
(٢٢) الإشتراکیە و الثقافە، ترجمە: محمد الجندی، ص٣١
(٢٣)هەمان سەرچاوە، ل٩٣
(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١
(٢٥) هاوکاری، ژمارە ٧٨١
(٢٦) هاوکاری، ژمارە ٧٧٨
(٢٧) ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٩
(٢٨) و (٢٩) و (٣٠) هاوکاری، ژمارە ٧٧٨
(٣١) کولیسنکوف، أرض المیعاد، ص٢١٠
(٣٢) هاوکاری، ژمارە ٧٧٨
(٣٣) هاوکاری، ژمارە ٧٨١



## ئەو شاعیرانەی چیرۆک دەنووسن

هیچ کام لە لقەکانی دیکەی درەختی ئەدەب، هێندەی شیعر و چیرۆک گرنگ نین، شاعیر کە شیعرێک دەنووسێت، دەیەوێت بە شیعر، شتێک بگێڕێتەوە، وەک چۆن چیرۆکنووسیش هەر شتێک دەگێڕێتەوە، بەڵام بە پەخشان، بۆیە سەیر نییە شاعیر چیرۆکیش بنووسێت. شاعیرانی کوردیش وەک شاعیرانی زۆربەی گەلانی جیهان، چیرۆکیان نووسیوە. (پووشکین)ی باوکی ئەدەبی ڕووس، وەک گەورەترین شاعیری ڕووسە، کۆمەڵێک ڕۆمانیشی نووسیوە، (هیگۆ)ی شاعیری مەزنی فەرەنسا کە (بێنەوایان)ی نووسی، لە دوای خۆی، ڕۆمانێکی نەمری جێ هێشت، نازم حیکمەت بێجگە لەوەی لە بواری نووسینی دەقی شانۆییدا، هەنگاوی گەورەی نا، ڕۆڵێکی گرنگیشی لە پێگەییشتنی (کەمال تاهیر)دا کە یەکێکە لە ڕۆماننووسە ناودارەکانی تورک، بینی.

شاعیرانی کوردیش لە بواری چیرۆکنووسیندا، هەوڵێکی باشیان داوە و ئەستێرەی جێپەنجەیان بە ئاسمانی چیرۆکی کوردییەوە، گەش گەش دەدرەوشێتەوە. دوو ساڵ دوای جەمیل سائیب (کە یەکەمین چیرۆکی

هونەریی لەساڵی ١٩٢٥دا نووسیوە،) ئەحمەد موختار جافی شاعیر، چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) دەنووسێت. ئەو کارە گەورەیەی ئەحمەد موختار جاف و هەوڵەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیر، هەر لە سەرەتای ساڵانی سییەوە، ئەوە دەسەلمێنن کە شاعیرانی کورد، ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرهەڵدان و گەشەپێدانی چیرۆکی کوردیدا بینیوە.

لە دوای ساڵانی چلیشەوە، شاعیرانی کورد دەستبەرداری چیرۆک نابن و هەر سوور دەبن لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی. (شێخ سەلام، بەختیار زێوەر، هاوار، کامەران موکری، دیلان، أ. ب. هەوری، خالید دلێر و مەدهۆش)یش کەم و زۆر گوڕیان بە ڕەوتی چیرۆکی کوردی داوە. شاعیرانی کورد لە ساڵانی حەفتاشدا، چیرۆکیان نوسیووە، ئەم باسەی من، بەسەرکردنەوەی کۆمەڵێک لەو چیرۆکانەیە کە لە دوای ساڵی ١٩٧٠وە، بڵاو کراونەتەوە و نووسەرەکانیان شاعیرن.

*

دڵشاد محەمەد ئەمین یەکێکە لەو ئەدیبانەی دەسەڵاتیان بەسەر لقێک زێتر لە لقەکانی ئەدەبدا دەشکێت. ئەو هاوزەمان شاعیرێکی چاک و چیرۆکنووسێکی سەرکەوتووە. یەکێک لە مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە، چ ڕووداوەکانی و چ هەڵسوکەوتی قارەمانەکانی، تا ماوەیەکی دوور و درێژ لە یادی خوێنەردا دەژین. خوێنەر کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات، خۆی لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە و پێی وایە قارەمانانی چیرۆکەکەش، وەک کەسانێکی ڕاستەقینە دەناسێت.

چیرۆکەکانی دڵشاد محەمەد ئەمین، یادگار لای خوێنەر جێ دەهێڵن و لە یادیدا دەژین. هەر سێ چیرۆکی (محازەرەیەک دەربارەی کورتەچیرۆک،) (جووجە) و (بووکەخان،)(١) پشتگیریی لەم بۆچوونەم دەکەن و دڵشاد محەمەد ئەمینی شاعیر، لە بواری چیرۆکنووسیندا، لە هەموو ئەو شاعیرانەی تێپەڕاندووە، کە لە ساڵانی شەست و حەفتایشدا، چیرۆکیان



نووسیوە.

هەرچەندە (شنۆ)ی قارەمانی چیرۆکی (بووکەخان،) منداڵێکە لە یەکەمین قۆناغی تەمەنیدا، وەلێ چیرۆکەکە بۆ منداڵان نەنووسراوە. نووسەر وەک شارەزایەک لە جیهانی منداڵ، ئازادی بە شنۆ داوە، وەک منداڵێک بیر بکاتەوە، منداڵانە بئاخفێت و هەڵسوکەوت بکات، قسە و بیرکردنەوەی خۆی، بە سەر ئەودا نەسەپاندووە، بۆیە خوێنەر کە هەست دەکات، ئەوە شنۆ خۆبەتی دەدوێت و دەجووڵێت و بیر دەکاتەوە، بڕوا بە ڕووداوەکان دەکات و هیچ گومانێکی دەربارەی ڕاستگۆیی چیرۆکنووس لە کن دروست نابێت. ئەگەر چیرۆکنووس لە بواری سایکۆلۆژیای منداڵدا، زانیاریی نەبووایە، مەحاڵ بوو بتوانێت، ئاوا زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ (شنۆ)دا بکات، هەر ئەم شارەزابوونەشە وای کردووە، شنۆ لە کەسێکی ڕاستەقینە بچێت و خوێنەر بە پەرۆشەوە دوای ڕووداوەکانی ژیانی بکەوێت.

دڵشاد محەمەد ئەمین لە (بووکەخان)دا، ئەو باوکانە تاوانبار دەکات کە گوێ بۆ ڕازی منداڵەکانیان شل ناکەن، وەڵامی پرسیارەکانیان نادەنەوە و خواست و ئارەزووەکانیان پشتگوێ دەخەن. سەرنجی باوکان بۆ ئەوە کێش دەکات، کە منداڵ هەست بە گەلێک شتی ورد دەکات و هەموو ڕەوتارێکی چەوت لەگەڵیدا، کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ژیانی جێ دەهێڵێت. (بابە قەت گوێ لە ئێمە ناگرێ. شنۆ) بەو ڕستەیە هەڵوێستی چەوتی باوکەکە بەرانبەر منداڵەکەی بە دیار دەکەوێت، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە، ئەو مامەڵەکردنە نابەجێیە بە زیان بۆ شنۆ بگەڕێتەوە، بۆیە چیرۆکەکە پێویستی بەو دیالۆگەی نێوان دایک و باوکی شنۆ: (گەر ڕووت بدایەتێ....) نابێت، چونکە خوێنەر لە ئەنجامی ئەو قسانەی شنۆوە کە ڕووی دەمی لە بووکەکەیەتی، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، باوکەکە منداڵەکەی خۆی فەرامۆش کردووە.

باوکەکە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کیژەکەی هەردوو دەستی لە کیس

بچێت، ویژدانی هێندە ئازاری دەدات، تا دەگاتە ئەوەی کۆشکی ورەی هەرەس دەهێنێت و بە فیشەکێک، نامەی مردنی خۆی دەنووسێت. هەرچەندە تاوانی باوکەکە هێندە گەورە نییە، چونکە بە مەبەستەوە نەبووە، تا سزاکەی هێندە گران بێت، وەلێ چونکە چیرۆکنووس بەسەر ڕەوتی چیرۆکەکەیدا تەواو زاڵە، خوێنەر بەو ئەنجامە قایل دەبێت و بە کۆتاییەکی هەڵبەستراوی نازانێت.

دڵشاد محەمەد ئەمین لە چیرۆکی(محازەرەیەک دەربارەی کورتەچیرۆک و سۆ وەت)دا، لە ڕێی محازەرەیەکەوە سەبارەت بە کورتەچیرۆک، ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو شێوازانەی ڕژێمگەلی دیکتاتۆر لە پێناوی سەرکوتکردنی بەرهەڵستکارانیاندا و بە مەبەستی پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندیی چینایەتییان و درێژەدان بە تەمەنی فەرمانڕەواییان دەیگرنە بەر. چیرۆکنووس ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کەسانی دیکتاتۆر بۆ گەییشتن بە ئامانجیان هەموو ڕێگەیەک دەگرنە بەر ، بۆیە ئەوی دژی بەرژەوەندیی چینایەتییان خەبات بکات، دەشێت کاتی پەڕینەوەی بە شەقامێکدا، ئۆتۆمۆبیلێک لێی بدات و کوشتنەکەشی بە ڕێکەوت لە قەڵەم بدرێت.

ئەم چیرۆکە نەک هەر سەرەکیترین کێشەی ئەم سەردەمە بەسەر دەکاتەوە، بەڵکوو پەردە لەسەر ڕووخساری ناشیرینی چەوسێنەران، لە هەر کوێیەک بن، لا دەدات و ئەو پێستە مرۆڤانەیە کە لە دیوی دەرەوە دایپۆشیون، دادەماڵێت و دیوی ناوەوەیان دەخاتە ڕوو. دڵشاد محەممەد ئەمین نەهاتووە واقیع شی بکاتەوە و هیچی تر، بەڵکوو چیرۆکەکەی بۆ هاندان بە مەبەستی گۆڕینی ئەو جیهانەی چەوسێنەران تێیدا سەروەرن، تەرخان کردووە. چیرۆکەکە پێوەندییە ئۆرگانیکییەکەی نێوان نەتەوەیی و نێونەتەوییشی تێدا پارێزراوە، بۆیە هەرچەندە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیاریکراوە، بەڵام لە هەر جێیەک خەمەکان لە خەمی واقیعی ئەم چیرۆکە



بچن، خەڵکی ئەو جێیە خۆیانی تێدا دەبیننەوە. محازەرەیەک... هەوڵێکی سەرکەوتووە بۆ نووسینی ئەدەبی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ئەو تەکنیکەشی پێی نووسراوە، شێوەیەکی تازەیە و لە خزمەتی گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکەدایە.

*

لە چیرۆکی (تا هەتاو نەکەوێ)ی نەجیبە ئەحمەدیشدا،(٢) دیسان ئۆتۆمۆبیلێک ئینسانێک دەشێلێت، گەر چی قارەمانی ئەم چیرۆکە دژایەتیی ڕژێمی نەکردووە و تاوانی کوشتنەکەشی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی ڕژێمەکەدا نییە، بەڵام ئەمیش هەر قوربانیی دەستی ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەیە کە ڕژێمەکەی ڕاگرتووە. کیژێک کە تەمەنی لە دە ساڵ کەمترە، ناچار دەبێت گوڵەبەڕۆژە بفرۆشێت و لە ڕۆژێکی تۆفدا کە خەو بە کراسێکی نوێوە دەبینێت، ئۆتۆمۆبیلێک دەیشێلێت، بۆیە دەڵێم تاوانی کوشتنی ئەم کیژە لە ئەستۆی شێوازی بەرهەمهێنانەکەدایە، چونکە لە سایەی شێوازی بەرهەمهێنانێکی ئینسانییانەدا، منداڵ ناچار نابێت کار بکات و ئیش بە منداڵ کردن، تاوانە.

منداڵ لە کۆمەڵگەیەکدا دادی کۆمەڵایەتیی تێدا ڕەچاو بکرێت، دەرگە لە بەردەم خواستەکانیدا لەسەر پشت دەبێت و مافەکانی فەرامۆش ناکرێن. چیرۆکەکەی نەجیبە ئەحمەد وەک فیکر، مۆری تاوانبارکردن بە نێوچاوانی ئەو ڕژێمانەوە دەنێت کە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی ئینسان دامەزراون، وەک شێوەش، سوودی لە تەکنیکی نوێ وەرگرتووە و سەرکەوتووانە لە پێناوی گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکەیدا ڕەخساندوویەتی. لە کاتێکدا منداڵە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە، لە سەرمادا هەڵدەلەرزێت و پەنجەکانی لە گۆ کەوتوون، ژنێک بەمجۆرە منداڵەکەی بانگ دەکات. (ئازاد گیان وەرە ژوورەوە سەرمات دەبێت.) نیشاندانی ئەم دوو دیمەنە ناکۆکە، نیشانەی شارەزاییە، چونکە توانیویەتی لە ڕێی ڕستەیەکەوە شتی گەورە بڵێت.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی چیرۆکەکە ئەوەیە، بابەتەکەی نویێ نییە، ئاخر پێشتر قارەمانی هەندێک چیرۆکی کوردیی دیکە، منداڵی ئیشکەر بوون، لەوانە: (دەڕابە چەورکەرەکە)ی تاهیر ساڵح سەعید(٣) و (منداڵە سەموونفرۆشەکە)ی زاهیر ئەحمەد سەوز.(٤)

*

قارەمانی چیرۆکی (نیو بیتاقە)ی لەتیف هەڵمەت،(٥) کۆڵهەڵگرێکە، بیر لە کڕینی بیتاقە، بە نیازی ئەوەی کە بۆی دەرچوو، (موغازە)یەکی پێ دابنێت، دەکاتەوە، بەڵام پارەی کڕینی نیو بیتاقەش نابات. لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کۆڵهەڵگرێک هەر چەند ڕەنج بدات، هەر ناتوانێت، پێویستییە ساکارەکانی ژیان دابین بکات. دیارە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا ئەم قارەمانە، خاوەنی هۆشیارییەکی وا نابێت، تا بزانێت، بۆچی ژیانی هێندە سەختە و بە چی لەو کولەمەرگییە ڕزگاری دەبێت، بۆیە لە نەبوونی هۆشارییەوە، هانا بۆ خەیاڵپڵاوی بیتاقە دەبات، ئەو مۆرفینەی چەوسێنەران بە مەبەستی زێتر ڕووتاندنەوەی چەوساوەکان و بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەرێکی دیکە بۆ دەربازبوون، لە ژیانی نالەباریان نەکەنەوە و هەمیشە خەیاڵیان لای دەرچوونی بیتاقە بێت، دەیهێننە ئاراوە.

لەم چیرۆکەشدا منداڵێک کار دەکات، لەتیف هەڵمەت لە ڕێی نیشاندانی گوزەرانی خێزانی کۆڵهەڵگرێکەوە و بە هۆی ناچاربوونی دایکێکەوە کە بەوە قایل بێت، منداڵەکەی بیتاقە بفرۆشێت، ئەو شێوازی بەرهەمهێنانە ڕەت دەکاتەوە، کە هەوێنی ژیانی سەختی ئەو دوو خێزانە و هەموو چەوساوەکانە. چیرۆکنووس تەنیا پەردەی لەسەر ڕووی چۆنییەتی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لا بردووە و هیچی دی، وەنەبێت ئەمە لەوەوە هاتبێت کە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکەی لە کن ڕوون نەبووبێت، بەڵکوو دەشێت زادەی ئەوەبێت، کە هەست بە هەبوونی چیرۆکنووس



ناکرێت. ڕاستە چیرۆکنووس نابێت، بیروڕای خۆی بەسەر کەسان و ڕووداوی چیرۆکدا بسەپێنێت، وەلێ ئەمە بەو مانایە نییە، هیچ ڕۆڵێکی لە دیاریکردنی ڕەوتی چیرۆکەکەدا نەبێت و وەک ڕیپۆرتاژنووسێک ڕەوتار بکات. ئەوی لەم چیرۆکەدا سەرنجڕاکێشە، توانای چیرۆکنووسە لە بواری نیشاندانی ناخی کۆڵهەگرەکەدا، ئەمەش بۆ شارازیی وی لە بواری سایکۆلۆژیای ڕەنجدەراندا دەگەڕێتەوە. نووسەر سوودی لە تەکنیکی مەنەلۆژ و گێڕانەوە بینیوە، وەلێ چیرۆکەکە دیالۆگی تێدا نییە.

*

ئافرەتێکی قەیرە کە بۆ دامرکاندنەوەی خۆی، هانا وەبەر پشیلە دەبات و بە مەبەستی شووکردن، دەست بە داوێنی(شێخ)ەوە دەگرێت و چاوەڕێی ئەنجامی کاریگەرییەتی نوشتەیە، قارەمانی چیرۆکی (کلاوقووچ)ی شێرکۆ بێکەسە.(٦) چیرۆکەکە وەک ڕیپورتاژ نووسراوە، چیرۆکنووس بەوپەڕی دەستپاکییەوە، شتەکانی لە شێوەی چیرۆکدا داڕشتووە، تەنانەت قاوەخانەی سەرچیمەن و کابرای لووتبڕاویشی فەرامۆش نەکردووە! چیرۆکەکە نزیکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، وێنەگرتنێکی بێ ئارایشتکردنی واقیعە، کەچی لە دوا پەرەگرافدا بە تۆپزی ڕەمزێکی تەمومژاوی و ناماقووڵی تێدا قوت کراوەتەوە. (پاسی ژمارە ٩٤٨ هات و سەرکەوتم.) بە بارە واقیعییەکەیدا، پاسی ژمارە ٩٤٨ تا ساڵی ١٩٧٨ کە چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە، لە سلێمانیدا کە شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکەیە، نەبینراوە، کەواتە ٩٤٨ ڕەمزە، وەلێ ڕەمزی چ شتێک یان ڕوداوێکە؟ تۆ بڵێیت، ڕەمز بێت بۆ ڕاپەڕینەکەی کانوونی ١٩٤٨ کە پەیمانی پۆرتسمۆسی نایە گۆڕەوە، سواری وەزارەتەکەی ساڵح جەبری گلاند و یەکەمین پرۆڤە بوو بۆ شۆڕشی چواردەی تەمووز؟ ئەمەیان جێی گومانە، چونکە نە ئەو چیرۆکە شوێنی ئاماژەکردنە بۆ ئەو ڕاپەڕینە، نە ڕەمز بەو

جۆرە بەگەڕ دەخرێت، ئاخر ناکرێت، چیرۆکێک لە سەرەتاوە تا دێرەکانی کۆتایی، واقیعی بێت و لەناکاو ڕەمزێک قارچکئاسا هەڵبتۆقێت.
ئەگەر شێرکۆ بێکەس وا هەست دەکات، چیرۆکی ڕەمزیی نووسیوە، ئەوا بە هەڵەدا چووە، چونکە چیرۆکەکەی نە ڕەمزییەکی شێوە ئەفسانەیییە، نە ڕەمزییەکی واقیعییە.(٧) کۆتاییهێنانیش بە ژیانی قارەمانەکەی بەو شێوەیە کە جێی باوەڕ نییە و تەنیا بۆ ختووکەدانی سۆزی خەڵکە، خوێنەر لە ڕاستگۆییی چیرۆکنووس دەخاتە گومانەوە و بە لابردنی دوا پەرەگرافی، نەک هەر کەلێن ناکەوێتە چیرۆکەکەوە، بەڵکوو لە کەناری ڕاستەقینەی خۆیدا ئارام دەگرێت.
بابەتی چیرۆکەکەی شێرکۆ بێکەس، بابەتێکە سواو، لە بازنەی (ئافرەت و نوشتە)ی کامیل ژیر، (نوشتەکەی ئامینەخان)ی حەسەن قزڵجی و (فاڵچی)ی حەمەکەریم هەورامی قوتاری نەبووە. چیرۆکنووس تووشی غەفڵەتێکی گەورەش بووە، لە کاتێکدا منداڵەکە هێندە گەورەیە، توانای هەڵگرتنی ئاوێنەی پێش بووکی هەیە، کەچی سەری لەوە سوور دەمێنێت، کە باجی ئامە منداڵی نییە، ئەگەر چی دەزانێت، شووی نەکردووە.

*

قارەمانی چیرۆکی (ئەو شەوانەی بۆت ئەگریم و ئەو ڕۆژانەی لە بیرم ناچیتەوە)ی عەبدوڵڵا عەباس(٨) کارمەندێکی بچووکی شیعرنووسە. خولیای (ئەو) هەراسانی کردووە و بە دەم خواردنەوەوە، ڕازی دڵی بۆ ڕووباری دیجلە هەڵدەڕێژێت. ئەم قارەمانە کە بۆرژوایەکی بچووکە، بیرکردنەوە و ڕەوتاریشی ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، هەرچەندە ژن و منداڵی هەیە، کەچی دڵی لای ئافرەتێکی دیکەیە، ئەمەش زادەی ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی هاوسەردا ئازاد نەبووە، بۆیە ئاساییە کە ڕاڕا، بێزار و تەنانەت لە ژیانی هاوسەریی پەشیمانیش بێت و بە مەبەستی سووککردنی باری گرانی هانا بۆ مەی ببات.



جێی سەرنجە وەک چۆن نووسەری چیرۆکەکە شیعرنووسە، قارەمانەکەشی خەریکی نووسینی شیعرە، بۆیە خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێت قارەمانی چیرۆکەکە، نووسەرەکەی بێت. لێرەدا بەوانەی وا تێدەگەن، ڕاستگۆیی لەوەدایە بەرهەمی نووسەر ئاوێنەی ڕاستگۆی تەنگوچەڵەمە، هەڵسوکەوت، خولیا و خواستی خودی خۆی بێت، دەڵێم: ئەو (ڕاستگۆییە!) زادەی خۆپەسەندکردنە، یان لە باشترین دۆخیدا، بەرجەستەکردنێکی فۆتۆگرافییانەی واقیعێکی مەیییوە. لای من ڕاستگۆیی ئەوە نییە کەریم ئەنناسریی قارەمانی چیرۆکی(خاڵ) بەسەرهاتی هەرەسی خۆی و چیرۆکە ڕۆمانتیکەکانی دەگێڕێتەوە، بەڵکوو ئەوەیە نووسەری چیرۆکەکە، عەبدولڕەحمان مەجید ئەلڕوبەیعی، کارێکی کردبا بەرهەمەکەی لە خزمەتی ڕەوتی مێژوودا بووایە و ڕۆڵێکی بچووکی لە بنیاتنانی جیهانێکی ئاسوودەدا گێڕابا.
عەبدوڵڵا عەباس لە چیرۆکی (ئەو شەوانەی ....)دا، چی گوتووە، لە چیرۆکی (ڕۆژێ، هەموو ڕۆژێک)یشدا،(٩) هەر هەمان شتی دووبارە کردووەتەوە، چ وەک گرێ، چ وەک قارەمان و چ وەک چارەسەر، ئەگەر گۆڕانێک ڕووی دابێت، تەنیا ئەوەیە، ژووری کار، بووەتە ژووری نوستن و کورسی و مێزیش بوون بە تەختی خەو. لە هەردوو چیرۆکی (وەڵام)(١٠) و (ژانی دڕک)یشدا،(١١) هەردوو قارەمانەکە هەمان کارەکتەرن، ژیانیان پڕە لە ناکۆکی و خەریکی وڕێنەکردنن: (حەزی دەکرد وەڵامەکە بزانێ کەچی حەزیشی نەدەکرد.... نەخۆشیت و کەچی نەخۆشیش نیت. چیرۆکی وەڵام.) یان: (من خاڵۆ درۆیەکم هەر ڕاستی دەڵێم.. چیرۆکی ژانی دڕک.)
قارەمانی ژانی دڕک، کەسێکە ڕاڕا و لە بەرپێی خۆی بترازێت، بستێک دوورتر نابینێت، قارەمانی (وەڵام)یش کە چاو لە خۆر دەبڕێت، تەنیا لە سۆنگەیەی ئەوەوەیە، دیمەنێکی جوانی هەیە و هیچی تر. چیرۆکی وەڵام،

سەرەکیترین خەسڵەتی (شیعر)ی عەبدوڵڵا عەباسی پێوە دیارە، کە بریتییە لە کۆکردنەوە، کەڵەکەکردن، جێگۆڕکێ بە وشەی ناکۆک. لوتکەی دراما، لە (ژانی درک)دا، ئەو کاتەیە، قارەمانەکەی پێخاوسە و درکێک بە پێیدا دەچێت!

یەکێک لە مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە، بە جۆرێک خوێنەر کێش بکات، تا لە خوێندنەوەی نەبێتەوە، دەستی لێ هەڵنەگرێت، ئەم مەرجە نەک هەر لە چیرۆکی عەبدوڵڵا عەباسدا نییە، بەڵکوو ئەستەمە خوێنەر هەبێت، پەرەگرافێک لە چیرۆکێکی تەواو بکات و بێزار نەبێت؛ جێی سەرنجە ئەگەر لە جێی چیرۆک، شیعر و لە بری پەرەگراف، کۆپلە بڵێم، ئەم بۆچوونە دەربارەی عەبدوڵڵا عەباس، هەر جێی خۆیەتی.

*

سەرەتای چیرۆکی (چاوەڕوانی)ی سەلاح شوان،(١٢) بە مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ دەستپێ دەکات، جاروبار دیالۆگیشی تێ دەکەوێت و سوودیشی لە تەکنیکی مۆنتاژ وەرگرتووە، شوێن نەگۆڕە بەڵام بیری قارەمانەکە کە خودی چیرۆکنووسە، هەندێک جار بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و جاروباریش بەرەو ئاییندە باڵ دەگرێت. قارەمانی چیرۆکەکە کەسێکە بێزار و بێئومێد، لە جێیەکدا گیری خواردووە، بێ ئەوەی خۆی هیچ هەوڵێک بدات، چاوەڕێیە دەرگەی هیوای بۆ بکرێتەوە! چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا پێمان دەڵێت: (هەموو ڕۆژ، مانگ و ساڵەکان لە یەکدی دەچن، ئەوی دەگۆڕێت تەنیا دیوی دەرەوەی شتەکانە.) بەمەش شتێکی نوێی نەخستووەتە ڕوو، چونکە هەر بۆچوونی عەبەسییەکانی دووبارە کردووەتەوە کە دەڵێن: شەممە، یەکشەممە و دووشەممە.. هەر وەک یەک وان.

ئەوی بڕوای بە توانای ئینسان هەبێت، وای بۆ دەچێت کە مرۆڤ دەتوانێت کۆسپی سەر ڕێی تەخت بکات و ئەو دەستگایە بڕوخێنێت کە دەیکاتە بەشێک لە ئامێرێک. سەلاح شوان تازەترین تەکنیکی بەکار هێناوە، بەڵام



تازەگەری، نوێکردنەوە یان داهێنان، بە پلەی یەکەم ناوەڕۆک دەگرێتەوە نەک شێوە، بۆیە تازەگەری گوزارشکردنە لە فیکری پرۆلیتاریا کە پێشکەوتنخوازترین هێزی ئەم سەردەمەیە. دوا سەرنجم دەربارەی ئەم چیرۆکەی سەلاح شوان ئەوەیە، (وەک چۆن هەوڵ بۆ خاوێنڕاگرتنی دەوروبەر دەدرێت و هەموو خێرخوازێک دژی پیسکرنی ژینگەیە، ئەم جۆرە ئەدەبەش ڕۆڵی لە پیسکردنی بیری ئینساندا هەیە و دژایەتیکردنی ئەرکی سەرشانی هەموو خێرخوازێکە.)(١٣)

*

قارەمانی چیرۆکی (ڕەشەڕاو)ی سەلام محەممەد(١٤) مرۆڤێکە قورسترین خەمی بە کوڵەوەیە، ئینسانی خۆش دەوێت و هەست بە ئازاری دەکات، کە دەبینێت، (کەشتی بۆ گەرداو دەڕوات، کا بۆ سەگ و ئێسک بۆ ئەسپ دانراوە،) خەمێکی قووڵ چنگ لە دەروونی گیر دەکات و بە زەبری ئەو واقیعە تاڵە، ناچار دەبێت هەڵوێست بنوێنێت و بیر لە چارەسەر بکاتەوە، وەلێ چونکە تەنیا مامەخەمەیەکی سەردەم بەسەرچووە و هیچی دی، بۆیە بە مەبەستی لەناوبردنی برسیەتی، ئەم دروشمە بەرز دەکاتەوە: ئەی زەنگینەکانی جیهان، بەزەییتان بە هەژاراندا بێتەوە! (دایە سینییەک برازێنەوە و بۆ منداڵە هەتیوەکانی پوورەمەنیجی بەرە! ئەوانیش حەز لە گۆشت و برنج دەکەن.)

قارەمانەکەی سەلام محەممەد هەرچەندە هەست بە ئازاری برسییەکان دەکات، وەلێ چارەسەرێکی ئایدیالیستانەی پێشنیار کردووە، ئاخر برسییەکان لە ڕێی خێر و سەدەقەوە، کێشەکەیان چارەسەر ناکرێت. چیرۆکنووس ئەگەر چی پێی وایە خۆشەویستی و ڕێزی بەرانبەر هەژاران نیشان داوە، وەلێ ڕاستییەکەی، بە ختووکەدانی سۆزی دەوڵەمەندەکان، بەو هیوایەی بەزەییان بجووڵێت و دەستی کۆمەک بۆ هەژاران درێژ بکەن، سووکایەتیی بە هەژاران کردووە، ئاخر چارەسەرکردنی کێشەی هەژاران، بە

گۆڕکردنی ئەو ڕژێمانەوە بەندە کە تەلاری دەسەڵاتیان لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی ئینسان بڵند بووەتەوە و چەوساوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، پێویستیان بە هەڵڕشتنی ئامۆژگاری و ورووژاندنی بەزەیی نابێت.

سەلام محەممەد بە تۆپزی هەندێک ناوی گەورە و گرانی لە چیرۆکەکەیدا جێ کردووەتەوە، کە زێتر لە نیشاندانی ماسولکە دەچێت، ئەگەر نا خێوەتی کورتەچیرۆکێک، کەی بواری ئەوەی هەیە، داڵدەی: ڤان کووخ،* دیۆجینۆس، ئەفلاتوون و نیرۆن بدات؟ حسێن عارف دەربارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت: (شێوەی موناجات و مۆنۆلۆژی ناوخۆ، لە دەربڕینی مانا و مەبەستدا، یاریدەی زۆر داوە، چونکە ئەو جۆرە تەکنیکە، پڕ بە پێستی ئەم بابەتانەیە.)(١٥) بابەتی چیرۆکەکەی سەلام محەممەد، بابەتێکی سواوە، وەلێ بە شێوەیەکی نوێ مامەڵەی لەتەکدا کردووە، پێم وایە نوێترین تەکنیک، باسێکی کۆن، ناکاتە کارێکی سەرکەوتوو، چونکە ئەوە ناوەڕۆکە، شێوە دیاری دەکات و شێوە زادەی ناوەڕۆکە. کە ئەمە دەڵێم وەنەبێت مەبەستم ئەوە بێت، لە بایەخی شێوە کەم بکەمەوە و کاریگەریەتی شێوە لەسەر ناوەڕۆک بە هێند وەرنەگرم.

*

سەعدوڵڵا پەرۆش لە چیرۆکی (جگەرە و تەمەنێکی تەواونەبوو)دا،(١٦) گۆمی ناخی مرۆڤێکی ڕۆمانتیک دەشڵەقێنێت، ئەو مرۆڤە کە لە ڕێی مەنەلۆگەوە، دەفتەری ناخی دەکاتەوە، خوێنەر هەست دەکات، مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، ئاخر بە درێژایی چیرۆکەکە، کەسێکە ڕاڕا، بێباوەڕ و وەرەڕووخاو، کەچی لە کۆتاییدا لەناکاو بڕیارێکی چاوڕێنەکراو دەدات: (من ئەو جگەرەیەم هەرگیز بە مژی لالغاوەی چرچی خەڵکی تر ناسووتێم، تەواو نابم.) نووسەر دەبوو زەمینە بۆ ئەو گۆڕانکارییە چلۆنایەتییە، خۆش بکات، ئاخر گۆڕانکاریی چلۆنایەتی، کوتوپڕ ڕوو نادات، بەڵکوو زادەی



کەڵەکەبوونی گۆڕانکارییە چەندایەتییەکانە.
جگەرە، لەم چیرۆکەدا، سیمبۆلی بەردەوامبوونی ژیان، خەبات، ورەبەرزی و شۆڕشگێڕییە، کە پێم وایە، جگەرە ئەوەی لەباردا نییە، هەموو ئەم بەها مەزن و باڵایانە لە خۆیدا گرد بکاتەوە. جگەرە هەر جگەرەیە و هەر دەبێت بە سووتوو، بە چاوپۆشین لە جۆری تووتنەکەی و لەو کەسەشی مژی لێ دەدات. تۆ بڵێیت سەعدوڵڵا پەرۆش ئەم چیرۆکەی تەنیا بۆ ئەوە نووسیبێت، تا بە خوێنەری بسەلمێنێت، دەتوانێت بە چەندان شێوەی جیاواز، جگەرە بخاتە ڕستەوە!

*

لە چیرۆکی (سێبەر)ی موحسین ئاوارەدا،(١٧) ڕەسووڵ حەوت ڕۆژ مۆڵەتی وەرگرتووە و بەرەو ئەو گوندەی کە زێدی خۆیەتی، بەڕێوەیە، لە ڕێگە، لە بەردەم ئەشکەوتێکدا سەرخەوێک دەشکێنێت و درێژە بە ڕۆیشتن دەدات. کە بۆ ئەوەی بزانێت چەند لە ئەشکەوتەکە دوور کەوتووەتەوە، ئاوڕێک دەداتەوە، گورگێک لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا دەبینێت. مەبەستم لە گێڕانەوەی کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە، تا خوێنەر دڵنیا بێت، ڕووداوی تێدا نییە، گەر چی چیرۆک بێ ڕووداو دروست نابێت. خۆ ئەگەر گورگەکە پەلاماری قارەمانی چیرۆکەکەی دابا، ئەوا ڕووداو دروست دەبوو، وەلێ ئەو کاتەی ڕەسووڵ لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا سەرخەو دەشکێنێت، گورگەکەش لە شیرین خەودا دەبێت. بۆیە هەبوون و نەبوونی گورگەکە وەک یەک وایە، ئاخر هیچ ڕۆڵێکی وازی نەکردووە. گورگ کە دەشێت سیمبۆلی هێزی شەڕ بێت، لەم چیرۆکەدا گیانلەبەرێکی خەوخۆشە و هیچی تر، بۆیە خوێنەر ناچار نییە، گورگەکە بە ڕەمز لێک بداتەوە.
موحسین ئاوارە، وەک هەندێک جار هانای بۆ زمان و وێنەی شیعریی بردووە: (هەوری سەرسامی و سامناکی، بارانەموچڕکێکی تەسەلی وەک گەواڵەی بەهاران، کوتایە سەر دەشتی دڵی ڕەسووڵ،) هەندێک جاری تر،

ڕستەکانی لاوازن و پڕن لە دووبارەکردنەوەی دەربڕینی هاوواتا: (با ناوی ڕۆیشتنی لێ بێنم و بکەومە ڕێ. شەقاو و هەنگاوەکانی فراوانتر دەکردن.)

وەک چۆن لە ڕۆمانی (ڕۆژهەڵاتی ناوین)ی عەبدولڕەحمان مونیفدا، جارێک ڕەجەبی قارەمانی ڕۆمانەکە گێڕەرەوەیە و جارێک خوشکەکەی، لەم چیرۆکەشدا، سەرەتا گێڕەرەوە قارەمانی چیرۆکەکەیە و پاشان چیرۆکنووس. موحسین ئاوارە لێزانانە مامەوڵەی لەتەک ئەو شێوە گێڕانەوەیەدا کردووە و یەکێکی دیکە لە لایەنە بەهێزەکانی چیرۆکەکەی ئەوەیە، هەڵگری ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیەتی و دەورووبەرەکەی وەک کۆمەڵگە و سروشت، دەناسرێتەوە کە دەورووبەرێکی کوردستانییانەیە.

*

ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەک هەر کارێکی دیکەی من، لە کەموکورتی خاڵی نییە، ئاخر شاعیری چیرۆکنووسی دیکە هەیە، لێرەدا ناوی نەهاتووە، یان ناوی هاتووە و مافی تەواوی خۆی پێ نەدراوە، وەلێ لە هیچ دۆخێکدا، مەبەستی ئەم باسە، مەرزی بازنەی خزمەت بە ئەدەبی کوردی کردنی نەبەزاندووە. با ئەوەش بڵێم بە کۆتایی پێ هاتنی ئەم نووسینەی من، بابەتی باسەکە دوایی پێ نەهاتووە و زۆری تری بە دەمەوەیە.

2005 - 1981

**سەرچاوەکان**

(١) دڵشاد محەممەد ئەمین، بە پەنجەکانم دەتبینم.

(٢) بیری نوێ، ژمارە ٢٤٣

(٣) تایەر ساڵح سەعید، لە گەرووی مەرگەوە.

(٤) بەیان، ژمارە ١١

(٥) بەیان، ژمارە ٣١

(٦) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٧١



(٧) حسێن عارف، شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵەکانی دوای حەفتادا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٩

(٨) بەیان ژمارە ٤٤

(٩) بەیان، ژمارە ٥٢

(١٠) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٠

(١١) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣

(١٢) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٤

(١٣) مقدمە روایە عندما تغادر الحیتان، یوری ریتخیو، الأقلام، عدد ٩ بغداد ١٩٨٠.

(١٤) بەیان، ژمارە ٤٠ و ٤١

(١٥) حسێن عارف، چیرۆکەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، بەیان، ژمارە ٤٢

(١٦) نووسەری نوێ، گۆڤاری نووسەرانی هەولێر ١٩٧٨

(١٧) بەیان، ژمارە ٦٠

* ڤینسێنت ڤان گۆخ

# ژن له چیرۆکدا

له ناونیشانی کتێبەکەیەوە، خوێنەر بۆ ئەوە دەچێت، مەبەستی سەباح غالیب، شیکردنەوەی هەڵوێست، تێڕوانین و چۆنییەتی مامەڵەکردنی چیرۆکنووسانی کوردە، لەگەڵ ژندا. ئاخۆ چیرۆکنووسانی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ ـ ١٩٧٠)دا، چۆن ژنیان بەسەر کردووەتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە پێویستە نووسەر وەڵامی بداتەوە و ئەگەر بەرسڤی هەر پرسێکی دیکەی دابێتەوە، لە ئاستی خۆری گەشی پرسیارە سەرەکییەکەدا، تەنیا ئەستێرەیەکی بچووکە.

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، لە چەند لایەنێک پێک دێت، پێوەندییەکی پتەو ئەو لایەنانە پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لایەنە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی لایەنەکانی دیکەوە و کاریگەریەتیشیان لەسەر جێ دەهێڵێت، وەلێ ئەمە بەو مانایە نییە، کە نووسەر بایەخێکی تایبەتی، بە ئەڵقەی ناوەندیی کارەکەی کە لە کتێبەکەی سەباح غالیبدا، ئافرەتە، نەدات و وەک هەر لایەنێکی دیکە بۆی بڕوانێت. نووسەر چەند بایەخی بە ژن داوە، نزیکەی هێندەش گرنگیی بە لایەنەکانی دیکەی چیرۆکەکان داوە، هەر وەک ناونیشانی کتێبەکەی خۆی فەرامۆش کردبێت و خەریکی



لێکۆڵینەوە بێت، دەربارەی چیرۆک بە گشتی، نەک ئافرەت لە چیرۆکدا.
خوێنەر کە لە خوێندنەوەی کتێبی (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا) دەبێتەوە، هەست دەکات، سەباح غالیب نە خاوەنی پرۆگرامێکی زانستییە، نە ئەو سنوور و مەرجانەی ڕەچاو کردووە کە باسکار پێویستە لەبەر چاویان بگرێت. نووسەر خاوەنی هێڵێکی فیکریی دیاریکراو نییە، وەک چۆن سوودی لە بیروڕای ئەنگڵس، لینین، ئاڤاناسیڤ، ئەرنست فیشەر و شۆلۆخۆف وەرگرتووە و بۆچوونەکانیان پەسەند دەکات، بە هەمان شێوە، ڕەوتاری لەتەک قورئانیشدا کردووە.

نووسەر کە دێتە سەر باسی جوانی، پێشەکیی باسەکەی هێندەی باسەکەیە، یان هەندێک جار بە هەڵە، فلان چیرۆک دەداتە، پاڵ فیسار ڕێبازی ئەدەبی، بۆ نموونە، هەموو ئەوانەی سەبارەت بە چیرۆکی کوردییان نووسیوە، لەسەر ئەوە کۆکن، کە بە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەستی پێ کردووە، کەچی لێکۆڵەر، چیرۆکی (نازانم)ی شێرکۆ ناکام، کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاو کراوەتەوە، بە کلاسیک لە قەڵەم دەدات.(١) سەباح غالیب هێندە بایەخی بە دووبارە گێڕانەوەی چیرۆکەکان داوە کە هەندێک جار خوێنەر بە ئاستەم هەست بە بۆچوونی وی دەکات، تەنانەت بە وشەیەکیش بیروڕای خۆی دەربارەی چیرۆکی (زاوا ڕێوی)ی جەمال بابان، دەرنەبڕیوە.ل٩٢

لەم باسەدا، هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە:

* لێکۆڵەر چۆن مامەڵەی لەگەڵ چیرۆکدا کردووە؟
* چۆن بیر دەکاتەوە و هەڵوێستی بەرانبەر بە ژن چییە؟
* ئەو ناکۆکییانە کامانەن کە بە لێکۆڵینەوەکەیەوە دیارن؟
* لە چی و لە کوێدا بە هەڵەدا چووە؟

*

(تا ئێستا چیرۆکی کوردی، لێکۆڵینەوە و نرخاندنێکی زانستانە و شایان

و گەورەی لەسەر نەکراوە، جگە لەو دوو کارەی جەمشید حەیدەری و بەدیعە مەحوی کە لە سۆڤیەت و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، پێیەوە خەریکن.ل٧)
دەپرسم بە پێی کام بەڵگانە ئەو دوو کارە، زانستانە، شایان و گەورەن؟ لە کاتێکدا نە یەکەمیان بڵاوی کردووەتەوە و نە دووەمیان تەواوی کردووە! ئایا سەباح غالیب، (چیرۆکی هونەریی کوردی)ی حسێن عارف، بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستانە نازانێت! ئایا وەک ئاگای لە (حەیدەری و مەحوی)یە، کە دوور لە نیشتمان دەژین، ئەدی بۆچی ئاگای لە عومەر مەعرووف بەرزنجی نییە، کە هاوشارین! سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ کە سەباح غالیب خەریکی نووسینی پێشەکیی کتێبەکەی بووە، کارەکەی حسێن عارف لە بەردەستی خوێنەراندا بووە، تەنانەت غالیب کە باسی مێژووی ژیانی عارف دەکات، ئاماژەی بۆ ئەو کتێبە کردووە،ل١٦٣ بۆیە پێ دەچێت (لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی)ی عومەر مارف بەرزنجی و (چیرۆکی هونەریی کوردی)ی حسێن عارف بە هەوڵی سەرپێیی بزانێت،ل٧ لە سۆنگەی ئەوەوە (کە نووسەرەکانیان خاوەنی پێشینەیەکی ئاکادیمی نین.)(٢) کە پێم وایە، ئەوی بێلایەنانە سەرنجی ئەو دوو کتێبە بدات، بە هەوڵی سەرپێییان لە قەڵەم نادات. وێڕای ئەو دوو کتێبە بایەخدارە، (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای حەفتادا)(٣) کارێکی دیکەی حسێن عارفە و لە ڕوانگەی منەوە، بەپێزترین توێژینەوەیە لەمەڕ تەکنیکی چیرۆکی کوردی.

سەباح غالیب دەڵێت: (چیرۆکنووسەکان لە ئاستی وشیارییەکی کامڵ و ڕێبازێکی فیکریی چەسپاودا نەبوون.ل٢٩) پێم وایە ئەم حوکمە، لە بەردەم گەلێک چیرۆکنووسی هۆشیاری خاوەن ڕێبازی فیکریی چەسپاوی وەک: بلە، حەسەنی قزڵجی، موحەڕەم محەممەد ئەمین، د. ڕەحیمی قازی، د. مارف خەزنەدار، کاکەمەم بۆتانی، حسێن عارف و زۆری دیکەشدا هیچ بناغەیەکی نییە.



لێکۆڵەر سەبارەت بە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف دەنووسێت: (ئەوی لەم چیرۆکەدا دەبینرێت و نیشانەی شارەزایی و هونەرمەندیی نووسەرەکەیەتی، دوو بابەتی گرنگن: (١) بەکارهێنانی مەنەلۆج. (٢) ناساندنی دیوی ناوەوەی قارەمانەکان.ل٣٣) سەباح غالیب گا باس لە نەبوونی چیرۆکنووسی هۆشیار دەکات و گا بە شارەزا و هونەرمەندیان ناو دەبات! بەوەشی دەرکی پێ نەکردووە کە مەنەلۆگ و نیشاندانی دیوەی ناوەوەی قارەمان، یەک تەکنیکن، نەک دووان، نەشارەزاییی خۆی، لە بواری تەکنیکی چیرۆکدا، ئاشکرا کردووە، ئاخر چیرۆکنووس بۆ نیشاندانی ناخی قارەمان، هانا بۆ مەنەلۆگ دەبات و هیچ تەکنیکێک وەک مەنەلۆگ، بۆ دەرخستنی ناخی کارەکتەر، لەبار نییە.

چیرۆکی (خازێ)ی بلە، بەم جۆرە دوایی دێت: (هەموو بەزەییمان لێ ئەتکا، بەڵام هەر بەزەیی ڕووت، بێ ئەوەی یەکێکمان بیریش لە ڕێیەک بکاتەوە کە نەختێ ئازاری پیری و لێقەوماوی و پەککەوتوویی ئەو کلۆڵەی پێ کەم بێتەوە.ل٤٣) بلە نەک هەر زانیویەتی، بەزەیی کێشە چارەسەر ناکات، بەڵکوو تیری ڕەخنە ئاراستەی هەموو ئەوانەش دەکات کە بیر لە چارەسەر ناکەنەوە، کەچی سەباح غالیب پێی وایە، چارەسەر لە کن بلە، وروژاندنی بەزەییە. بە پێچەوانەی غالیبەوە، عومەر مەعرووف بەرزنجی بە وردی لە پەیامی چیرۆکی (خازێ) تێگەییشتووە،(٤) شیاوی گوتنە، (غالیب)یش وەک بەرزنجی بۆ هەڵسەنگاندنی (خازێ،) کەڵکی لە نامەیەکی شۆلۆخۆف وەرگرتووە، سەرچاوەی نامەکەش، لای هەردووکیان هەر هەمان ژێدەرە.(٥)

سەبارەت بە چیرۆکی (لە پێناوی ئافرەتا)ی عەلادین سەجادی دەڵێت: (خۆشەویستیی پاک و هێزی دەروون، پاڵ بە سەمسام و گوڵئەندامەوە دەنێن، سەری خۆیان هەڵگرن.ل٥٦) کەچی کە دێتە سەر هەڵسەنگاندنی ئەو دوو دڵدارە، دەنووسێت: (چی دەبێ با ببێ، دەبێتە دروشمی هەردوو

لایان!ل٥٦) ئاخۆ ئەو نرخاندنە، هیچ پێوەندیی بە لێکۆڵینەوەوە هەیە! کە د. کاوس قەفتانیش لە ڕێی مەنەلۆگەوە، ناخی ست پەروین دەخاتە ڕوو، ئەوە بە سەرکەوتن بۆ چیرۆکنووس تۆمار دەکات ، چونکە بە قەولی غالیب، (تەکنیکی ‹دالۆغە!›ی بەکار هێناوە!ل٦١)

چونکە لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە ئافرەت لە چیرۆکدا، نەدەبوو باسی (بووکی پەردە)ی عەبدولڕەزاق بیمار بکات کە دەقێکی شانۆییە، کەچی غالیب تەنانەت ڕۆڵی دەرهێنەر، ئارایشتکەر و ئەکتەریشی بەسەر کردووەتەوە!ل٨٣ لێکۆڵەر (دڵداری قەدەغە نییە)ی د. مارف خەزنەدار بە ڕیالیزمی ڕەخنەیی نێوزەد دەکات، کەچی دەربارەی قارەمانانی چیرۆکەکە دەڵێت: (هەوڵی ئەوە دەدەن، بار و زرووفی گونجاو بۆ گوزەرانێکی مرۆڤانە دروست بکەن کە چی دیکە ئادەمیزاد بە دەست ئادەمیزادەوە نەچەوسێتەوە.ل١٠٠) ئەدەبی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە تەنیا ڕەخنە لە واقیع دەگرێت و هیچی دیکە، ئەوە ئەدەبی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە یان سۆشیالیستە کە واقیع لە گۆڕاندا وێنە دەکێشێت.

سەباح غالیب دەربارەی چیرۆکی (کەژاوە)ی کاکەمەم بۆتانی دەڵێت: (مەلای دێیەکە تاوانبارە، کچ بێ ڕەزامەندیی خۆی، چۆن مارە دەکرێ؟ل١٩٧) ئەم پرسیارە ساکارە، زادەی خۆ نەبانکردنە لە باری کۆمەڵایەتیی کوردەواری، ئەگەر نا مارەکردنی کچ لە کوردەواریدا، بەبێ ڕەزامەندیی خۆی، کارێکی ئاساییە. لە زۆر چیرۆکی کوردیدا، کچ بە زۆرەملێ، مارە بردراوە، کەچی لێکۆڵەر، تەنیا مەلای چیرۆکەکەی کاکەمەم بۆتانی بە تاوانبار دەزانێت!

سەباح غالیب سەبارەت بە (ئاشتیی کوردستان)ی محەممەد ساڵح سەعید دەنووسێت: (تا پلەیەک خۆی دەخاتە سەر خەرمانی ڕۆمانی ئەدەبی.ل١١٩) ئاشتیی کوردستان، یان ڕۆمانە یان نا، ئیدی تا پلەیەک، مانای چی! ئەمە وێڕای ئەوەی کورد لە بواری ڕۆماندا، خاوەن خەرمان



نییە؟ خۆ ئەگەر مەبەستی ئەدەبی دنیاش بێت، ئایا (ئاشتیی کوردستان) چی خستووەتە سەر خەرمانی ئەدەبی جیهان؟ هەر دەربارەی ئەو چیرۆکە دەڵێت: (مەسەلەی پۆپەی دژواری و زۆرانبازییەکان، ئافرەتە و کەمتر بە لای دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا دەچێ.ل١١٩) نیشاندانی ژیانی ژن، شتێکی سەربەخۆ نییە، بەشێکە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی. سەرکوتکردنی ژن، زادەی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیە، پێ دەچێت لێکۆڵەر، ژن دوور لە واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە ببینێت.

لێکۆڵەر دەربارەی چیرۆکی (دەماری کورد چیت لە بارایە؟)ی پیرەمێرد، دەبێژێت: (پیرەمێرد توانیویێتی ڕابردوو بە سەردەمەوە گرێ بدات.ل١٤٠) ئەگەر چی ئەوە بە ئاشکرا بە چیرۆکەکانی پیرەمێردەوە دیارە کە لە سنووری ڕابردوو خۆی دەرباز نەکردووە و نەیویستووە مێژوو لە پێناوی داهاتوودا بەگەڕ بخات، ئاخر ئەو شوێنپێی واڵتەر سکۆت و جۆرجی زەیدانی هەڵگرتووە کە چیرۆکەکانیان بە دیرۆکیی ڕۆمانتیک دەناسرێن.(٦) سەباح غالیب هەرچەندە پێنج لاپەڕەی سەبارەت بەو چیرۆکەی پیرەمێرد نووسیوە، کەچی لە دواییدا دەڵێت: (زیاتر وتارێکی سیاسی و مێژوویییە، وەک لەوەی چیرۆک بێ.ل١٤١) کەچی لەبەر چەند هۆکارێکی نابەجێ، هەندێک چیرۆکی پشتگوێ خستووە،ل١٢ کە شیاوی ئەوە بوون، بایەخیان پێ بدات، بە تایبەتی (کوا کوڕەکەم)ی مستەفا ساڵح کەریم و (قەزوانفرۆش)ی ئەمین میرزا کەریم.

(لە ڕاستەقینەدا بلە باوکی شەرعیی چیرۆکی سیاسییە لە ئەدەبی کوردیدا. چیرۆکە کورتەکانی، ڕۆمان و کارە شیعرییەکانی گرنگییەکی باشیان بەم لایەنە داوە.ل١٤١)

ئەوی لێرەدا جێی سەرنجە، باسکردنی کارە شیعرییەکانی بلەیە، لێکۆڵەر گەرەکییە بلەمان وەک باوکی شەرعیی چیرۆکی سیاسی پێ بناسێنێت،

ئیدی چ پێویستی بەوەیە، باسی شیعری وی بکات؟ ئەمە جگە لەوەی ئەڵقەی ناوەندیی لێکۆڵینەوەکەی، ئافرەتە لە چیرۆکدا نەک لە شیعردا. غالیب وەک بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی شیعرە سیاسییەکانی بلەی داوە، دەبوو شیعرە سیاسییەکانی ئەحمەد موختار جاف و پیرەمێردیشی فەرامۆش نەکردبا.

(لە ولاتانی قارەمانانا، ل١٤٢) و (تۆڵەسەندن، ل١٤٥) کە دوو چیرۆکی بلەن، بێجگە لەوەی بە کوردی نووسراون، هیچ پێوەندییەکی دیکەیان بە واقیعی کوردەوارییەوە نییە، دەبوو لێکۆڵەر ئەوەی لە یاد بووایە کە باسەکەی تایبەتە بە ئافرەتی کورد و پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە درێژ کردبا، وەک چۆن لە هەڵسەنگاندنی چیرۆکی (بووکەشووشە)ی د. مارف خەزنەداردا، کردوویەتی.

سەباح غالیب سەبارەت بە بووکەشووشە دەڵێت: (بۆ تاقە ئافرەتێک کە برینپێچ، پەیامنێر، کرێکار بێت و سەرپەرشتیی مردووناشتنیش بکات و هەمیشە چەکیشی بە شانەوە بێت، کارێکی ئەستەمە، لە شەڕی ڕزگاریخوازیدا گەڕەلاوژە جێی نابێتەوە.ل١٥٠) قارەمانی ڕۆمانە ناودارەکەی نیکۆلای ئەستروفسکی، (چۆن پۆلامان جۆش دا؟) ئەندامێکی چالاکی کۆمسۆمۆڵە، کرێکارە، سەربازی سوپای سوورە و چیرۆکنووسیشە، ئەو شەڕەشی بەشداریی تێدا دەکات، شەڕی داکۆکی لە دەسەلاتی کرێکاران کردنە. تۆ بڵێیت ئەو بۆچوونەی لێکۆڵەر، زادەی سووکسەرنجدانی توانای ژن نەبێت؟

غالیب دەنووسێت: (ئەو دڵدارییەی چیرۆکنووس ویستوویەتی، لە واقیعدا بۆی ساز نەبووە، بۆیە بە چیرۆک ئەو دڵدارییەی بۆ خۆی ڕەخساندووە، بەمەش باری گرانی سووک بووە، لەبەر ئەوەی نووسین لەلەیەکی دڵسۆزی ئەدیبانە.ل١٨٧) سێ چوار دێڕ دواتر دەنووسێت: (زۆربەی چیرۆکە دڵدارییەکان، بە تراجیدیا کۆتاییان هاتووە.) بە پێی



بۆچوونی لێکۆڵەر، چیرۆکنووسان حەزیان لێ بووە، ژیانیان بە تراجیدیا دوایی بێت، بە مەبەستی سووککردنی باری گرانی خودی خۆیان، هانایان بۆ نووسین بردووە و وەک خزمەتکار سەرنجی ئەدەبیان داوە! وەلێ ڕاستییەکەی زۆربەی چیرۆکەکان هەڵگری پەیامێکی پیرۆز بوون، کە تاوانبارکردنی سیستەمی فیودالی بووە و بە مەبەستی خزمەت بە چەوساوەکان کردن، نووسراون.

غالیب دەڵێت: (پێویستە بەرهەمی ئەدەبی، لە کێشە و گرفتی زەمانی خۆی، شت باس بکات، نەک وەک نووسەری چیرۆکی (بریا نەهاتیتایەوە،) کە باس لە ڕووداوێکی نیو سەدە بەر لە نووسینی چیرۆکەکەی دەکات.ل٢٢٠ و ٢٢١)

ڕاستە نووسەر ویژدانی سەردەمی خۆیەتی و پێویستە بە بەرهەمەکەیەوە دیار بێت کە سەر بە کام سەردەمە، بەلام ئەمە نەک هەر ڕێ لەوە ناگرێت کە نووسەر سوود لە کەلەپوور وەربگرێت، بەڵکوو نووسەری بەدەسەلات، کەسێکە هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا بکات. مستەفا ساڵح کەریم لەو چیرۆکەیدا، ڕابردووی بە سەردەمەوە، بەستووەتەوە و ڕووداوەکانی تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی کردووە، ئەمەش نەک هەر مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵکوو زادەی بەهرەمەندییشە. دەبوو لێکۆڵەر ئەو ڕەخنەیە ئاڕاستەی پیرەمێرد بکات، کە وەک چیرۆکنووسێک هەرگیز نەیویستووە هاوچەرخانە کەلەپوور بەسەر بکاتەوە.

سەباح غالیب دەبێژێت: (‹نێچیر›ی ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل و ‹خازێ›ی بلە، لە شتە سەرەکییەکەدا لە یەک دەچن، بەلام زۆر جیاوازییان هەیە.ل٢٢٣) مەبەستی لە شتە ئاشکرا نییە، ئایا شت، ڕووداوە؟ قارەمانە؟ تەکنیکە؟ یان بابەتە؟ وێڕای ئەمە، وەک لە یەک دەچن، چۆن زۆر جیاوازییان هەیە! لایەنی یەکسان لەو دوو چیرۆکەدا ڕەنگە هەر هەبوونی فەرمانبەرێک بێت لە هەردووکیاندا، وەلێ فەرمانبەرەکە لە

(خازێ)دا، کەسایەتییەکی لاوەکییە و لە (نێچیر)دا، قارەمانە سەرەکییەکەیە.

غالیب دەربارەی (کاروانی)ی دەڵێت: (ئەمەی محەممەد ساڵح سەعید لەوە ناچێ ئەدیبێ تۆزێ بیری بە لای ئاشنایەتیی جوانیی ئینساندا چووبێ، نووسیبێتی.ل٢٥٦) سەبارەت بە (پێشمەرگە)یش دەڵێت: (د. ڕەحیمی قازی لە باسکردنی جوانیی 〈مرۆت〉دا سەرنەکەوتووە و هەوڵدانی لەو بارەوە پووچەڵ دەرچووە.ل٢٦٠) لەمەڕ فیکری (دادگای سەرچنار)ی شاکیر فەتاحیشەوە دەڵێت: (لە کەڵک و قازانج خاڵییە و بە بۆش و پووت ناو دەبرێ.ل٢٨٠)

لێکۆڵەر بیروڕای عومەر مارف بەرزنجی دەربارەی محەممەد ساڵح سەعید لە سۆنگەی ئەوەوە، نیازجوانیی پێوە دیار نییە و هێرشێکی توند و تایبەتییە، ڕەت دەکاتەوە،(٧) کەچی خۆی زۆر توندتر لەو، ڕەوتاری لەتەک چیرۆکنووسی ناوبراودا کردووە و جامی قینی بەسەر د. ڕەحیمی قازی و شاکیر فەتاحیشدا قلۆپ کردووەتەوە، هەرچەند هیچ کام لەو نووسەرانە، شتێکی وایان نەنووسیوە کە شیاوی ئەو قسە زبرانەی ئەو بن. لێکۆڵەر چونکە نووسیویەتی: (چیرۆکەکەی شاکیر فەتاح، هیچ جۆرە مەرجێکی چیرۆکی کۆن و نوێی تێدا نییە، ل٢٨٠) ئیدی چ پێویستی بەوە دەکرد، ڕەخنەی لێ بگرێت؟

سەباح غالیب لە بەشی (جوانی)ی کتێبەکەیدا، بەرهەمی عەلادین سەجادی، بلە، جەمال بابان، محەممەد ساڵح سەعید، د. ڕەحیمی قازی، د. کاوس قەفتان و عەبدولمەجید ماوەتی، بەسەر کردووەتەوە و کە دێتە سەر چۆنیەتی نیشاندانی جوانیی ئافرەت لای ئەو چیرۆکنووسانە، تەنیا لەوەی دواییان ڕازییە، بەمەش خوێنەر گومان لە ڕاستگۆیی لێکۆڵەر دەکات.

لێکۆڵەر دەربارەی چیرۆکی (دەروازەگەڕ)ی میدیا، دەڵێت: (ڕووداوەکان بە ئاسایی ڕوو نادەن، وەک ئەوەی پێشەکی بڕیاری چیرۆکنووسیان لەسەر بووبێ.ل٢٩٣) چیرۆکنووس پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکات، پرۆژەی چیرۆکەکەی لە بیری خۆیدا گەڵاڵە کردووە، پێشەکی بڕیاری داوە، ڕووداوەکان چین، چۆن گەشە دەکەن و بە کام کۆتایی دەگەن. دەشێت لە سەروەختی نووسیندا، بیرۆکەی نوێ بێتە گۆڕێ، وەلێ هەمیشە ئەوە چیرۆکنووس خۆیەتی بڕیار لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی بەرهەمەکەی دەدات. ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسەر مافی ئەوەی هەبێت، بیروڕای خۆی بەسەر قارەمانەکانیدا بسەپێنێت، یان ڕووداو بەرەو ئەنجامێک ببات کە جێی باوەڕ نەبێت.

غالیب دەربارەی (ئەو کچە جوانە)ی ئەمین میرزا کەریم دەڵێت: (چیرۆکنووس پێشنیاز ناکا بۆ چارەسەرکردن و پاکبوونەوەی کۆمەڵ لەو کردەوانە.ل٣٠٣) لێکۆڵەر داوای چارەسەر لە چیرۆکنووس دەکات و تاکە چارەسەریش لە کن خۆی، ئامۆژگارییە و پێی وایە بە هۆی مۆچیارییەوە، کۆمەڵ لە ئافرەتی (بەدڕەوشت!) پاک دەبێتەوە! ئەوە نییە دەڵێت: (دەبوو کوڕەکان ئامۆژگاریی 〈چنوور〉یان کردبا، تا واز لەو کردەوانە بهێنێت!ل٣٠٢) هەرچەندە ئامۆژگاری، پێشنیاری سەباح غالیبە بۆ چارەسەرکردن، کەچی ئەوە بە کەموکووڕی بۆ چیرۆکنووس تۆمار دەکات کە (شێوەی ئامۆژگاری بە چیرۆکەکانییەوە، ببینرێت!ل٣٠٥)

تاهیر ساڵح سەعید دەربارەی کۆچیرۆکی (زەدەخەنەی ژیان)ی جیهان عومەر دەڵێت: (باسە کلاسیکییەکانی ئەم کێتبەی کاک جیهان، کە پیاو دەیانخوێنێتەوە، سەیری لە بیروباوەڕی نووسەرەکەیان دێ.ل٣١٠) جیهان عومەر لە وەڵامی تایەر ساڵح سەعیددا دەڵێت: (زۆر لەو ڕووداوانە دەبینین و دەبیستین، بەڵام ئازایەتی و واقیعییەتمان تێدا بەدی ناکرێن، تا وەک گەلانی پێشکەوتوو بڵاویان بکەینەوە.ل٣١١) سەباح غالیبیش دەنووسێت: (تایەر ڕاست دەکات و جیهان بە هەڵەدا چووە، چیرۆکەکان

پێوەندییان بە واقیعییەتەوە نییە، لەو بەرهەمانەن کە پێیان دەگوترێت، فۆتۆگرافی.ل٣١١)

* جێی داخە نە لێکۆڵەر و نە هیچ کام لەو دوو چیرۆکنووسە، شارەزاییان لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا نییە، ئەگەر نا، بە هەڵە کلاسیکی، واقیعی و فۆتۆگرافییان نەدەخستە ڕستەوە.

* نووسین بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵراو، چی لەگەڵ کلاسیکدا کۆی دەکاتەوە؟

* کورد وەک چیرۆک، خاوەنی ئەدەبی کلاسیک نییە.

* فۆتۆگرافی و واقیعی، دوو ڕێبازی ناکۆک نین، ڕیالیزم شێوازی زۆرە، یەکێکیان ڕیالیزمی فۆتۆگرافییە.

* بەشێک لە چیرۆکەکەنی جیهان عومەر، دەشێت پۆڕنۆگرافی بن، نەک فۆتۆگرافی.

لێکۆڵەر وەک لە بیری چووبێت، مەودای کورتەچیرۆک تەسکە ، تەنیا ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنێکی ژیانی قارەمان و دەرفەتی ئەوەی نییە وەڵامی هەموو پرسێک بداتەوە، بۆیە هاتووە کۆمەڵێک پرسیاری بەرەو ڕووی جیهان عومەر کردووەتەوە و چاوەڕێی ئەوەی لێی هەیە، بە کورتەچیرۆکی (لە شەوێکی تاریکدا،) وەڵامی هەموویان بداتەوە.

لێکۆڵەر سەرەتا دەربارەی (لە پێناوی ئافرەتا)ی عەلادین سەجادی دەڵێت: (وەسفی کەسەکانی بە چاکی کردووە.ل٥٧) کەچی لە هەمان پەرەگرافدا دەنووسێت: (کەمتر هەست بە جیاوازیی نێوان شەخسییەتەکان دەکرێ.) ئەگەر سەجادی وەسفی کەسەکانی بە چاکی کردووە، چۆن هەست بە جیاوازیی نێوانیان ناکرێت! یان دەربارەی (نیوەڕۆیەکی هاوین) دەڵێت: (د. کاوس قەفتان بە توانایەکی سەرکەوتووانەوە بە پێی بیر و هۆشی ست پەروین قسە دەکا، ئەمە جوانی و تایبەتییەکی بە چیرۆکەکە داوە.ل٦١) کەچی پاشگەز دەبێتەوە و دەنووسێت: (ست پەروین هەر قسە دەکا،



کەمتر دەجووڵێتەوە، بۆیە ئەم نووسینە زیاتر لە هەواڵ دەچێ وەک لە چیرۆک.ل٦٢)

سەباح غالیب سەبارەت بە جەلال مەحموود عەلی، دەنووسێت: (دەربارەی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی گەلێک لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوە و لەو بارەیەوە شارەزاییەکی باشی هەیە.ل٦٨) لە هەڵسەنگاندنی چیرۆکی (خاکەڕۆکەر)یشیدا دەڵێت: (مەبەستەکەی بە زمانێکی فەلایانەی سەرکەوتوو دەنووسێت.ل٧١ و ٧٢) کەچی کە دێتە سەر نرخاندنی زمانی چیرۆکی (فرە وە گیانم خۆشە)ی هەمان نووسەر، دەڵێت: (بەسەر زمانی داڕشتنەکەیدا زاڵ نییە.ل٧٣)

کە (زێڕین)ی قارەمانی چیرۆکی (بریا نەهاتیتایەوە)ی مستەفا ساڵح کەریم، بە (سوارە)ی دڵخوازی دەڵێت: (وای بە چاک دەزانم، دڵدارییە دوور بە دوورەکانم بە بەرزی و شەرەفەوە بمێنێ، چاترە لە پێکگەیشتنمان بە سووکی دەربەدەری و حەیاچوون.ل٢١٧) لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسەیەی (زێڕین)دا، سەباح غالیب دەنووسێت: (ئەمە گەورەیی ژن دەردەخا.ل٢١٧) کەچی هەر زوو پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێت: (زێڕین و سوارە خاوەنی پەروەردەیەکی ڕاستەقینەی ئەوینداری نەبوون.ل٢٢٠)

لێکۆڵەر هەرچەندە زۆر سووک سەرنجی (بریا نەهاتیتایەوە)ی داوە، کەچی کە دێتە سەر پێشکەشکردنی کاکڵەی بیری خۆی، دەربارەی ئەو چیرۆکانەی بایەخیان بە دڵداری داوە، ئەو چیرۆکەی مستەفا ساڵح کەریمی، بە سەرکووتووترین چیرۆکی خۆشەویستی نێوزەد کردووە! هەروەها غالیب دوای ئەوەی چیرۆکی (تاوانی چی بوو)ی (میدیا)ی زۆر نزم نرخاندووە، ئینجا دەنووسیت: (لەگەڵ ئەوانەشدا، بە چیرۆکێکی چاکی سەردەمی خۆی لە قەڵەم دەدرێت و نرخێکی تایبەتی هەیە.ل٢٩٦)

*

سەباح غالیب چونکە لە ڕوانگەی مەتریالیستانەوە، سەرنجی دیاردە

سروشتییەکان و یاساکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی نادات، دەڵێت: (هەیە وا بیر دەکاتەوە، ڕۆژ و شەو دوو دیاردەی دژ بە یەکن، ئێمە دەڵێین ڕووناکی بۆ ئەوە نییە، زۆران لەگەڵ تاریکیدا بگرێ.ل٩)
بنەڕەتیترین یاسای دیالێکتیک، یەکیەتی و ململانێی دژەکانە، میتافیزیکەکان بڕوا بەم یەکیەتی و ململانێیە ناهێنن و پێیان وایە هەر یەکێک لە دژەکان، خۆی تەنیا باڵە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو پێوەندییە بەتینەی نێوان دژەکان نەبێت، مانەوەی هەر یەکێک لەو دژانە بە تەنیا، مەحاڵە،(٨) ئاخر ڕووناکی بەبێ پێوەندی لەگەڵ تاریکیدا، هیچ واتایەک نابەخشێت.
لێکۆڵەر بەم شێوەیە باسی ژن دەکات: (ئافرەت ئاوازێکی بەسۆز و کاریگەرە.ل١٣) ئەم پێناسەیە کە زادەی تینوویەتییە بۆ سێکس، پێ دەچێت لە جێژووانەوە کرابێت و پێم وایە ژنی هۆشیار پێی قایل نابێت، ئاخر ژنی هۆشیار پێش ئەوەی خۆی پێ مێ بێت، خۆی بە ئینسان دەزانێت. سەباح غالیب دەنووسێت: (ئەگەر ئافرەت زۆر نەچەوسێتەوە، تا تەمەنێکی زۆر پیریش هەر بە جوانی دەمێنێتەوە.ل٢٤٨) کەواتە لەگەڵ چەوساندنەوەی ئافرەتدایە، بە مەرجێک چەوساندنەوەکە زۆر نەبێت. بۆیە دژی زۆر چەوساندنەوەی ئافرەتە، تا هەر بە جوانی بمێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئافرەت، ئینسانە، ئەمەش تێڕوانینی پیاوانێکە کە تەنیا لە دەلاقەی سێکسەوە، سەرنجی ژن دەدەن.
غالیب پێی وایە، (جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئافرەتی شار و لادێدا نابینرێت.ل٢٢) ئەمە لە کاتێکدا کە ئافرەتانی دێنشین، ئەگەر نەڵێم هەموویان، ئەوا زۆربەیان هێشتا هەر نەخوێندەوارن، وەلێ لە نێو ژنانی شارنشیندا، کەم نین، ئەوانەی زانکۆیان تەواو کردووە، کار دەکان و چونکە خاوەنی کیسە و باخەڵی خۆیانن، لە زۆر ڕووەوە سەربەستیشن. بە گشتی ژن لە کن ئێمە، بە زەبری واقیعە دواکەوتووەکە، هێشتا ئاگاداری



مافە زەوتکراوەکانی نییە.
(میللەتێک کە تەبەقەی نیسائییەی جاهیل بێت، وەکوو ئینسانێکی شەل و سەقەت، درەنگ دەگاتە مەنزل و مەقسوود.ل٢٥) غالیب لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا کە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە، هێناویەتی، دەڵێت: (بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو لایەک چەند بە پەرۆش بوون بۆ خوێندن.ل٢٥) بێ ئەوی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە نە ئافرەتان (چین)ێک پێک دەهێنن، نە هەموو لایەکیش پەرۆشی خوێندنن و نە سووکایەتی بە ئینسانی شەل کردن، کارێکی شیاوە.
لێکۆڵەر دەنووسێت: (ژنانی چینی دەرەبەگی کورد بە گشتی و حەفیدزادەکان بە تایبەتی، چەوساندنەوەی ئینسانیان بە کارێکی ناڕەوا زانیوە.ل٣٣) دواتر بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و دەنووسێت: (چینی دەرەبەگ هەردەم بوونەتە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتندا...ل٤٧) گومانی ناوێت، هەر ژنێک سەر بە خێزانێکی فیودال بێت، هیچ نەبێت ناڕاستەخۆ لە چەوساندنەوەی جووتیاران، بەرپرسیارە، ئاخر ئەو ناز و نیعمەتەی ژنی فیودالێک تێیدا دەژی، زادەی ڕەنجی زەوتکراوی جووتیارانە. سەباح غالیب خۆی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت، کاتێک چیرۆکی (کەشکۆڵی جادوویی)ی حەسەن قزڵجی پەسن دەدات. (یارە، ‹هەژارێکی گوندنشینە› نەیهێشت گزیر بێنە سەری، دە دیناری سوورانە، بۆ فەرەیدوون بەگ برد و کاوڕێکیشی پێشکەش ئاغاژن کرد.ل٦٦) دەشێت ژنێکی سەر بە بنەماڵەیەکی فیودال هەڵبکەوێت، داکۆکی لە جووتیاران بکات، وەلێ ئەوە شتێکی دەگمەنە و ناکرێتە ڕێسا. غالیب هەروەها دەڵێت: (هەیە لە ناو جەرگەی ڕەنجدەرەوە هەڵقولاوە، کەچی لە خۆ بە زل زانیندا، خۆی لە دەرەبەگێک بە کەمتر نازانێ.ل٥٣) لێکۆڵەر دەبوو ئەوە بزانێت، هەر چینە و ڕەوشتی خۆی هەیە، خۆ بە زل زانین، یەکێک نییە لە ڕەوشتەکانی ڕەنجدەران، ئەگەر تاقەکەسێکی وا، لەنێو هەژاراندا پەیدا

ببێت، ئەوە نموونە نییە بۆ چینەکە.
سەباح غالیب دەڵێت: (ئەم مافە کە تا ئێستا بە نیوەچڵی بۆ ئافرەت داوا دەکرێت، چواردە چەرخ لەمەو بەر بە چاکترین و بەرزترین شێوە، پێی دراوە.ل٥٢)
لە هەموو کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا، ئیدی کۆیلایەتی، فیودالی یان سەرمایەداری بێت، چونکە وەک شتێکی پیرۆز سەیری موڵکی تایبەتی دەکرێت، چەوساندنەوەی ئینسان بە گشتی و ژن بە تایبەتی، ڕاستییەکە حاشالێکردن، هەڵناگرێت، مەگەر هەر شێوەکەی بگۆڕێت. ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی ئیسلامی تێدا پەیدا بوو، کۆمەڵگەیەکی چینایەتی بوو، یان نا؟ موڵکی خۆ تێیدا ڕۆڵی کاربڕی وازی دەکرد، یان نا؟ ئەوە نییە بە پێی دەقی قورئان، دەبێت لە میراتدا کە موڵکی تایبەتییە، بەشی ژن، نیو هێندەی بەشی پیاو بێت؟
(لایەنی هاوبەشی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان، بڕواهێنانە بە دەسەڵاتێک لە سەروو سروشتەوە، کە ئەمەش لە ئەنجامی بێدەسەڵاتیی مرۆڤی سەرەتاییەوە، سەری هەڵداوە.)(٩) کەچی سەباح غالیب بە پێچەوانەی ئەو بڕوایەوە کە چواردە سەدە زێتر بەر لە هەنووکە پەیدا بووە و پەسەندی دەکات، دەڵێت: (دەبێت سروشت مل نەوی بکا.ل٦٩) یان دەنووسێت: (مرۆڤ خۆی سەرداری جیهانە.ل٢٦٧)
لێکۆڵەر دەنووسێت: (د. ڕەحیمی قازی لە ‹پێشمەرگە›دا شۆڕشێ بەرپا دەکات و تەخت و بەختی دەرەبەگایەتی لە بەین دەچێ.ل٧٨) پاشا دەڵێت: (هەڵوێستی د. ڕەحیم قازیمان لە لا ڕوون نییە کە ئاخۆ پشتگیریی لە ژن بە ژن کردن دەکات، یان لە دژی دەوەستێ.ل٧٩)
ئەوی لەگەڵ لەبەینبردنی تەخت و بەختی دەرەبەگایەتیدا بێت، مانای ئەوەیە لەگەڵ لە گۆڕینانی ژن بە ژنیشدایە، چونکە ژن بە ژن کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، زادەی قۆناغی فیودالییە و لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەو



قۆناغەدا، هێدی هێدی هەموو ئەو دیاردە و نەریتانەشی سەر بەو قۆناغەن و ڕەنگدانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیودالین، لە نێو دەچن.
لە چیرۆکی (نە گوڵ، نە هاوڕێ، نە فرمێسک)ی کاکەمەم بۆتانیدا، پۆلیس دێن (مام هۆمەر)ی بێ تاوان دەستگیر دەکەن، بۆ بنکەی پۆلیسی دەبەن و (ئامە)ی کچی بە تەنیا لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، سەردەستەی پۆلیسەکان تەنیایی ئامە بە هەل دەزانێت و ئەتکی دەکات. پەیامی ئەو چیرۆکە، ڕیسواکردنی سیستەمی فیودالییە، کەچی خەمی گەورەی لێکۆڵەر ئەوەیە: (ئایا ئامە بە داوێنپیس دەژمێردرێت، یان بێ خەتایە؟ل٣١٤) (مارکس باوەڕی وایە، کاتێک سامانێکی دیاریکراو، لای پیاوێک کۆ بووەتەوە، ئەو کاتە ژنی هێناوە، تاکوو سامانەکەی بۆ منداڵەکانی بمێنێتەوە.ل١١٨) سەباح غالیب دەربارەی ئەم بۆچوونە دەڵێت: (ئەوە بۆ چینە چەوسێنەرەکان ڕاست بووە و لەمێژە پووچەڵ بووەتەوە.ل١١٩)
لێکۆڵەر باوەڕی لێنین و ئەنگڵسی پەسەند کردووە، کەچی بۆچوونی مارکسی ڕەت کردووەتەوە! بەڵگەشی ئەوەیە، چەوساوەکان خاوەنی سامان نین، تاکوو لەبەر پاراستنی سامان، ژن بهێن. ئەم لێکدانەوەیەی زادەی ئەوەیە، دەرکی بەوە نەکردووە، (باری کۆمەڵایەتی، ئەو جۆرە ژنهێنانە، بەسەر ئەوانەشدا دەسەپێنێت کە خاوەنی هیچ نین، تا لە پاشیان جێ بمێنێت.)(١٠) بیری بۆ ئەوە نەچووە، لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا، کولتووری ئەو چینە سەروەرە، کە خاوەنی دەسەڵاتە.
غالیب دەڵێت: (قارەمانی چیرۆکی ‹دەماری کورد چیت لەباردایە؟›ی پیرەمێرد، سەر بە چینە چەوساوەکان نییە، بەڵکوو ئافرەتێکە خاوەنی بیرێکی باڵا و قووڵە.ل١٤٠) ئەمەش تەواو وەک ئەوە وایە بڵێت، هەر ژنێک سەر بە چەوسێنەران نەبێت، خاوەنی بیری باڵا و قووڵ نابێت! لێکۆڵەر خۆی لەوە نەبان دەکات کە چەوسێنەران، بیری (باڵا و قووڵ)یان،

بۆ چەوساندنەوەی ئینسان بەگەڕ دەخەن. ژن هەتا کۆیلەی ئیشوکاری نێو ماڵ بێت، تا تەمەنی بۆ لێنانی چێشت، شۆردنی پۆشاک و بەخێوکردنی منداڵ تەرخان کرابێت، چۆن دەبێتە خاوەنی بیری قووڵ و باڵا؟ فیکر رەنگدانەوەی واقیعە، تا واقیعی ژن، زیندانی ئاشپەزخانە بێت، فیکری پێش ناکەوێت.

*

لێکۆڵەر کە دێتە سەر باسی لایەنی جوانی، تەنیا بایەخ بە جلوبەرگ، باڵا و ڕووخساری ژنانی نێو چیرۆکەکان دەدات، نە بایەخی بە ڕۆڵ و پەیامی ئەدەب داوە، نە هاوئاهەنگی نێوان شێوە و نێوەڕۆکی بەسەر کردووەتەوە، نە باسی پێوەندیی ستاتیکییانەی نێوان ئینسان و واقیعی کردووە و نە وەڵامی پرسە سەرەکییەکەی فەلسەفەی داوەتەوە.(١١)

(جیاوازیی تەئسیرکردنی دەنگێ یان دیمەنێک لەسەر گوێگر یان بینەر، بۆ جیاوازیی پەروەردەی خەڵکەکە دەگەڕێتەوە.ل٢٤٢) لێکۆڵەر خۆی لە قەرەی ئەوە نەداوە، کە جیاوازیی پەروەردە، زادەی جیاوازیی جێپێی چینایەتیی خەڵکەکەیە. باسی ئەوی نەکردووە کە هەر چینە و چێژ لە جۆرە جوانییەک وەردەگرێت و خاوەنی ستاتیکای تایبەت بە خۆیەتی. ئەوە نییە تەنیا بۆرژوا بانگەشە بۆ هونەری ڕووت دەکات و لایەنی ڕێبازی هونەر بۆ هونەر دەگرێت.

سەباح غالیب دەڵێت: (زۆر خەڵک هەن بیرکردنەوەیان لە قاوغی تەسکی خەباتی سیاسییاندا وای لێ کردوون، دژی بەرهەمی عاشقانە بوەستن.ل١٨٠) لای لێکۆڵەر خەباتی سیاسی قاوغێکی تەسکە، وەلێ چیرۆکی دڵداریی نێوان دوو کەس، جیهانێکی بەربڵاوە! بەرهەمی عاشقانە کامەیە؟ ئەگەر بزربوونە لە گێژاوی ڕۆمانتیکدا، یان هونەرە لە پێناوی هونەردا، ئەوا دژایەتیکردنی شتێکی نابەجێ نییە، خۆ ئەگەر ئەدەبی عاشقانە، بتوانێت پێوەندیی نێوان خود و بابەت، تایبەت و گشت



بپارێزێت، ئەوا بە نەمریی دەمێنێتەوە، شیعرە دڵدارییەکانی نازم حیکمەت، پشتگیریی لەم بۆچوونە دەکەن. لێکۆڵەر پێی وایە: (بۆرژوازییەکان دژی ئەدەبی عاشقانەن.ل١٨) کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ڕاستە و بۆرژواکان هێندەی پێیان بکرێت، دەستی کۆمەک بۆ ئەو جۆرە ئەدەبە درێژ دەکەن، چونکە مەبەستیانە ئەدەب نەبێتە چەکێک بە دەست چەوساوەکانەوە و هەر لە بازنەی دڵدارییەکی ڕووکەشدا قەتیس بمێنێت.

لێکۆڵەر سەبارەت بەوەی (خەرامان)ی قارەمانی (شمشاڵی شوان)ی محەممەد ساڵح سەعید، جوانی، قۆزی، پێکەوتوویی و باڵابەرزیی (کامیل) بە سامان ناگۆڕێتەوە، دەپرسێت: (ئاخۆ لەم ڕۆژگارەدا چەند ئافرەتی بەئەمەک هەبن کە خاوەنی بیر و لێکدانەوەی خەرامان بن؟ل١٩٨) ئەو خەرامانەی سەباح غالیب بە ئافرەتێکی نموونەیی دەزانێت، تەنیا حەزی لە باڵای بەرز و جوانیی ڕووخساری کامیل کردووە، ئەو حەزەش، زادەی تینوویەتییە بۆ پێکگەییشتنی جەستەیی و هیچی تر. دەبوو لێکۆڵەر (پرشنگ)ی قارەمانی (چۆن لە بیرم بچێتەوە؟)ی مستەفا ساڵح کەریم و (پەروین)ی قارەمانی (شاری خامۆشان)ی کاکەمەم بۆتانیی، وەک دوو ئافرەتی نموونەیی هەڵبژاردبا، کە هەردووکیان لە پێناوی عەشقێکی مەزنتردا، گیانیان بەخت دەکەن.

سەباح غالیب دەڵێت: (ئێستا لەناو کۆمەڵی ئێمەدا، ئەوی گرنگە ئەو کێشەیەیە کە پیاو بە دەست ژنهێنانەوە تێی کەوتووە.ل١٩٨) کێشەی گرنگ، گۆڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و چارەسەرکردنی کێشەی ژنهێنانیش بەو گۆڕانکارییەوە بەندە؛ ئەوە ژنیشە کە زێتر لە پیاو بە دەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنێت. لێکۆڵەر هەرچەندە بە درێژایی کتێبەکەی چیرۆکنووسانی لە بەردەم لێپرسینەوەدا ڕاگرتووە و داوای چارەسەریان لێ دەکات، کەچی خۆی هیچ چارەسەرێکی بۆ ئەو کێشەیەی بە گرنگی دەزانێت، پێشنیار نەکردووە.

به پێی لێکدانەوەی لێکۆڵەر، ئەو شەرمەی لە (چای شیرین)ی حسێن عارفدا، ڕووی (مەحموود) و (ئافتاو)ی گرتووە، بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:
(١) پەروەردەی ماڵەوە. (٢) دابونەریتی کۆمەڵایەتی.ل٢١٤

ئەمەی بە دووی هۆی لە قەڵەم داوە، هەر یەک هۆکارن، چونکە پەروەردەی نێو ماڵیش، زادەی دابونەریتی کۆمەڵایەتییە و خێزان سەر بە هەر چینێک بێت، ڕەوشتی ئەو چینە پێڕەو دەکات. یان دەڵێت: (خۆشەویستیی خاوێن شەرمی پێ ناوێت، بەڵکوو پێویستی بە ئازایی هەیە.ل٢١٤) ئەوەی لێکۆڵەر داوای دەکات، شتێکە لە دەسەڵاتی چیرۆکنووس بەدەرە و واقیعی کۆمەڵایەتی سەپاندوویەتی.

ئەوانەی ئایدیالیستانە مێژوو لێک دەدەنەوە، لایان وایە گەشەکردنی فیکر، هۆکاری پەرەسەندنی بزووتنەوەی مێژووی مرۆڤایەتییە. هیگڵ پێی وابوو، ئەوە گەشەکردنی فیکرە کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی دیرۆک دیاری دەکات، سان سیمۆنیش وای بۆ دەچوو، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای گریکی کۆن، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕە ئایینییەکانیان بوون، وەلێ بلیخانۆف دەڵێت: (هەموو بیروڕا و تیۆڕوانینەکان، زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.)(١٢) ئەوانەی مەتریالیستانە لە ڕەوتی مێژوو دەڕوانن، دەزانن بیروڕا، ئایین و ئەدەبیش، کاریگەریەتی لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێ دەهێڵن، وەلێ هەمیشە ئەوە شێوازی بەرهەمهێنانی بەرهەمە مادییەکانە کە ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا وازی دەکات. سەباح غالیب کە ئایدیالیستانە سەرنجی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات، پێی وایە واقیعی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی بیروڕای خەڵکە، بۆیە وا دەزانێت، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، بە هەتوانی هەندێک بیر و بۆچوون چارەسەر دەکرێن.

لێکۆڵەر دەنووسێت: (ئەمن وا دەزانم، هەر لەو دەمەوە کە بە بەرەبەیانی



ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێ، پیاوێکی تایبەتی بۆ ژنێکی تایبەتی بووە.ل٢٧١) ئەم بۆچوونەشی لە ڕاستییەوە دوورە، ئاخر خەڵکانێکی زۆر لە قۆناغی دڕندایەتیدا، کە کچیان بووە، کوشتوویانە، بۆیە چونکە ژمارەی پیاو لە ژن زێتر بووە، هەر بە کۆمەڵێک پیاو، ژنێکیان هەبووە. کە قۆناغی دڕندایەتی لە کۆتایی نزیک بووەتەوە و مرۆڤایەتی لەوەدا بووە، پێ بنێتە قۆناغی بەربەرییەوە، لەو سەروەختەدا، خێزانی دووقۆڵی پەیدا بووە.(١٣) جێی سەرنجە غالیب باسی سەردەمی بەرەبەیانی مرۆڤایەتی دەکات و لەبری ژێدەری زانستی، پشتی بە (وا دەزانم!) بەستووە.

لە سەباح غالیب وایە، هەوێنی پەیدابوونی داوێنپیسی بۆ بڵاوبوونەوەی بیروڕای فرۆید و دەرپەڕاندنی سمت و سنگ و مەمک دەگەڕێتەوە!ل٢٧٧ لە ڕوانگەی ئەنگلسەوە کە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بوون بە موڵکی هەموان و ئیشی کرێگرتە لەبەین چوو، ئیدی ژن ناچار نابێت، سێکس بفرۆشێت.(١٤) لەشفرۆشی زادەی سیستەمە ئابوورییەکەیە، بە لەناوچوونی موڵکایەتی تایبەتی، بازرگانیی بە ژنەوە کردنیش، نامێنێت.(١٥)

لێکۆڵەر دەنووسێت: (جیهان عومەر قوتابییەکی نموونەیی فرۆیدە.ل٣٠٣) ئەم سەرئەنجامەی لەوەوە هەڵگواستووە، جیهان عومەر بە شێوازێکی ڕووهەڵماڵراو باسی سێکس دەکات، ئەمەش بەڵگە نییە بۆ ئەوەی چیرۆکنووسی ناوبراو شاگردی فرۆید بێت. فرۆید پێی وایە، لە دوای هەموو داهێنانێکی هونەرییەوە، هاندەرێکی جنسی هەیە، تەنانەت وای بۆ دەچێت، ئەوە تینوویەتی بۆ سێکس بووە، دافنشیی هان داوە، وێنەی (پاکیزە و مەسیح) بکێشێت. کەواتە ئەوی باسی سێکسی کرد، مەرج نییە قوتابیی فرۆید بێت، ئەوە قوتابیی فرۆیدە کە پێی وابێت، سێکس سەرچاوەی هونەرە. یۆنگ، ئەدلەر، هۆرنی و فرۆم، شاگردی فرۆید بوون کە سەردەمێک لەبەر ڕۆشنایی تێزەکانی ویدا سەرقاڵی تاقیکردنەوە و

لێکۆڵینەوەی دەروونی بوون، نەک جیهان عومەر کە دەشێت کتێبێکی لە بواری دەرونناسیدا نەخوێندبێتەوە.
بریا سەباح غالیب بە درێژایی کتێبەکەی: (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥ ـ ١٩٧٠) ئەو مێتودەی گرتبا کە بۆ شیکردنەوەی (لێوی ئاگرین)ی ئەمین میرزا کەریم و (مەیکوتە جەوتە)ی جەمال بابان هەڵی بژاردووە، ئاخر وەک ڕەخنەگرێکی لێهاتوو، ئەو دوو چیرۆکەی هەڵسەنگاندووە.

2005 - 1980

**سەرچاوەکان**


(١) سەباح غالیب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥ ـ ١٩٧٠ ل٢٣ ئیدی تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەکانی ئەم کتێبە دەکەم.
(٢) سەباح غالیب، پێداچوونەوە و چەند سەرنجێک لە کتێبی لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، بەیان، ژمارە ٥٨ ل١٤
(٣) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣
(٤) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ ـ ١٩٦٩) ل٥٦ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٨ بەغدا.
(٥) عەزیز گەردی، دەربارەی نازم حیکمەت، نووسەری کورد، ژمارە ٩
(٦) د. محمد غنیم هلال، النقد الادبی الحدیث، ص ٥٧٣
(٧) بەیان، ژمارە ٥٨
(٨) بودوستنیک و یاخوت، عرض موجز للمادیە الدیالکتیکیە، ص٨٩
(٩) بودوستنیک و سبیرکین، عرض موجز للمادیە التأریخیە، ص١٢٩
(١٠) أوگست بیبل، مجتمع المستقبل، ص٧٧
(١١) أسس علم الجمال المارکسی اللینینی، ص١٤
(١٢) بلیخانوف، الفن و التصور المادی للتأریخ، ص٦٢
(١٣) و (١٤) انجلس، اصل العائلە و الملکیە الخاصە و الدولە، ص١٣، ٦٥ و ٩٦
(١٥) ألکسندرا کولونتای، تحرر المرأە، ص٤٠




## چەپکێک چیرۆک و گوڵدانێک سەرنج

نووسین بۆ منداڵان کارێکی سەختە، ئەوی بۆ زارۆک بنووسێت، دەبێت بزانێت، نووسین بۆ ئینسانی بچووک، پێویستی بە توانای مەزن هەیە. نووسینی ئەدەبی منداڵان، گۆڕەپانێکی تەخت نییە، تا هەموو نووسەرێک بتوانێت ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات. تەنانەت بەرهەمی ئەدەبی بە گشتی، تا ڕوونتر بێت، ئەزموونی زەنگینتر و خۆماندووکردنی زۆرتری گەرەکە. نووسەری ئەدەبی منداڵان، پێویستە شارەزاییەکی باشی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی زارۆکاندا هەبێت، دەبێت بزانێت بۆ منداڵی کام قۆناغی تەمەن دەنووسێت، ئاخر زارۆک لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا، پێویستی بە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی هەیە کە لەگەڵ تەمەنیدا بگونجێت. ڕەخنەگریش، وەک چۆن دەبێت شارەزای ڕێبازە ئەدەبییەکان بێت، ئاوهاش پێویستە ئاگاداری ئەوەبێت، ئەو بەرهەمەی بە سەری دەکاتەوە، بۆ منداڵی کام

قۆناغ نووسراوە، ئەگەر نا، هەڵسەنگاندنەکەی بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.
عومەر عەبدولڕەحیم دەربارەی چیرۆکی (فریشتەی بەزەیی) دەڵێت: (ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ ئەو منداڵانە دەنووسرێن کە تەمەنیان لە میانەی دوازدە تا پازدە ساڵیدایە، منداڵ لەو قۆناغەدا، حەز دەکات ناوبەناو ئاورێک لە رابردووی خۆی بداتەوە و جۆرە چیرۆکێک بخوێنێتەوە کە باسی گوڵ، پەپوولە، نوقڵ و گەلێک شتی دیکەی منداڵانەی تێدا بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرەو هەرزەکاریش دەڕوات، حەز دەکات چیرۆکی دڵدارییش بخوێنێتەوە، بۆیە لەم چیرۆکەدا هەردوو لایەنەکەم لەبەر چاو گرتووە.)
پێم وایە منداڵ کە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ، لە شێوازی ژیانی رابردووی یاخیی دەبێت، تەنانەت هەندێک جار بە رووی دایک و باوکیشیدا دەتەقێتەوە، قایل نابێت وەک منداڵ سەیری بکرێت و خولیا و ئارەزووە تازەکانی لێ تێک بدرێت. منداڵ لە تەمەنی نێوان دوازدە تا پازدە ساڵیدا، رازی نییە گوێ بۆ چیرۆکێک شل بکات، باسی نوقڵی تێدا بێت، وەلێ چونکە بەرەو هەرزەکاری دەڕوات، چیرۆکی دڵداری سەرنجی رادەکێشێت و لە ناخەوە دەیبزوێنێت.
رووداوەکانی سەرەتای چیرۆکی فریشتەی بەزەیی، چونکە راستگۆییان تێدا رەچاو کراوە، منداڵ بەرەو لای خۆیان کێش دەکەن، وەلێ کاتێک فریشتەکە دەبێتە پەپوولە و پاشان دەنکەنوقڵ، جێی خۆیەتی منداڵ گومان لە راستگۆیی نووسەر بکات، چونکە ئەوەی فریشتە ببێتە پەپوولە و دواتر دەنکەنوقڵ، لەگەڵ لۆجیکی پەرەسەندنی چیرۆکەکەدا ناکۆکە. چیرۆکی خەیاڵئامێز، بە یەکێک لەم سێ شێوازە دەنووسرێت:

(١) هێنانی توخمێکی سەیر بۆ نێو جیهانێکی ئاسایی.

(٢) هێنانی توخمێکی ئاسایی بۆ نێو جیهانێکی سەیر.

(٣) هێنانی چەند توخمێکی زۆر سەیر بۆ نێو جیهانێکی سەیر.

فریشتەی بەزەیی بە شێوازی یەکەم نووسراوە، زێتر چیرۆکێکی واقیعییە و



وەک نووسەریش ئاماژەی بۆ کردووە، بۆ زارۆکی دوا قۆناغی منداڵیی نووسراوە. منداڵ لە قۆناغی هەشت تا دوازدە ساڵیدا، نەک دوازدە تا پازدە ساڵی، شەیدای ئەو چیرۆکانەیە کە تێیاندا خەیاڵ و واقیع ئاوێتە دەکرێن. پێداگرتن لەسەر بایەخدان بە خەیاڵ، منداڵ لە واقیع دوور دەخاتەوە و دەشێت ئاسۆی خەیاڵی بشێوێنێت.
کاتێک دەرگەی ژوورەکە لەسەر (سۆما)ی قارەمانی چیرۆکەکە دادەخرێت، خوێنەر چاوەڕێی ئەوەیە، سۆما بیر لە رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون بکاتەوە و هەوڵێک بۆ رزگارکردنی خۆی بدات، وەلێ کە فریشتەیەک وەک توخمێکی نامۆ دێتە ناو رووداوەکەوە، رێکەوتێکی سەیر و چاوەڕێنەکراوە و منداڵ بۆ ئەوە هان دەدات، ئەگەر تووشی کێشەیەک هات، هیچ هەڵوێستێک نەنوێنێت، پشت بە رێکەوت ببەستێت و چاوەڕێی فریادڕەسێکی وەهمی بێت.
چیرۆکنووس زیرەکانە ئەوەی نەدرکاندووە، کە هۆی چییە باوکی سۆما سوورە لەسەر ئەوەی کیژەکەی شوو بە کوڕی شەریف ئاغا بکات و بۆ سەلیقەی منداڵی جێ هێشتووە، ئاخر زانیوبەتی منداڵ خۆی هەست بەو نهێنییە دەکات. ئەوەشی لە کۆتاییدا دڵدارەکان بە ئاواتی خۆیان دەگەن، زێتر منداڵ بە رووداوەکانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام وەک گەرەکی بووە، ئاغا ریسوا بکات، نەدەبوو پاکدڵ شا، بەو دڵنەرمییە نیشان بدات.
(بەو شەوە مەلا دەهێنرێت و سۆما لە کاکل مارە دەکرێت.) خوێنەر کە ئەو دێڕە دەخوێنێتەوە، ئیتر چاوەڕێی هیچی دیکە ناکات و وای بۆ دەچێت، چیرۆکەکە دوایی هات، بۆیە وا باشتر بوو، چیرۆکنووس دوا پەرەگرافی پشتگوێ خستبا. ئاخر کە پاکدڵ شا دەپژمێت، نوقڵەکە لە دەمی دێتە دەرەوە و باڵ دەگرێت، منداڵ بیری بۆ ئەوە دەچێت، شا ببێتەوە بە گورگەکەی جاران و لە هەڵوێستی چاکی خۆی پاشگەز ببێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی دوا دێڕی چیرۆکەکە: (ئا بەم جۆرە خەوەکەی کاکل هاتە

دی،) ڕاستەوخۆییەکی بێزارکەری پێوە دیارە.

*

چیرۆکی (کارژۆلە و کانیاو)ی (جەمال نووری) کە پشتی بە وەسف و گێڕانەوە بەستووە، دوو لاپەڕەیە، لاپەڕەی یەکەمیان وەسفی ڕووداوەکەیە و ئەوی دیکەیان کۆمەڵێک ئامۆژگارییە، لە کانیاوەوە بۆ کارژۆلە. منداڵ چونکە پشووی کورت و کەمئارامە، ئەم شێوازە نووسینە بێزاری دەکات.

(لە پڕێکدا وێنەی خۆی لە کانیاوەکەدا بینی، وای زانی کارژۆلەیەکی ترە.) ڕەگەزی کوتوپڕی، ڕۆڵێکی گرنگ، بۆ بەستنەوەی منداڵ بە ڕووداوەکانی چیرۆکەوە، دەگێڕێت، بۆیە نەدەبوو نووسەر وا زوو ئەنجام ئاشکرا بکات، چونکە کە گرێیی چیرۆکەکە کرایەوە، ئیدی ئارەزووی ئەوەی نامێنێت، تەواوی بکات. قارەمانی چیرۆکەکە، چونکە ئاژەڵە، منداڵ حەز دەکات دوای بەسەرهاتی ژیانی بکەوێت، زارۆک نەک هەر پێی سەیر نییە، ئاژەڵ بدوێت، بەڵکوو بە تاسەوە گوێی بۆ شل دەکات.

ئەگەر نووسەر کارژۆلەکەی بهێنایەتە قسە و لە ڕێی دیالۆگەوە بە منداڵانی ناساندبا، ئەوا لایان خۆشەویستتر دەبوو، ڕووادەوەکەش چاکتر لە زەینیاندا جێگیر دەبوو. منداڵان لە قۆناغی شەش تا هەشت ساڵیدا، زێتر ئارەزوویان لەو چیرۆکانەیە، کۆتاییەکەی بە لایانەوە سەیر بێت، یان بیانهێنێتە پێکەنین، وەلێ چیرۆکەکەی جەمال نووری، کۆتاییەکی ساردی هەیە کە هەستی زارۆک نابزوێنێت.

نیشاندانی دیمەنی ترسناک، نیشانەی نەشارەزاییە، پێویستە نووسەر هێندەی بۆی دەکرێت، خۆی لێ بپارێزێت. (گورگی دڕندە دێتە ئێرە، دەتخوات و خوێنی گەشت دەڕژێنێت.) منداڵ کە ئەوە دەخوێنێتەوە زەندەقی دەچێت، بە تایبەتی کە خۆی لە بەردەم پەلاماری گورگی دڕندەدا بە بێ دەسەڵات دەزانێت و توانای ئەوەی نییە، ڕێ لە ڕوودانی ئەو خوێنڕشتنە بگرێت، بۆیە هیچ دوور نییە، ترسێکی وای لێ بنیشێت،



گرێیەکی دەروونی لە کن دروست ببێت، ئاخر دەشێت هەستێکی وای لە کن پەیدا ببێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەویش بکەوێتە بەر پەلاماری گورگ، بۆیە پێویستە چیرۆکنووس، کاریگەریەتی چیرۆکەکەی لەسەر ژیانی منداڵ زۆر بە گرنگ وەربگرێت، ئاخر منداڵ خۆی لێ دەبێت بە قارەمانی چیرۆک، خۆ ئەگەر قارەمان گیاندار بوو، بە زەبری ئەوینی بۆ گیانداران، ئاسانتر خۆی لێ دەبێت بەو.

چیرۆکی منداڵان چاکتر وایە، تەنیا یەک بیرۆکەی تێدابێت، چونکە کە کۆمەڵێک بیرۆکە لە چیرۆکێکدا هەبوون، لە بایەخی بیرۆکە سەرەکییەکە کەم دەبێتەوە. نووسەر لە چیرۆکی (کارژۆلە و کانیاو)دا خوازیارە بڵێت: هەر کۆمەڵە و خاوەنی ژیان و نیشتمانی تایبەتیی خۆیەتی، بۆیە ماسی، بەرخ و گورگی دڕندەش نەبوونایە، چیرۆکنووس دەیتوانی لە ڕێی وتووێژی نێوان کارژۆلە و کانیاوەوە، پەیامی خۆی بگەیەنێت.

*

بابەتی چیرۆکی (مەلە)ی جەزا عەلی ئەمین، گەمەیەکی تێکەڵ بە ترسی تێدایە، کە منداڵان حەزیان لێیەتی، ساکاریی وتووێژی نێوان منداڵەکان، بە ئاسانی ئەوە دەر دەخات کە بۆ قۆناغی یەکەمی منداڵی نووسراوە. بەهێزترین لایەنی ئەم چیرۆکە بایەخدانی نووسەرەکەیەتی بە کۆقارەمان* کە ئەمە منداڵ لە قاوغی تەسکی خودی خۆی دوور دەخاتەوە، گوڵی گیانی هاوکاری لە کنی دەگەشێنێتەوە و بۆ ئیشی هاوبەش هانی دەدات.

ئەو نووسەرانەی بۆ منداڵانی قۆناغی یەکەم دەنووسن، پێویستە ئاگاداری ئەوەبن، زارۆک لەم تەمەنەدا، هۆگری ڕستەی کورت و ئاوازدارە، ئەگەر نووسەر بایەخ بەو لایەنە بدات، هیچ دوور نییە، منداڵ چیرۆکەکە لەبەر بکات. منداڵانی قۆناغی یەکەم، زۆر جار گەمە لەتەک ئەوانەدا دەکەن کە وەک تەمەن لە خۆیان گەورەترن، وەک دایک، باوک، مام و خوشک و برای گەورە، ئاخر منداڵی قۆناغی یەکەم زۆر هۆگری کەسانی لە خۆی

گەورەترە، تەنانەت کاتێک لە گەڵ هاوتەمەنەکانیشدا یاری دەکات، زوو زوو بۆ لای گەورەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و توانای جەستەییەوە، پێویستی بەوانە. چیرۆکنووس هەستی بە پێوەندییە پتەوە کردووە، بۆیە هاتووە لالۆ پیرۆتی وەک هاوڕێی دڵسۆزی منداڵان نیشان داوە.

*

(سوێسکەیەکیان بەوانی تری گوت: ئەم ڕاوچییە، بەم کانییە فێر بووە، وازمان لێ ناهێنێت.) سەلام مەنمی هەرچەندە لە سەرەتای چیرۆکی (سوێسکە و کۆتر)ەوە، سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو کێشەیە ڕاکێشاوە، کەچی هەر زوویش، بێ ئەوەی بە ئەنجامی بگەیەنێت، دەستبەرداری بووە و کێشەی نێوانی سوێسکە یاخییەکە و قەلەباچکەیەکی وروژاندووە کە بە هۆی هەڵوێستی خێرخوازانەی کۆترەکانەوە، بە قازانجی سوێسکەکە کۆتایی دێت.

منداڵ هێندە وریایە، ئەوەی لە یاد ناچێت کە کێشەی نێوان سوێسکەکان و ڕاوچییەکە هەر بەردەوامە، بۆیە وا باشتر بوو، وەک وروژاندی بە ئەنجامیشی گەیاندبا، ئەوسا ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی قووڵتر، بابەتەکەی سەرنجڕاکێشتر، ڕەمزەکانیشی پڕماناتر دەبوون و پەیامەکەشی کە هاندانی منداڵانە بۆ ئەوەی وڵاتی خۆیان خۆش بوێت، ئاسانتر دەگەییشت.

لایەنێکی گەشی چیرۆکی سوێسکە و کۆتر، جوانیی زمانەکەیەتی، کە ئاستی تێگەییشتنی منداڵانیشی تێدا ڕەچاو کراوە، یاخیبوونیش سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و بە ڕووداوەکانییەوە دەبەستێتەوە، نووسەر بایەخی بەو لایەنەش داوە، کاتێک سوێسکەیەکی یاخیبووی بۆ قارەمانی چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە. چونکە ئاسۆی بیری منداڵ هێندە فراوان نییە بە ڕەمز و هێما لە مەبەستی نووسەر تێبگات، بۆیە سەلام مەنمی لە ڕێی نیشاندانی ڕەوتاری کۆترەکەوە، دەیەوێت ئەو باڵندەیە وەک سیمبۆلی



ئاشتی بە منداڵ بناسێنێت.

*

ئەوانەی بۆ منداڵ دەنووسن، کە هانا بۆ وشەی هاوواتا دەبەن، وەک: (گەنجان و لاوان، تک تک و زەنگۆڵ زەنگۆڵ،) لای عومەر عەبدولڕەحیم، یان وشەی گران بەکار دەهێنن، وەک: (ڕەوەز، دوند و تەلەزم،) لای جەمال نووری، یان پشت بە وێنەی شیعریی دەبەستن، وەک: (دەبێ ببین بە مەقەست و ئاوەکە ببڕین،) لای جەزا عەلی ئەمین، دەشێت مەبەستیان فراوانکردنی فەرهەنگی منداڵان و بەرزکردنەوەی ئاستی چێژوەرگرتنیان بێت لە بەرهەمی ئەدەبی، بەڵام ئایا منداڵ چۆن سەرنجی ئەو دیاردانە دەدات؟ وای بۆ دەچم، زارۆک حەزی لە زمانێکی ڕوون و سادەیە، بۆیە جێی خۆیەتی چیرۆکنووس ئاگاداری پرۆگرامی قوتابخانەی منداڵان بێت و هێندە لە سنووری ئەو وشە و زاراوانەی تێنەپەڕێنێت کە زارۆک لە فێرگە، فێریان دەبێت، ئەگەر نا دیوارێک دەکەوێتە نێوان منداڵان و ئەو بەرهەمانەوە کە بۆیان دەنووسرێن. کاتێک منداڵێک چیرۆکێک دەخوێنێتەوە و بە پەرۆشەوە دووی ڕووداوەکانی دەکەوێت، ئەگەر لەناکاو تووشی ڕستەیەکی گران، یان وشەیەکی نامۆ هات، هیچ دوور نییە، تاقەتی لە تەواوکردنی بچێت.

ئایا ئەو بەرهەمەی بۆ زارۆک دەنووسرێت، دەبێت خۆی لە قەرەی سیاسەت بدات؟ دەشێت بە چاوپۆشین لەوەی منداڵ لە کام قۆناغی تەمەنیدایە، باسی سیاسەتی بۆ بکرێت، بەڵام بەوپەڕی هۆشیارییەوە و بە مەرجێک نەکەوینە هیچ کام لەم هەڵانەوە:

(١) پەلەکردن و پێش وەخت کەوتن.

(٢) سستی کردن و هەل بە فیرۆدان.

(٣) بێپێزیی شێواز.

* جەزا عەلی ئەمین، لە چیرۆکی (مەلە)دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ،

هۆشیارانه گوتوویەتی: مرۆڤ سەرداری سروشتە.

* منداڵ بە ئاسایی دەزانێت، هەموو گیانلەبەر و بێگیانێک بئاخفن و زێتر حەزی لە گەمە و جووڵەیە، بۆیە وا باشترە نووسەر خۆی لە گێڕانەوە بپارێزێت و ئەوی دەیەوێت، لە ڕێی دیالۆگ و هەڵسوکەوتی قارەمانەکانییەوە بیڵێت. بەرخ و ماسی لە چیرۆکی (کارژۆلە وکانیاو)ی جەمال نووریدا بێدەنگن، لە (سوێسکە و کۆتر)ی سەلام مەنمیشدا، قەلەباچکە بەشداری لە وتووێژەکاندا ناکات، لە چیرۆکی (مەلە)شدا، زێیەکە، کپ و بێدەنگە.

* بەکارهێنانی ناو و ناتۆرە، ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی لای منداڵ دەبێت. چیرۆکنووس پێویستە لە ڕێی نیشاندانی هەڵوێستی قارەمانەکانییەوە، کارێک بکات، منداڵ ئەمیانی خۆش بوێت و ئەویان نا. سەلام مەنمی لە ڕێی هەڵوێست و دیالۆگەوە، کۆتر لای زارۆک خۆشەویست دەکات، وەلێ عومەر عەبدولڕەحیم لە چیرۆکی (فریشتەی بەزەیی)دا، بۆ ڕیسواکردنی پاکدڵ شا، هانا بۆ ناو و ناتۆرە دەبات: (ورگنەیەکی کورتەبالای ڕەنگئاولاویی چاوبچکۆلەی کەللەخڕ بوو.)

2005 - 1980

**سەرچاوەکان**


(١) هادی نعمان الهیتی، أداب الأطفال.

(٢) الأقلام عدد٣ السنه الخامسه

(٣) الموقف الأدبی، عدد ١٠٠

* البطل الجماعی.




## پێڕستی ناوەکان


ئـ

ئابیکۆر ٥٨

ئاراگۆن، لویس ٦١

ئاڤاناسیڤ ١٠٨

ئەبوبەکر هەوری ٩٣

ئەحمەد سەلام ٧٨، ٧٩، ٨٧، ٨٨

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ٥٨

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ١١٤

ئەحمەد موختار جاف ٩٢، ١٠٩، ١١٣

ئەدلەر، ئالفرێد ١٢٦

ئەرخەوان ٧٧، ٨٨

ئەرەستۆتالیس ١٩، ٢٣

ئەستروٚفسکی، نیکۆلای ١١٣

ئەفلاتوون ١٠٣

ئەلیزا ٦١

ئەلیندی، سلڤادۆر ٢٢

ئەمادۆ، جۆرج ٥، ٢٠

ئەمجەد تۆفیق ١٥

ئەمین زەکی ٨٢

ئەمین میرزاکەریم ١٠، ١١، ١٢، ١١٢، ١١٦، ١٢٧

ئەنگڵس، فرێدریک ٢٦، ٥٦، ٦٣، ١٠٨، ١٢٢، ١٢٦

ئەنوەر مائی ٨٢

ئیبسن، هەنریک ١٥

ئیتماتۆف، جەنگیز ٥

ئیسماعیل حەبرووک ٧٩

ب

برێخت، بەرتۆڵد ٦٨، ٧٠

بلە ١١٠، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥

بلیخانۆف، ٥، ٣٣، ١٢٥

بڵند حەیدەری ٥٤

بۆڤوار، سیمون دی ٤٧

بەختیار زێوەر ٩٣

بەدیعە مەحوی ١٠٨، ١٠٩

بەلزاک، هۆنۆرێ دی ٢٤، ٥٦

بیتۆر، میشیل ٨٣

بێکێت، سامۆێل ٦٧، ٦٨، ٦٩

پ

پرووست، مارسیل ٨

پووشکین، ئالێکساندەر ٢٤، ٩٢

پیرەمێرد ٨٥، ٩٢، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١٢٢

پاک، پێرڵ ١٣

ت

تاهیر ساڵح سەعید ٩٧، ١١٦

تۆلستۆی، لیو ٦٨

تەیمووری لەنگ ١٤

تێرنەر، ولیەم ١٤

ج

جگەرخوێن ٦٨

جۆرجی زەیدان ١١٢

جۆیس، جیمس ٨، ٣٨

جەزاعەلی ئەمین ١٣٢، ١٣٤

جەلیل ئەلقەیسی ١١، ٥٤

جەمال بابان ١٠٨، ١١٥، ١٢٦، ١٢٧

جەمال نوری ١٣٤، ١٣٥

جەمشید حەیدەری ١٠٩، ١٠٩

جەلال مەحموود عەلی ١١٧

جەمال نووری ١٣٠، ١٣١، ١٣٥

جەمیل سائیب ٩٢

جیهان عومەر ١١٦، ١١٧

ح

حسێن حوزنی موکریانی ٨٢

حسێن عارف ٣٨، ٨٠، ١٠٣، ١٠٩، ١٢٤

حسێن مەردان ١٧

حەسەنی قزڵجی ٢٨، ٢٩، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٦٨، ٩٩، ١٢٠

حەمزاتۆف، ڕەسووڵ ٦٥

حەمەکەریم هەورامی ٩٩

حەننا مینە ٧

خ

خالید دلێر ٩٣

د

دافنشی، لیۆناردۆ ١٢٦

دالاس ٨٨

دڵشاد محەمەد ئەمین (مەریوانی) ٦١، ٩٣، ٩٤، ٩٥

دۆدیە، ئەلفۆنس ٧٩

دەستۆیفسکی ٥، ٣٥، ٦٠

دیکنز، چارڵز ٧٠

دیمیترۆف،جۆرجی ٦٤

دیۆجینۆس ١٠٣





ڕ

ڕۆب گریێ، ئالان ٧٢

ڕوسکین، جۆن ٦٠

ڕەئووف بێگەرد ٨، ٩، ١٠، ٥٨

ڕەئووف حەسەن ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦

د. ڕەحیمی قازی ٢٩، ١١٥، ١٢١

ڕیمارک، ئێریک ماریا ١٠

ز

زاهیر ئەحمەد سەوز ٩٧

س

سارتەر، جۆن پۆڵ ١٦، ٤٧

ساش، کزوان ٩

ساڵح جەبر ٩٨

ستانداڵ ٧٢

ستریندبێری، ئۆگوست ٤١

سکۆت، واڵتەر ١١٢

سەباح غالیب ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦،

سەعدوڵڵا پەرۆش ١٠٣، ١٠٤

سەعدی یوسف ٦٨

سەلاح شوان ١٠١، ١٠٢

سەلام محەمەد ١٠٢، ١٠٣

سەلام مەنمی ١٣٣، ١٣٥

سیگەرز، ئانا ٦٨

سیمۆن، سان ١٢٥

سینیکا ٥١

سێرڤانتس، میگوێل ٦٤

ش

شاکیر فەتاح ١١٥

شتاینباک، جۆن ٥، ٦

شوکور مستەفا ٤٣

شۆلۆخۆف، میخائیل ٨، ٦١، ١٠٨، ١١٠

شەکسپیر، ولیەم ٣٣، ٨٠

شەمران ئەلیاسری ٧٢

شەوکەتی حاجی موشیر ٥٥

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ٦٢

شێخ سەلام ٩٣

شێخ شەماڵ ٥٨

شێرزاد حەسەن ١٧

شێرکۆ بێکەس ٩٨، ٩٩

شێرکۆ ناکام ١٠٨

ع

ع. ب. پێنجوێنی (عەبدوڵڵا عەباس) ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١

عەبدولڕەحمان مونیف ١٠٥
عەبدولڕەحمان مەجید ئەلڕوبەیعی ١٠٠
عەبدولڕەززاق بیمار ١١١
عەبدولمەجید لوتفی ٥٤
عەبدولمەجید ماوەتی ١١٥
عەبدولوەهاب بەیاتی ٦٣
عەبدوڵڵا پەشێو ٥٧، ٦٢
عەبدوڵڵا سەڕاج ١٥، ١٦، ١٧
عەبدوڵڵا عەزیز خالید ,١٨ ١٩، ٢٠
عەبدوڵڵا میدیا ١١٥، ١١٨
عەزیز محەمەد ٥٨
عەلادین سەجادی ١١٠، ١١٥، ١١٧
عومەر عەبدولڕەحیم ١٢٨، ١٣٤، ١٣٥
عومەر مەعرووف بەرزنجی ٨٠، ١٠٩، ١١٠، ١١٥
ف
فاتیح قادر ٦٨
فازیل کەریم ئەحمەد ٤٥، ٤٧، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٨، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٤
فرۆم، ئێریک ١٢٦
فرۆید، سیگموند ١٣، ١٢٦
فریتاک، جۆرج ٢٠
فوئاد حەمەخورشید ٧٧، ٧٨
فۆکنەر، ولیەم ٣٨، ٦٥
فیشەر، ئارنست ١٠٨
فیلیپ، لویس ٥٦
ڤ
ڤالیری، پۆڵ ٨٤
ڤان گۆخ، ڤینسێنت ١٠٣
ق
قوبادی جەلی زادە ٥٨
ک
کافکا، فرانز ٦٦
کاکەمەم بۆتانی ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٦، ١١١، ١٢١، ١٢٤
کامۆ، ئەلبێر ٥٥، ٦٩، ٧١،
کامەران موکری ٩٣
کامیل ژیر ٩٩
د. کاوس قەفتان ٢٠، ٢١، ١١٠، ١١٥، ١١٧
کرمانی ١٤
کرۆچە ٦٧
کەریمی حیسامی ٤٣
کەمال تاهیر ٩٢





کەمال میرزا کەریم ٨٠
گ
گۆتە، یۆهان وڵفگانگ ڤۆن ٣٩
گۆرکی، ماکسیم ٥، ١٤، ٣٣، ٤٩، ٥١، ٥٦، ٦٨، ٨٤
گۆری، مزیا ٥٧
ل
لاڤارک، پۆڵ ٥٦
لۆکاش، جۆرج ٣٥، ٧٣
لۆناچارسکی، ئەناتۆڵی ٨٤
لەتیف هەڵمەت ٩٧
لێنین، فلادیمیر ٤٩، ٦٢، ١٠٨، ١٢٢
لەندەن، جاک ٥، ٥٣
م
د. مارف خەزنەدار ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٦١، ١١١، ١١٣
مارکس، کارڵ ٢٦، ٣٥، ٦٠، ٧٣، ١٢٢
مارکیز، گابریل گارسیا ٦، ٣٨، ٦٣، ٦٤، ٨٤
مەحموود دەرویش ٥٨
محەمەد حەمدی ٧٨، ٨٠، ٨٥، ٨٨، ٨٩
محەمەد ڕەسووڵ هاوار ٩٣
محەمەد زەفزاف ٥
محەمەد ساڵح دیلان ٩٣
محەمەد ساڵح سەعید ١١١، ١١٥، ١٢٣، ١٢٤
محەمەد فەریق حەسەن ٧٨
محەمەد موکری ٥٨
محەمەد مەولوود مەم ٦١
محەمەد نووری تۆفیق ٧٨
محێدین زەنگەنە ٥٤
مستەفا ساڵح کەریم ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ١١٢، ١١٤، ١١٨، ١٢٤
موپاسان، گی دی ٤٢
موحسین ئاوارە ١٠٤، ١٠٥
موزەففەر نەوواب ٦٢، ٦٨
مەدهۆش ٩٣
مەسیح ٤٩، ١٢٦
میداس ٤٥
ماکیاڤیللی، نیکۆڵۆ ١١
ن
نازم حیکمەت ١٤، ٦٧، ٦٨، ٩٢، ١٢٣
نووری وەشتی ٧٩، ٨٥، ٨٧
نەجیبە ئەحمەد ٩٦

نەوشیروان مستەفا ئەمین ٥٥
نیرۆن ١٠٣
نیزار قەبانی ٥٨
نیکیتین، باسیل ٦٧
و
وڵف، ڤیرگینیا ٣٨
ھ
ھەڵۆ بەگ ٥٧
ھۆرنی، کارن ١٢٦
ھەمەنگوای، ئارنست ٨
ھیگڵ، جۆرج ولیەم ١٢٥
ھیگۆ، ڤیکتۆر ٩٢
ھێمن ٢٨، ٤٣
ی
یۆنگ، کارڵ ١٢٦
یەشار کەمال ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٨٤
یەفتەشینکۆ ٢٣



ئەم بەرھەمانەی

**حەمەسەعید حەسەن**

لە دەزگای ‹**ئاراس**›ەوە بڵاو بوونەتەوە

(1) **قوڵپی پێکەنین**، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2004
(2) **شیعر و شمشێر**، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2004
(3) **هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا**، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2005
(4) **نووسین بەبێ وشە**، کۆشیعر 2004
(5) **ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن**، کۆشیعر 2004
(6) **هونەری ڕاوەژن**، ساتیرەچیرۆک 2004
(7) **ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم**، دیمانە 2004
(8) **کۆتر و پڵنگ**، بیر و بۆچوون 2005
(9) **لە گۆشەنیگای جیاوازەوە**، وەرگێڕان لە سوێدییەوە 2003

## ناواخن


قارەمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا ........................................ 5

‹پێکەنینی گەدا›ی حەسەنی قزڵجی ........................................ 28

ڕووخساری لە دەمەتەورێک دەچوو لە دەسکەکەی دەرپەڕیبێت ....... 45

ئەوی بدرەوشێتەوە مەرج نییە زێڕ بێت ........................................77

ئەو شاعیرانەی چیرۆک دەنووسن ............................................ 92

ژن لە چیرۆکدا ................................................................... 107

چەپکێک چیرۆک و گوڵدانێک سەرنج ..................................... 128

پێڕستی ناوەکان ................................................................ 136